PDKI eBook

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی شازدەیەمی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## کۆنگرەی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات»

١ تا ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی

www.kurdistanMedia.com



**PDKI** Media © 10 March **2018**

## پێشەکی

کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبەکەمان لە ڕۆژی ٨ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی پێکهات، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا زیاتر لە ٥ ساڵ تێدەپەڕێ، بەپێی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، کۆنگرەکانی حیزب چوار ساڵ جارێک دەگیرێ و بەو پێیە دەبوایە ساڵێک لەمەوبەر ئەم کۆنگرەیە پێکهاتبا، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تەشکیلاتی و تەکنیکی بۆ زیاتر لە ساڵێک دواخرا.

کادر و پێشمەرگە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەرەفمەندن کە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا، بە گیانبازی و بە کار و تێکۆشانی خۆیان، ئاڵای خەباتی حیزبەکەیان لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا هەروا شەکاوە ڕاگرت و بە سەربەرزییەوە گەیاندیانە کۆنگرەی شازدەهەم.

ئەو گیانبازی و کار و تێکۆشانە بە مانای شەهید و بریندار بوونی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگە، ئاوارەبوونی دەیان کەسی دیکە لە ئەندامانی چالاکی حیزبی و بنەماڵەکانیان و زیندانی کرانی ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی حیزب لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە.

بۆیە ئێمە لەو کۆنگرەیەدا، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدە سەربەرزانە و بنەماڵە تێکۆشەرەکانیان کە لە ڕێبازی شەهیدە خۆشەویستەکانیاندا هەنگاو دەنێن. بە ڕێزەوە دەڕوانینە خەبات و بەربەرەکانێی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە هەموو جێگایەک، بە تایبەت ئەندامانی نێوخۆی وڵات کە لەژێر زەبروزەنگی ڕاستەوخۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، چالاکتر لە پێشوو خەباتی خۆیان لە ڕاستای بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبەکەماندا، درێژە پێداوە و شانازیی زۆریان خوڵقاندووە.

سڵاو دەنێرین بۆ زیندانیانی سیاسی، بە تایبەت زیندانیانی سیاسیی کورد کە بە تاوانی ئازادیخوازی، لە ژیانی ئازاد بێبەش کراون.

ئێزن بدەن هەر لەو بارەوە، سڵاوی تایبەت بنێرین بۆ گیانی دوو هاوسەنگەر و هاوڕێمان، دوو ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب، شەهیدان کاوە جەوانمەرد کە لە بەربەرەکانێیەکی ڕووبەڕوو لەگەڵ هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و کاک چەکۆ ڕەحیمی کە بە هۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ لە باشووری کوردستان شەهید بوون.
هەروەها سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهید «هێمن مەولانزاد» نوێنەری هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی پێشمەرگەکان، کە لەو ساڵەدا و لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی لە نێوخۆی وڵات، بە گوللەی هێزەکانی ڕێژیم شەهید کرا.

بەداخەوە ئێستا ئەوشەهیدانە لە نێو ئێمەدا بە جەستە غایبن و کورسییەکانیان بەتاڵە، بەڵام وەک هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی نیشتمانەکەمان، جێگایان بۆ هەمیشە لە نێو دڵی ئەویندارانی ڕێبازەکەیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

پیرۆز بێ کۆنگرەیەکی وا بەهادار و شەرەفمەند لە بنەماڵەی شەهیدان، لە کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. پیرۆز بێ لە ئێوە هاوڕێیان، ئامادەبووانی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبەکەمان، کۆنگرەی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات».

## سیستمی جیهانی

خوێندنەوەیەک بۆ هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان و کاریگەرییان لەسەر داهاتووی هاوکێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران

## سەرکەوتنی ترامپ وەکوو (٤٥)ەمین سەرکۆماری ئامریکا



سەرەڕای پێشبینییەکانی زۆربەی چاودێر و ناوەندە ئەکادیمییەکان و هەڵسەنگاندنی ڕای گشتی، دۆناڵد ترامپ، وەک بەتەمەنترین سەرکۆماری ئامریکا هەڵبژێردرا. ئەوەی جێی سەرنجە و بووە هۆی ڕاکێشانی هەست و سۆزی دەنگدەرانی ئەمریکی، ئەوە بوو کە «ترامپ» بێجگە لە ڕکابەرایەتی لەگەڵ بونیادی حیزبی، ئابووری، حکوومەتی و ئیداریی ئامریکا، لەگەڵ هاوحیزبییەکانی

خۆیشی ڕووبەڕوو بووەوە. لە لایەکی تریشەوە بەشداریی بەرچاو و دوور لە چاوەڕوانیی ئەو سپیپێستانەی کە دەوترێت خاوەن بڕوانامەی نزمن، هەروەها دانیشتووانی دەرەوەی شارە گەورەکان لە لایەک و ڕێژەی بەشداریی کەمتری ڕەشپێستەکان و تەنانەت دەنگەکانیان بە ترامپ (ترامپ توانیی دەنگی گشتیی ٣٥٪ی سپیپێستەکان، ٨٪ی ڕەشپێستەکان، ٣٧٪ی گەنجان، ٥٣٪ی بەتەمەنەکان بەدەست بهێنێت)، هاوکێشە پێشبینی بۆ کراوەکان لە بەرژەوەندی و قازانجی «دۆناڵد ترامپ»، گۆڕانی بەسەردا هات. ئەوەش لە هەلومەرجێکدا بوو کە سەرکۆماری پێشووتر (ئۆباما) بە هیوای بەئاکام گەیاندنی دانوستانەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، سەبارەت بە پیتاندنی یورانیۆم بۆ دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی، کە بە وتووێژی وڵاتانی ١+٥ لەگەڵ ئێران ناوبانگی دەرکرد، جڵەوی بۆ ئەو ڕێژیمە بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و سووریە شل کرد تا بتوانێ بەدڵی خۆی نفووز و دەسەڵاتی لەو ناوچەیە سەقامگیر بکات و شکۆی ئامریکا بخاتە ژێر پرسیارەوە. سازانێک کە ترامپ بە خراپترین ڕێککەوتنی مێژووی وڵاتەکەی وەسفی کرد، بە جۆرێک کە هەر لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا، ئەو سازانەی بە شوورەیی و بە زەرەری ئامریکا لێکدایەوە و ڕایگەیاند: ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بێنێتەوە، ئەو ڕێککەوتننامەیە دەدڕێنێ و شکۆ بۆ ئامریکا دەگێڕێتەوە.

## ترامپ و یەکێتیی ئورووپا



هاوپەیمانیی نێوان ئورووپا و ئامریکا هەوراز و نشێوی تێدا بووە، بەڵام پەیوەندییە نزیکەکانی ئەم دوو هاوپەیمانە، هەر لە سەرەتاوە لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دامەزراوە: ١-ئورووپا و ئامریکا لەسەر زۆربەی بابەت و پرسەکان هاوڕان. ٢-لە ئەگەری ڕوودانی هەر قەیران یاخود کارەساتێک بۆ یەکێک لەم هاوپەیمانانە، پشت وپەنای یەکتر دەبن.

سەرکەوتنی «دۆناڵد ترامپ» لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەم هاوپەیمانییە مێژووییە. لانیکەم لە سەرەتادا ئەم نیگەرانییە لە ئارادا بوو کە بە هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترامپ، ئەم هاوپەیمانێتییە بۆ هەمیشە کۆتایی پێ بێت. ترامپ، زیاتر لەوەیکە بڕوای بە هاوپەیمانی و یەکگرتوویی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هەبێت، بڕوای بە دیوارکێشان و مەودای ئوقیانووسەکان هەیە و تا ئێستاش بەئاشکرا بۆ هەمووانی دەرخستووە کە ئەوەی بە لاوە گرینگە، وڵاتی ئامریکایە وەک ئەولەوییەتی سەرەکی.

ترامپ لە یەکێک لە وتارە گرینگەکانی خۆی لەبارەی سیاسەتی دەرەکییەوە ڕایگەیاند: «ئێمە چیتر ئامریکا یاخود خەڵکی ئەم وڵاتە، ڕادەستی ڕوانگەی هەڵەی بەجیهانیبوون ناکەین». لەم ڕوانگەیەشەوە، وڵاتی ئامریکا بە ڕێبەرایەتیی «ترامپ»، بە گەورەترین سەرچاوەی گرفت لە بەردەم ڕێکخستن، نەزم وسیستمی نوێی جیهانیی دانرا. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەش ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی دەکەین:

یەکەم؛ بەڵێن و گەرەنتییەکانی ئامریکا، چیتر جێگەی متمانە نین. «ترامپ» لە وتەکانی خۆیدا لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن، پرسی پشتیوانی و پاڵپشتیی ئامریکا لە وڵاتانی ئورووپای خۆرهەڵات، ئەندام لە پەیمانی ئەتلەنتیکی باکوور (ناتۆ)ی، بەتەواوی بردە ژێر پرسیارەوە و ڕایگەیاند: ئەگەر ئەو وڵاتانە بۆ پاراستنی خۆیان ڕێوشوێنی گونجاو نەگرنە بەر، ئەوە ئامریکا بۆ بەرگریکردن لێیان، کارێک ناکات. هەروەها «ترامپ»، لەبارەی سعوودیەش هەڵوێستی گرت و گوتی: سعوودیە، دەبێت بۆ ئاسایشی وڵاتەکەی، تێچوو و خەرجییەکانی بگرێتە ئەستۆ؛ هەروەها «ترامپ» وڵاتانی کۆریای باشوور و ژاپۆنی هان دا، کە بۆ بەرگری لە وڵاتەکەیان، خۆیان بە چەکی ئەتۆمی تەیار بکەن. «ترامپ» لەم ماوەیەدا، بەئاشکرا نیشانی داوە کە ئامریکا چیتر ئامادە نییە ڕۆڵی پۆلیس بۆ ئورووپا، ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا بگێڕێت، بەڵکوو وەک کۆمپانیایەکی تایبەتی بواری ئاسایش، خزمەتیان پێشکەش بکات.

دووهەم؛ «ترامپ» هەڵوێستێکی جیاوازی لەهەمبەر دامەزراوە جیهانییەکان گرتۆتەبەر. ئێمە پێشتر، لەگەڵ بۆچوون و ڕوانگەیەکی زاڵدا ڕووبەڕوو بووین، ئەویش ئەوە بوو کە ڕێکخستن و سیستمی لیبراڵیی جیهانیی، کە لە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم لە لایەن ئامریکاوە دروست کراوە، کەمتێچووترین ڕێگەی بەرگری و

پاراستنی بەها و بەرژەوەندییەکانی ئامریکایە، بەڵام «ترامپ» لە بنەڕەتدا، دژی ئەم بیرۆکەیە و بەتەواوی ڕەتی دەکاتەوە. هەروەک چۆن «جۆرج دەبلیو بووش»، دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتامبری ساڵی ٢٠٠١، هەڵوێستی خۆی لەبارەی دامەزراوە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان گۆڕی، «ترامپ»یش لەو بڕوایەدایە کە دامەزراوە جیهانییەکان، سنوور و بەربەستی لەڕادەبەدەریان بۆ ئازادیی کار و پلانەکانی ئامریکا دروست کردووە.

«ترامپ» تا ڕادەیەکی زۆر سەبارەت بە هەموو ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک «ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، ڕێکخراوی هاوپەیمانیی ئەتلەنتیکی باکوور (ناتۆ)، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یونسکۆ، ڕوانگەیەکی پێداچوونەوەخوازانەی گرتۆتە بەر و لە یونسکۆش کشاوەتەوە.

## چەند سیناریۆی ستراتیژیی یەکێتیی ئورووپا بەرامبەر بە سیاسەتی «دۆناڵد ترامپ»

یەکەمین ڕێوشوێنێک کە ئورووپا پێدەچێ بیگرێتەبەر، ئەوەیە کە گوشار و نفووزیان لەسەر ئامریکا زیاتر بکەنەوە. ئورووپاییەکان لەڕووی بڕیار و هەڵسوکەوتەکانی «ترامپ»ەوە، لەوە تێگەیشتوون کە دەیهەوێ وەکوو سەرکۆمارەکانی دیکەی ئامریکا، بەهێزەوە هەڵسوکەوت بکات و وەکوو دەرفەتێک بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات، کەڵک لە لاوازییەکانیش وەربگرێت. ئورووپا لە ئەزموونی عێراق فێری ئەوە بوو کە ئورووپایەکی نایەکگرتوو و پرشوبڵاو نفووزێکی ئەوتۆی لەسەر ئامریکا نابێت. هەر کاتێک کە وڵاتانی ئورووپایی سەبارەت بە پرسە جیاوازەکانی وەکوو پاراستنی بوار و کەرتی تایبەت، سیاسەتی کێبڕکێکارانە و «باج»، هاوئاهەنگ و یەکگرتوو کاریان کردووە، توانیویانە لە پێگەی هێزەوە لەگەڵ ئامریکا مامەڵە بکەن.

وڵاتانی ئورووپا، هەمان سیاسەتیشیان لە سیاسەتی ٥+١ لەسەر پرسی ناوکیی ئێران بینی. بەشێوەیەک کە دەوڵەتانی گەورەی ئەندامی یەکێتیی ئورووپا، توانییان بە نیشاندانی یەکگرتوویی و یەک هەڵوێستیی خۆیان، هەڵوێستەکانی ئامریکا لەبارەی پرسی ناوکیی ئێران بگۆڕن. بەم پێیەش، ئورووپاییەکان بەمەبەستی زیاترکردنی نفووزی خۆیان لەسەر ئامریکا، پرۆسەیەک بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی هەموو وڵاتانی ئورووپایی لەبارەی پرس و بابەتەکانی وەکوو ئاسایش، سیاسەتی دەرەکی، کۆچ و کۆچبەری و ئابووری، دەگرنەبەر. بەڵام لە بارودۆخێکدا کە ئورووپا بەتوندی گیرۆدەی لێکترازان و چەنددەستەیی بۆتەوە، بۆ نموونە فەڕانسە لە سەرهەڵدانی تێرۆریزم لەو وڵاتە نیگەرانە، لەهەستان هەست بە هەڕەشە و مەترسیی ڕووسیە دەکات، ئاڵمان بە هۆی ژمارەی زۆری پەنابەرانەوە، تووشی بارگرژی بووە و بریتانیاش بڕیاری داوە کە ڕێگەی خۆی لە دەوڵەتانی دیکەی ئورووپایی جیا بکاتەوە؛ چاوەڕوان دەکرێت لە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەم چەشنە، ڕووبەڕووی کێشە و تەنگ و چەڵەمەی زۆر ببێتەوە.

یەکێتیی ئورووپا، بەباشی لەوە تێگەیشتووە کە چیتر ناتوانێت بەرپرسیارێتیی پاراستن و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆی، بە وڵاتێکی وەک ئامریکا بسپێرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوە تا ئێستا یەکێتیی ئورووپا ڕێوشوێنێکی ئەوتۆی بە ئاراستەی کەمکردنەوەی مەودای نێوان پێویستییە ئاسایشییەکان و تواناکانی خۆی، نەگرتۆتەبەر. گرتنەبەری ڕوانگە و ڕێوشوێنێکی لەم چەشنە لە لایەن یەکێتیی ئورووپاوە، لەوانەیە زۆر ئەستەم بێ، بە هۆی ئەوەی کە ئێستا ئورووپا، لە نێوخۆیدا لەگەڵ هەندێ گرووپی لایەنگری ڕاستڕەو و توندڕەوی پۆپۆلیستیدا بەرەوڕووە. «ماریەن لۆپەن»، ڕێبەری پارتی ڕاستڕەوی توندڕەوی «بەرەی نەتەوەیی فەڕانسە»، لە یەکەمین ڕێبەرەکان بوو کە بە بۆنەی سەرکەوتنی «ترامپ» لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئامریکا، پیرۆزبایی لێ کرد.»ترامپ»یش لە یەکێک لە وتەکانیدا گوتوویەتی کە ئامریکا لە دوای «برێگزیت» (Brexit)، بریتانیا لە ئەولەوییەتی یەکەم و سەرەکیی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی خۆیدا جێ دەکاتەوە.

## دۆناڵد ترامپ و پرسە گرینگە دەرەکییەکان

بەگشتی دەتوانین سیاسەتی بەڵێنپێدراوی «ترامپ» لە ئاستی دەرەکیدا لە چەند خاڵدا کورت بکەینەوە:

- بەردەوامیی «ترامپ» لە شەڕی دژەتیرۆر و پابەندبوونی

بە لەنێوبردنی «داعش».

• ڕەخنە و دژایەتیی ترامپ و ڕاوێژکارە نزیکەکانی لە سیاسەتەکانی پێشووی ئامریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و زاڵبوونی ئێران لە ناوچەکەدا.

• ڕەخنە لە بەردەوامبوونی پاڵپشتی و پاراستنی وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت سعوودیە لە لایەن ئامریکا و داوای قەرەبووکردنەوەی ئەم پاراستنە بە پارەی خودی ئەو وڵاتانە. هەرچەندە وڵاتانی عەرەبی لەم دەربڕینە نیگەرانن، بەڵام پەیوەندییەکانی ئامریکا و ئەو وڵاتانە بەتایبەت سعوودیە، بەئاسانی تێکناچێت، چوونکە لەسەر بەرژەوەندیی دوولایەنەیە، بۆیە چاوەڕوان ناکرێت بەخێرایی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت.

• «ترامپ» هەر لە سەرەتاوە ڕێککەوتنی ناوکیی نێوان وڵاتانی ١+٥ لەگەڵ ئێرانی بە خراپترین ڕێککەوتنامەی مێژووی ئامریکا پێناسە کرد و وەکوو «کارەساتێکی تەواو» ناوی لێ برد؛ بۆیە ئەمە دڵەڕاوکێی بۆ ئێرانییەکان دروست کردووە و بەرپرسانی ئێران زۆر بەپارێزەوە دەڕواننە سیاسەتەکانی ترامپ و لەو پێوەندییەدا نیگەرانی داهاتووی ئەم ڕێککەوتنەن. هەرچەندە لە ئێستادا، بە هۆی بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و دۆخی ناوچەکە، پێشبینی ناکرێت ئامریکا ئەم ڕێککەوتنە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام ترامپ توانیویەتی لە توندترکردنی جێبەجێکردنی قەرارادەکە بۆ ئێران، هەروەها دانانی گەمارۆ و ئابلۆقەی نوێ بۆ سەر ئێران، قەرەبووی بکاتەوە.

• ڕەخنەی ترامپ لە کارامەیی و سوودمەندیی پەیمانی باکووری ئەتلەسی (ناتۆ) و بە بێکەڵک ناساندنی، نیگەرانیی بۆ ئوورووپاییەکان دروست کردووە، بەڵام پێناچێت ترامپ بتوانێت بە یەکجاری واز لەم هاوپەیمانییە بهێنێت و ئوورووپا بۆ ڕووسیە بەجێ بێڵێت.

• دژایەتیی توندی ترامپ لەهەمبەر کۆچبەران و موسوڵمانان (هەرچەندە پاشتر کەمێک ئەم قسانەی هەموار و نەرمتر کردەوە) و بانگەشەی دیپۆرت کردنەوە و سنووردارکردنیان و هەروەها دروستکردنی دیوارێک لە سنووری نێوان ئامریکا و مێکزیکدا، وای کردووە کە خەڵکی ئاسایی ئامریکا وا بیر بکەنەوە کە بەم کارەی «ترامپ»، کێشە ئاسایشی و ئابوورییەکان چارەسەر دەبن و لە لایەکی دیکەوە ئەم لێدوانانە دڵەڕاوکێی لەنێو موسوڵمانان و بیانییەکاندا دروست کردووە.

• هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنامەی پاریس (٢٠١٥) لەبارەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و ژینگە، کە لە نێوان ١٩٥ دەوڵەتدا واژۆ کرابوو یەکێکی دیکەیە لە خاڵەکانی نیگەرانیی وڵاتانی جیهان بەگشتی و ئوورووپاییەکان بەتایبەتی. چوونکە ئامریکا لە لایەک ڕۆڵی سەرەکیی لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنامەیەدا هەبوو و لە لایەکی تریشەوە بە دەرچوونی ئامریکا، پابەندبوونی دەوڵەتانی دیکە و داهاتووی ئەم ڕێککەوتنە دەکەوێتە مەترسییەوە.

• هاندانی بەرهەمهێنەرانی نەوتی ئامریکا (نەوتی بەردی-shale oil) بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیان، کاریگەریی لەسەر دابەزینی نرخی نەوت هەبووە. هەرچەندە لە کۆتاییدا، ئەوە پێوەری «خواست و خستنەڕوو»ە کە نرخی نەوت لە پاڵ قەیرانە ئابووری و ئاسایشییەکان، دیاری دەکات، نەک بڕیارێکی «دۆناڵد ترامپ».

• بەڵێنە ئابوورییەکانی «ترامپ» بۆ بەرزترکردنەوەی ئاستی داهات و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیانی ئامریکا و بەڵێنی چاکسازییە داراییەکان و هەنگاوەکانی لەو بوارەدا، تا ئێستا سەرنجی هاووڵاتیانی بۆ لای «ترامپ» ڕاکێشاوە؛ بۆ نموونە، ترامپ بەڵێنی ئەوەی داوە کە ٤٥٪ باج لەسەر کاڵا چینییەکان و ٣٥٪ لەسەر کاڵاکانی مێکزیک دادەنێت. هەروەها باسکردن لە پرسی هەڵوەشانەوەی پەیمانی بازرگانیی ئازادی نێوان وڵاتانی ئامریکای باکوور (ئامریکا، کەنادا و مێکزیک)، بۆ ئەوەی کاڵا و پیشەسازیی ئامریکایی توانای کێبڕکێی هەبێت و گەشە بکات، وایکردووە کە پرسی بازرگانیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، بکەوێتە مەترسییەوە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر پشکی بوورس و کۆمپانیاکان و بەگشتی بازاڕەکان داناوە.

## کورد و هەڵبژاردنی ترامپ

بۆ ئامریکاییەکان، پرسی کورد لە چوارچێوەی پرسە ئەمنی

و سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و ئەم پرسە بەپێی توانا و ئاستی چالاکیی کورد و گرێدراوبوونی لەگەڵ بەرژەوەندییە ئاسایشی و ئابووری و سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ئامریکا لە ناوچەکەدا پێناسە دەکرێت، بۆیە بۆ ئیدارەی نوێی ئامریکا، هێز و توانای چالاکیی خودی کورد، لە فاکتەر و هۆکارەکانی دیکە گرینگترە، بەم مانایە کە ئامریکا کاتێک دان بە ئەکتەرێکدا دەنێت کە ئەم ئەکتەرە بێتە بکەرێک لە پێشهات و ڕووداوەکاندا.

ئەوەی لەو پێوەندییەدا بۆ کورد گرینگە ئەوەیە کە؛ بتوانێت وەکوو دەرفەت و هەلێک بۆ بەهێزبوونی خۆی سوودی لێ وەربگرێت و وەکوو ئەکتەرێکی یەکپارچە، تەبا لە ڕووی سیاسی و بەهێز لە هاوکێشەکانی ناوچەکەدا (بەتایبەت ژێئۆپۆلیتیکی، ئاسایش و وزە) بمێنێتەوە و ڕۆڵ ببینێت.

## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا وخۆرهەڵاتی نێوەڕاست



• بەشداریکردن یا خود بەشدارینەکردنی ئامریکا لە شەڕی سووریە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لە لایەکەوە بە بارودۆخی سیاسی- ئابووریی نێوخۆی ئامریکا و لە لایەکی تریشەوە بە ستراتیژی و سیاسەتی گشتیی ئامریکاوە هەیە لەخۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا.

• لە ڕابردوودا ئەم ستراتیژییە، خۆی لە چەند تەوەرێکدا دەبینییەوە (هەرچەند ئێستایش ئەم تەوەرانە هەر جێگای بایەخن، بەڵام ئەولەوییەت و میکانیزمی دەستەبەرکردن و پاراستنیان گۆڕاوە)، لە گرینگترینیان دەتوانین ئاماژە بکەین بە:

• دەستەبەرکردنی ئاسایشی وزە(نەوت و گاز) و گواستنەوەی بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی.

• ڕێگەگرتن لە لاوازبوون و ڕووخانی دەوڵەتانی لایەنگر و هاوپەیمانی ڕۆژئاوا، بەم پێیەش بەرپرسیارێتی لە پاراستن و بەرگری لەو دەوڵەتانە.

• ڕێگەنەدان بە هاتنەسەرکاری ڕێژیم و حکوومەتی دژەڕۆژئاوایی لەخۆرهەڵاتی نێوەڕاست.

• ڕێگەگرتن لە دەستێوەردان و زیادبوونی نفووز و پێگەی دەوڵەتانی دیکەی سەرووهەرێمی وەکوو ڕووسیە و چین کە کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن و ئاسایشی وزە بخەنە مەترسییەوە (ئەم خاڵە لە ڕووی پێگەی ئابووری و لە ڕووی ستراتێژییەوە، بۆ ئامریکا زۆر گرینگە).

• ڕێگرتن لە سەرهەڵدان و بەهێزبوونی گرووپە تێرۆریست وتوندڕەوە مەزهەبی- ئیسلامییەکانی دژی ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانی ئامریکا لە ناوچەکە.

• هەوڵدان بۆ تێکنەچوونی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە، لە بەرژەوەندیی دەوڵەت یاخود چەند ئەکتەرێک پێکەوە.

• پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل لە ناوچەکە.

## ڕووسیە لە هاوکێشە ژێئۆسیاسییەکانی ناوچەکەدا

بە خوێندنەوەی ئەم ڕاستییانە، ڕووسیەی سەردەمی پووتین (Vladimir Putin) بەتایبەت لەپاش ساڵی ٢٠٠٧ەوە، هەوڵ دەدات بە تێپەڕاندنی ستراتیژیی سیاسەتی یۆرۆئەتلانتیکگەرایی و ئۆراسیاگەرایی، بۆ ئەوەی دووبارە پێگە و ڕۆڵی خۆی لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەدەستبێنێتەوە؛ بەو مانایەی کە قۆناخی ئیفلیجبوونی پێشووتر تێپەڕێنێت، کە لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان پەراوێز خرابوو. لەو ڕوانگەوە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ململانێ ژێئۆسیاسییەکانی ڕووسیە لەگەڵ ئامریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی لە ئاستی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە چوارچێوەیەکی ناسراو بە «فرەلایەنگەرایی» لە بری سیستمی فرەجەمسەردا، خوێندنەوەی بۆدەکرێت، بۆیە ڕووسیە هەوڵ دەدات کە ستراتیژی «پشت بە یەکتر بەستن لەسەر بنەمای فرەلایەنگەرایی» لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا پێڕەو بکات.

بەم مانایە کە لە گوشار و سنووردارییەتیی جاران لە ناوچەی «دەرەوەی نزیک»ـی خۆی ڕزگاری بێت و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان لەخۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەبەستێتەوە بە سازانی ئامریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی لە ناوچەکانی دیکەی جێگەی مشتومڕ و ململانێ لەگەڵ خۆی، وەکوو ئاسیای نێوەڕاست و قەوقاز و دەوڵەتانی ناوچەی باڵتیک و...هتد.

کەواتە ستراتیژیی ڕووسیە ئەوەیە کە هەم ببێتە «هێزێکی گەورەی مۆدێرن و بەشدار لە کاروباری جیهانی»و هەمیش وەکوو «هێزێکی گەورەی نێودەوڵەتی مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکات و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت».

لێرەوەیە کە ڕووسیە بۆ گەڕانەوەی دووبارە بۆسەر شانۆی سیاسەتی جیهانی بەپێی ستراتیژی دروستکردنی هاوپەیمانی بەرفراوان لە ناوچە جیاجیاکان ستراتیژیی نوێی خۆی جێبەجێ دەکات. لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەوڵ دەدات هاوسەنگییەک لەنێوان پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی سوننەی عەرەبی و ئیسرائیل و تورکیە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە ئێران و ڕێژیمی بەشارئەسەد لە سووریە و بزووتنەوە ڕادیکاڵە شیعەکان لەلایەکی دیکەوە دروست بکات کە ئەمەش ئاڵۆزی و کێشەی بۆ سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و تەنانەت خوێندنەوەی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتانی ناوچەکە دروست کردووە.

# ڕووسیە

## ڕووسیە و ئێران لە سووریەدا

ڕووسیە دەیهەوێ کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە نزیکبوونەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دوور بکاتەوە. بۆیە ئێرانیش بەدوودڵییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووسیە دەکات و هەوڵ دەدات بە شێوەی تاکتیکی (نەک ستراتیژی) بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکە و لە ململانێکانی لەگەڵ ئامریکا، دەستەبەر بکات. لێرەدا ئامانجی هاوبەشی ڕووسیە و ئێران، پاراستنی بەشار ئەسەد و ڕێگەگرتن لە زاڵبوونی لایەن و ئەکتەرە ناوچەیی و نێوخۆییەکانی سووریە لە سێناریۆی داهاتووی سووریەدا، یاخود لانیکەم ڕێگەگرتنە لە کۆنترۆڵی دەوڵەتی سووریە لە لایەن گرووپە سوننەکان و دژبەرانی ڕێژیمی ئێستای سووریە کە لە لایەن ئامریکا، تورکیە و سعوودییەوە پاڵپشتی دەکرێن.

## ڕووسیە و پەیوەندیی ئاڵۆز لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە



بە شێوەیەکی گشتی، لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت لە سووریەدا ئامانجی ستراتیژیک و درێژخایەنی ڕووسیە لەگەڵ ئێران، زۆر پێکناکۆکە، چوونکە ڕووسیە هاوکار و هاوپەیمانی دەوڵەتی ئیسرائیل و تەنانەت سعوودییە، هەر بۆیە ئێران ئەوە دەزانێت کە ڕووسیە ڕێگە نادات دواجار حیزبوڵڵای لوبنان ئەوەندە بەهێز زاڵ بێت کە هەڕەشە بۆ ئاسایشی ئیسرائیل دروست بکات. لە کاتێکدا حیزبوڵڵای لوبنان یەکێک لە گەورەترین گرووپەکانی لایەنگری ئێرانە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی ئەو گرووپەوە هاوکێشەکانی لە ناوچەکە ڕاست دەکاتەوە و مەترسییەکان لەسەر خۆی دوور دەکاتەوە.

لە لایەکی تریشەوە، ڕووسیە هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سعوودیە هەبێت و بەم پێیەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی ئیسلامیی عەرەبیی ناوچەکە دەپارێزێت. ئەم هاوکێشەیە لە کاتێکدایە کە ڕووسیە پاڵپشتی لە ئەسەد دەکات و سعوودیە و دەوڵەتانی عەرەبی ناوچەکەیش پاڵپشتی لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە؛ لێرەوەیە کە ڕووسیە ئەو سیاسەتە فرەڕەهەندە بەڕێوە دەبات. هەروەها ڕووسیە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیە، سیاسەتێکی چەندئاستی و فرەڕەهەند پەیڕەو دەکات. لە لایەک پەیوەندییەکی پتەوی ئابووری و بازرگانیی لەگەڵ تورکیەدا هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی تورکیە لە ئاسیای نێوەڕاست و قەوقاز دەدات؛ بە هۆی ئەوەیکە ڕووسیە ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی مێژوویی و نەریتی بە «حەوشەی پشتەوە»ی خۆی دەزانێت و کاریگەریی و ڕۆڵ و نفووزی تورکیە بە پێشینەی ئیسلامی- تورکی، دەتوانێت هاوکێشەکان لەو بەشەدا لە قازانجی تورکیەی ئەندامی ناتۆ بگۆڕێت.

ڕەهەندێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پرسی وزە لە نێوان تورکیە و ڕووسیەدا، کە ئەمەیش هەمدیسان، وادەکات ڕووسیە کاریگەریی لەسەر تورکیە هەبێت، بەڵام لە سووریەدا ڕێگە لە هەر پلانێکی تورکی دەگرێت کە دژی حکوومەتی بەشار ئەسەد بێت.

بەگشتی، ئەمە جگە لە کاریگەریی فاکتەر و پرسی وزە لە قەیرانی سووریەدا و هەوڵی ڕووسیە بۆ دروستکردنی توانای کۆنترۆڵی ئاسایشی گواستنەوەی وزە (بەتایبەت گاز) لە ناوچەکە بۆ ئورووپا و پاراستنی باڵادەستیی خۆی لەو بوارەدایە. بەم واتایە کە سووریە ئەو دەرفەتە دەداتە ڕووسیە، کە بتوانێت لە هاوکێشە ژێئۆستراتیژی و ژێئۆپۆلیتیکییەکاندا ئەو کارتە دژی ڕۆژئاوا بەکار بێنێت و دەوڵەتانی ئورووپا بۆ دابینکردنی وزە، گرێدراوی وزەی ڕووسیە بن؛ لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بە نەمانی ئەسەد و لەدەستچوونی پێگەی سەربازیی ڕووسیە لە سووریە، کۆی هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە.

## ڕووسیە و فاکتەری کورد لە هاوکێشە سیاسییەکاندا

ڕووسیە لەم هاوکێشەیەدا، بە کارتی کوردەکانیش یاری دەکات؛ بەو واتایە کە لە لایەک لە هاوکێشە سەربازی و سیاسییەکاندا دژ بە تورکیەی ئەندامی ناتۆ بەکاریان دێنێت و لە سووریەش پاڵپشتییان لێدەکات. لێرەدا ئامریکایش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە و هەروەها بە مەبەستی دروستکردنی پێگەیەک بۆ سیناریۆکانی داهاتوو و کەمکردنەوەی نفووزی ڕووسیە، یارمەتییان دەدات، بەڵام لە ڕاستیدا، بۆ ڕووسیە فاکتەری کوردەکان بە هۆی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچە کوردییەکان لە چوارچێوەی ئامرازێک بۆ ڕاستکردنەوەی باڵانسی هێز لە ناوچەکە، لەهەمبەر دەوڵەتانی نەیاری ڕووسیە گرینگیی هەیە؛ چوونکە لەو شوێنانەی کە ڕووسیە ناتوانێت ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکات و دەوڵەتانی ناوچەکە لاواز بکات، لە هاوکێشە سیاسییەکاندا کەڵک لە کارتی کوردەکان وەردەگرێت. بۆیە، جۆری ڕوانینی ڕووسیە بۆ پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتیی سیاسەت، ستراتیژی و پەیوەندیی ڕووسیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە کوردی تێدایە، واتە وەکوو فاکتەرێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ ناکات، بەڵکوو گرێدراو و درێژکراوەی سیاسەتی ڕووسیەیە لەهەمبەر ئێران و سووریە و تورکیە و عێراق. ئەزموونە مێژووییەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن؛ بەتایبەت لە باشووری کوردستان لە میانەی شۆڕشی ئەیلوول و ئاست و جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق.

بەم پێیەش، بە هۆی بارگرژی لە پەیوەندییەکانی تورکیە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەت لە سووریە و درێژەکێشانی شەڕ لەم وڵاتە و دروستبوونی هەرێمێکی فیدراڵ و نیمچە سەربەخۆی کوردیی نزیک لە «پەکەکە» لە سنوورەکانی تورکیە، کە لەوانەیە لە لایەن ڕووسیە و تەنانەت دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی وەکوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە پاڵپشتی و هاوکاری بکرێن، بەم پێیەش ئەردۆغان بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیەی دەزانێت، وایکرد کە تورکیە هانا بۆ سەرچاوەی ئەو پاڵپشتییە، واتە «ڕووسیە» بەرێت کە کاریگەری و نفووزی بەرچاوی لەسەر ئێران و حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سووریە هەیە. لێرەوەیە کە ڕۆڵی فاکتەری کورد و جۆری تێڕوانین، سیاسەت و تەنانەت ستراتیژیی ڕووسیە لە هەمبەر کورد دەردەکەوێت.

## سووریە و پرسە ستراتیژییەکانی ڕووسیە



ڕووسیە، تا ئەو کاتەی کە پرسی ئۆکراین و ئابلۆقە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا لە دژی بەردەوام بێت، درێژە بەم ململانێیە دەدات. ڕووسیە بۆی دەرکەوتووە کە هەر پاشەکشەیەک لەو ناوچەیەی ئێستا، کاریگەریی لەسەر پێگەی ڕووسیە لە ناوچەکانی دیکەی ژێر نفووزی دەبێت و بەتەواوی سنووردار و کۆنترۆڵ دەکرێت، بۆیە ڕووسیە لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ڕابردووی لە لیبی و عێراق و تەنانەت توونس، ئەزموونی وەرگرتووە. ئەمەش بەو واتایە دێت کە ڕووسیە بۆ ئەوەی دووبارە، ببێتەوە بە هێزێکی کاریگەری نێودەوڵەتی و لە ئورووپادا ڕێز لە پێگەی بگیرێت و بەرژەوەندیی دەستەبەر بکرێت، هەوڵ دەدات لە ناوچەکانی دیکەدا ئەم هاوکێشە و

دانوستاندنە، یەکلایی بکاتەوە.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ڕووسیە (بەتایبەت پووتین) بۆی دەرکەوتووە کە بە پاشەکشە لە سووریە، نەک ناوچەی «دەرەوەی نزیک»ی ڕووسیە پارێزراو نابێت، بەڵکوو ئامریکا دەرفەتی ئەوەی بۆ دەخولقێت کە دەست لە کاروباری سیاسی و نێوخۆیی ڕووسیەش وەربدات.

هەربۆیە لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ڕووسیەوە، پێویستە کێشە و ململانێکانی لێرەدا بەڕێوەبەرێت و پاش مسۆگەرکردنی ئەو دەسکەوتەی کە لە قازانجی ستراتیژی ڕووسیەیە، هەوڵی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا بدات. ئەمەیش نایەتەدی، تاوەکوو ڕووسیە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست(لێرەدا سووریە) خاوەن پێگە، ناوچەی نفووز و دەوڵەتی لایەنگر نەبێت، کە مانەوەی لەژێر دەسەڵاتی ڕووسیەدا بێت. کۆنترۆڵی بەندەری تەرتووس، ئەو ئامانجە ستراتێژییەی ڕووسیە دەستەبەر دەکات و ڕێگە نادات ناتۆ هەموو دەریای نێوەڕاست کۆنترۆڵ بکات و هێزی دەریایی ڕووسیە لە ئاوە گەرمەکاندا بێبەش بکرێت.

لێرەدایە کە ڕووسیە دەیهەوێت بە بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێکان لە سووریە، هاوسەنگیی هێز بگۆڕێت و لە پێگەیەکی بەهێزەوە لەسەر داهاتووی ئەسەد و دانوستانەکانی لەگەڵ ئامریکا ڕێکبکەوێت. بۆردومانی خەست و قورس، ئابلۆقە و کوشتاری خەڵکی سڤیل لە «حەلەب»، لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

## ئێران و سووریە و ناوچەکە

## پرسەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست



بەگشتی، کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەبارەت بە گۆڕانکارییە ژینگەییەکانی دەوروبەری خۆی، ترس و دڵەڕاوکێی ئەمنیی هەیە، بەتایبەت گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە و گوشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە، کە بەگشتی بریتین لە:

- هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ ئەفغانستان.
- هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ عێراق.
- بەرفراوان کردنی هێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە کەنداو.
- بەهێزکردنی هاوپەیمانێتیی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەی قەوقاز و ئاسیای نێوەڕاست.
- بەهێزکردنی هاوپەیمانێتیی دژی ئێران لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی.

لە ڕاستیدا، سووریە ڕۆڵی دەروازەیەکی هەبووە بۆ نفووز و دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەت بە مەبەستی دوورکەوتنەوەی مەترسییە ئەمنییەکانی سەر ئێران، کە گرینگترینیان بۆ کۆماری ئیسلامی، دەوڵەتی ئیسرائیلە. سووریە ئەو دەروازەیەیە کە وادەکات دەستی ئێران لە ڕێڕەوی ئەوەوە بگاتە لوبنان و فەلەستین و لە ڕێگەی حیزبوڵڵای لوبنان و بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی و تەنانەت حەماسەوە، بتوانێت هاوسەنگی بە قازانجی خۆی بگۆڕێت و ڕێگە لە ئیسرائیل بگرێت کە وەکوو گرینگترین هاوپەیمانی ئامریکا لە ناوچەکە، بیر لە هێرش کردن بۆ سەر ئێران بکاتەوە. بەم پێیەش، ئەوە ئێرانە کە دەتوانێت بە ڕاهێنان و پڕچەک کردنی ئەو گرووپە توندڕەوانە، هەڕەشە و مەترسی بێت بۆ سەر ئیسرائیل و تەنانەت لەم ڕێگەیەوە ئامریکایش ڕەنگە نەتوانێ بیر لە هەڕەشە خستنەسەر مانەوەی ئەم سیستمە سیاسییەی ئێستای ئێران بکاتەوە.

بەگشتی، ناکۆکییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل و پرسی فەلەستینییەکان، بووەتە هۆکاری زیاتربوونی نفووز و پێگەی ئێران لە ناوچەکە و هەروەها دروست بوونی قووڵاییەکی ستراتێژیک بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی سەربازیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران.

لە ڕەهەندێکی دیکەوە، ئێران پرسی ناسنامە سیاسی و مەزهەبییەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا و بەم پێیەش ڕادیکاڵیزمی مەزهەبی و گرووپە توندڕەوەکان لە سنوورەکانی ئێران و بەهێزبوونی گرووپە ڕادیکاڵە سوونەکانی دژی هێژمۆنی ئێرانی شیعی و هەروەها ئیسلامی سیاسیی سوونە، بە مەترسییەکی گەورە

دەزانێت بۆ سەر پێگە و نفووزی خۆی لە ناوچەکە و تەنانەت مانەوەی سیستمە سیاسییەکەی لە ئاستی نێوخۆییدا؛ بۆیە، ئێران هەوڵ دەدات ئەم هەڕەشەیە بکاتە دەرفەت و ئەم پرسە بکاتە پرسی هەموو دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان و تەنانەت ڕووسیە و ئیسرائیلیش.

گونجاوترین شوێنیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و هاوهەڵوێست کردنی ئامریکا و ڕووسیە، «سووریە»یە؛ لە لایەکەوە دوورخستنەوەی مەترسی ئەو دەوڵەتانە لەسەر خۆی و لەلایەکی دیکەوە ئەو گرووپە توندڕەوانە لە سنوورەکانی خۆی و لەمەش گرینگتر گۆڕینی ئاراستەی ئەولەویەتە ستراتێژییەکانی دەوڵەتان(بەتایبەت دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی) لەسەر مەترسی و هەڕەشەکانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە بۆ سەر پرسەکانی دیکە وەکوو تێرۆر و توندئاژۆیی مەزهەبی و ئایینی گرووپ و لایەنەکانی دیکە(بەتایبەت سوننە) لە ناوچەکە.

ئەمە جگە لە پرسە پەیوەندیدارەکان بە «ئاسایشی وزە» و هەوڵی ئێران بۆ کردنەوەی کۆریدۆرێکی گواستنەوەی وزە (نەوت و گاز) لە ڕێگەی ئێران-عێراق-سووریە بۆ ئۆرووپا و پووچەڵکردنەوەی ئابلۆقەکانی ئامریکا لە ڕووی گواستنەوە و ئاسایشی وزەوە و بەم پێیەش بەرزکردنەوەی پێگەی ژێئۆئێکۆنۆمیکی ئێران لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا.

## سووریە و هێڵی پێشەوەی بەرگری بۆ ئێران

لە لایەکی دیکەوە، چ لە ڕووی واقعی ئێستای هێزەوە و چ لە ڕووی وتە و دەربڕینە ڕوون و ئاشکراکانی خامنەیی و دەسەڵاتدارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بێت، ئەم هێڵە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بە هێڵی پێشەوەی بەرگری یاخود «هیلالی شیعی» دەناسرێت کە ڕۆڵی ژێئۆسیاسی و ستراتێژیکی بەرز و هەستیاری بۆ ئێران هەیە.

لێرەوەیە کە ئێران دەتوانێت هاوکێشەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە قازانجی خۆی بگۆڕێت، یاخود لانیکەم هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر خۆی دوور بخاتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ململانێکانی لەگەڵ تورکیەی سوونە، هەروەها دەوڵەتە سوونە عەرەبەکانی ناوچەکە بەتایبەت سعوودیە، کە ململانێی توندی ئایدیۆلۆژی و ژێئۆسیاسیی لەگەڵ ئێراندا هەیە، بەڕێوە دەبات. ئەمەیش توانا و وزە و هێزی سەربازی و ئابووری و تەنانەت سیاسیی ئەو دەوڵەتانە بۆ دژایەتی کردنی ڕاستەوخۆی ئێران، لاواز دەکات.

ئەمە بێجگە لەوەیکە لە کێشە و ململانێی ئێران و دەوڵەتانی ڕۆژئاواییدا لە دانوستاندن لەسەر پرسی پرۆگرامی ناوکیی ئێران، ڕۆڵ و نفووزی ئێران لە سووریە وەکوو کارتێکی گوشاری ئێران بەکار هات و بەم پێیەش مەترسییە جیددییەکانی هێرشکردنە سەر ئێرانی لە لایەن ئامریکا و ئیسرائیلەوە، پووچەڵ کردەوە. ئەمەیش گەورەترین سەرکەوتن و لە لایەکی دیکەوە ئەزموون بوو بۆ ئێران، کە بۆ ئەوەی مانەوە و ئاسایشی خۆی دەستەبەر و مسۆگەر بکات، پێویستە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی خاوەن پێگە، ڕۆڵ و نفووزی ڕاستەوخۆی سەربازی بێت، بەتایبەت لەو دەوڵەتانەی کە باوەڕوخیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا لە ناوچەکە و ئاسایشی ئیسرائیل هەیە و سووریەش باشترین بەڵگە و نموونەیە.

## نادڵنیایی لە ئاسایشی هەرێمی ئێران

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی سروشتی سیستمە سیاسییەکەی و سیاسەتی دەرەوەی و بەرژەوەندییەکانی، لە دڵەڕاوکێی ئاسایشیدا دژیت. بەم مانایە کە بەپێی دووری و نزیکی، چەند بازنەیەکی ئاسایشی بۆ خۆی پێناسە دەکات. بەم هۆیەشەوە ڕووداوەکانی ناوچەکە، بۆ نموونە شەڕی مووسڵ و بوونی هێزە ئامریکاییەکان لە ناوچەکە و هەروەها بەهێزبوونی هێزە سوونە عەرەبەکان و هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە، بۆ ئێران گرینگیی ژیانی هەیە.

بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری دەستێوەردانی ئێران لە دەوڵەتانی ناوچەکە لەڕێگەی هێزە نادەوڵەتی(وەکوو حووسییەکان، حەشدی شەعبی و حیزبوڵڵای لوبنان و... هتد) و دەوڵەتیە لایەنگرەکانی(عێراق و سووریە) و پەنابردنەبەر بەشداریی ڕاستەوخۆی سەربازی، پێویستە

لـە ڕوانگـەی ئـەم سیسـتمەوە لـە مەترسـی و هەڕەشـە ئاسایشـییەکانی تێبگەیـن.

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لێـرەدا ئـەم هەڕەشـە و مەترسییانە بەپێـی نزیکـی و دووریـی پێناسـەکراو لەلایـەن ئێرانـەوە دەخەینـەڕوو بـۆ ئـەوەی هـۆکاری هەسـتیاریی ئێـران لەمـەڕ ئـەو ڕووداو و پێشـهاتانە(بۆ نموونـە شـەڕی سـووریە و ئازادکردنـەوەی مووسـڵ) ڕوون بکەینـەوە.

## بازنەی یەکەمی ئاسایشی

ئـەم بازنـە ئاسایشـییە بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لـە دراوسـێکانی پێکدێـت کـە بەپێـی ئاسـتی هەڕەشـە و مەترسـیی هێـزە بێگانـەکان بـۆ ئێـران لـە ناوچەکـە و هەروەهـا سروشـتی بابـەت و پرسـە سیاسـی، ئابـووری و کولتوورییـەکان، دەبێتـە هـۆی خولْقاندنـی دەرفـەت یـان هەڕەشـە و کێشـە بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، ناوچـەی کەنـداو و عێـراق وەک دوو نموونـە لـە گرینگترینیانـن. هەرچەندە ئەفغانسـتان، پاکسـتان، تورکیـە و ناوچەی قەوقاز و ئاسـیای نێوەڕاسـت هـەر یەکەیـان بـە پلەی جیاواز خاوەن گرینگیـی سـتراتیژین بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، بـەڵام ناوچـەی کەنـداو وەک ناوچـەی(دەرەوەی نزیـک) لـە هێڵـی یەکەمـی سـتراتێژیی بەرگریـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێراندایـە. تایبەتمەندییەکانـی ئـەم ناوچەیـە بە شـێوەیەکە کـە دەرفەت یـان هەڕەشـەی زۆر بـۆ بەرژەوەنـدی و ئاسایشـی نەتەوەیـی ئێـران دەخولْقێنێت.

ئـەم ناوچەیـە بـە هـۆی دەوڵەمەنـدی لـە بـواری نـەوت و گاز، خاڵـی سـەرەکیی پەیوەندیـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لەگـەڵ جیهانـی دەرەوە بـووە و بـەم پێیـەش خاڵـی لاوازی ئاسایشـی بەرگـری، سیاسـی و ئابووریـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هەژمـار دەکرێـت.

## ئاسایشی کۆماری ئیسلامی و عێراق




لـە لایەکـی دیکـەوە عێراقیـش بەشـێکی دیکـەی هـەرە گرینـگ لـە بازنـەی خێـرای ئاسایشـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هەژمـار دەکرێـت. ئێـران گـۆڕانکارییە سیاسـییەکانی عێـراق بـە تایبـەت پـاش سـاڵی (٢٠٠٣) و پرسـە ئایدۆلـۆژی و ئاسایشـییەکانی بـە بەشـێکی جیانەکـراوە لـە ئاسایشـی نەتەوەیـی خـۆی دەزانێـت. هەروەهـا پرسـە هەڵپەسـێردراوەکانی ڕێککەوتننامەی سـاڵی (١٩٧٥)ی ئەلجەزائیـر لـە نێـوان ئێـران و عێراقـدا، پرسـە چارەسـەرنەکراوەکانی سـەردەمی شـەڕی هەشـت سـاڵەی نێوانیـان، ڕۆڵـی هێزەکانی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئامریکا لـە عێـراق و پێکهاتـەی سیاسـی نەتەوەیـی و ئایدۆلـۆژی و مەزهەبـی لـە عێـراق، هەموویـان بـۆ ئاسایشـی نەتەوەیـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران زۆر گرینگـن.

بۆیـە ئێـران هـەوڵ دەدات لـە کورتخایەنـدا لـە نێـوان فاکتەرەکانـی ژێئۆپۆلۆتیـک و ئایدۆلۆژیـادا، جـۆرە هاوسـەنگییەک دروسـت بـکات، هەرچەنـدە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، لـە عێراقدا هەوڵـی بەهێزکردنی شـیعەکان بـۆ کۆنترۆڵی ناوچەکە دەدات. بەگشـتی سیاسـەتی دەرەوەی کۆمـاری ئیسـلامی ئێران لـە عێراق، پاش سـاڵی (٢٠٠٣) دوو تـەوەر لەخـۆ دەگرێـت:

ئا سیاسـەتی ناسـەقامگیرکردن و لاوازکردنی عێـراق: بە هۆی ئەوەیکـە عێـراق لـە سـاڵانی پێشـوودا بـە هـۆی فاکتـەری وزە، پێکهاتـەی دانیشـتوان و جوگرافیـای سیاسـی و... هتـد، سـەرچاوەی هەڕەشـە و مەترسـی بـووە بۆ سـەر ئێـران، بەڵام بـە سیاسـەتی ناسـەقامگیرکردنی عێـراق، ئـەم ناسـەقامگیریە وادەکات کـە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران توانای دەسـتێوەردان و نفـووزی لـە عێراقـدا هەبێـت و هەڕەشـەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئامریـکا بـە هـۆی ئـەم ناسـەقامگیرییە بـۆ سـەر کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران کەمـتر بکاتـەوە.

## • ب • سیاسەتی سەقامگیریی ڕێژەیی

ئێـران بـڕوای وایـە کـە بـە هـۆی باڵادەسـتیی شـیعەکان لـە عێـراق دەتوانرێـت مەترسـی و هەڕەشـەکان لـە سـەر ئێـران کـەم بکرێتـەوە و هاوسـەنگییەکی ڕێژەیـی لـە نێـوان کـورد، سـوننە و شـیعە لـە بەرژەوەندیـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێراندایـە. چوونکـە ئەگـەر هاوسـەنگی و ناسـەقامگیری لـە کۆنتـڕۆڵ دەربچێـت، بـە هـۆی نفـووزی وڵاتانـی سـوننە و سـەربەخۆییخوازیی کـوردەکان و ڕۆڵـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئامریـکا لـە عێـراق، ئـەوە هەڕەشـە و مەترسـی بـۆ سـەر ئاسایشـی ئێـران دەبێـت.

## بازنەی دووهەمی ئاسایشی:

• ئەم بازنەیە ژینگەیەکی دوورتری ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێکدێنێت، کە بۆ نموونە سعوودیە، تورکیە، سووریە، لوبنان، ئۆردۆن و فەلەستین و...هتد، لە خۆدەگرێت.

سیاسەتی ئێران لەو ناوچانە بۆ بەهێزکردنی توانای کۆماری ئیسلامیی ئێرانە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە بازنەی خێرای ئاسایشی ئێراندا، هەربۆیەش هاوپەیمانیی سووریە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕوانگەی ئاسایشی و بەرژەوەندییەکانی ئێرانە بۆ سڕینەوەی هەڕەشە و مەترسییە هاوبەشەکانی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، یاخود پاڵپشتی لە حیزبوڵڵا لە لوبنان، هەروەها پشتیوانی لە بزووتنەوەی حەماس لە فەلەستین.

• لێرەدا دەتوانین بڵێین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئایدۆلۆژیا کەڵک وەردەگرێت بۆ بەرژەوەندی و ئامانجەکانی کە فۆرمێکی ڕیئالیستی وەردەگرێ، بەڵام لە ڕاستیدا، ناسنامەیی و ئایدۆلۆژیکییە.

گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، بووە هۆی ئەوەیکە مەزهەبی شیعە وەکوو هێزێکی کاریگەر دەربکەوێت و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمەی بەرجەستە کردووە، هەر لە ڕووخانی سەدام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣) تا جەنگی سی‌وسێ ڕۆژەی حیزبوڵڵا لە لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی (٢٠٠٦)دا، گۆڕانکاریی ژێئۆپۆلێتیکی لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست کردووە.

لە ڕوانگەی وڵاتانی سوننە و نوخبە سیاسییەکانیانەوە، ئامرازی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ نفووز و کۆنترۆڵی ناوچەکە، گرووپە شیعەکانی لایەنگری ئێرانن لە ناوچەی کەنداو عێراق، سووریە، لوبنان، بەحرەین، سعوودیە و...هتد. گرینگی و هەستیاریی ئەم ناوچانە بە تایبەت لە ڕووی ئاسایشی وزەوە، ئەم پرسەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاش زۆر هەستیار کردووە.

• بۆ نموونە مەلیک عەبدوڵڵای دووەم پاشای ئۆردۆن، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا ڕایگەیاند کە هیلالی شیعی مەترسییەکە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەخاتە ژێر هەڕەشەوە. هەروەها وەزیری دەرەوەی ئۆردۆنیش مەترسیی دروستبوونی هیلالی شیعی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆ کۆنترۆڵی عێراق، سووریە، لوبنان، سعوودیە، بەحرەین و... هتد، دووپات کردەوە.

## تورکیە و ئاسایشی ئێران



دەوڵەتی تورکیەش لە ناوچەکە دەکەوێتە نێو ئەو بازنە ئاسایشییەوە و پەیوەندییەکانی تورکیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای هاوسنووری، بەردەوام لە نێوان هاوکاری و ململانێ و کێبڕکێدا هاتوچۆ دەکات، دەتوانین بڵێین کە گرینگترین فاکتەرە کاریگەرەکان لە پەیوەندییەکانیاندا بریتین لە :

• دەرهاویشتەکانی شەڕی دووهەمی کەنداو ساڵی (١٩٩٠) و شەڕی سێیەمی کەنداو ساڵی (٢٠٠٣) لە ناوچەکە.
• کێبڕکێ لە نێوان تورکیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەی قەوقاز و ئاسیای نێوەڕاست.
• کاریگەریی پەیوەندیی تورکیە و ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و ناتۆ.
• فاکتەری نەتەوەیی کورد و تورک لە هەر دوو وڵات، هەروەها ئیسلامگەرایی و ئایدۆلۆژیا.
• گۆڕانکارییە سیاسییە نێوخۆییەکانی تورکیە، هەروەها گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران (هەرچەند سنووردار).
• ڕووداوی یازدەی سێپتامبری (٢٠٠١) و شەڕی دژە تێرۆر و باڵادەستیی ئێران و ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا.
• کێشەی ئاو بەتایبەت لە ئێستادا کە ئێران لەگەڵ وشکەساڵیی زۆر جیددی بەرەوڕوو بۆتەوە.

ململانێ ژێئۆپۆلۆتیکییەکانی نێوان تورکیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران، جگە لە پرسی ئایدۆلۆژیای جیاوازی زاڵ لە سیستمی سیاسیی هەردوو وڵاتدا، کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانیان هەبووە. ئەمە بێجگە لە پرس و دڵەڕاوکێ هاوبەشە ئاسایشییەکانیانە، بۆ نموونە لەسەر پرسی کورد و بەهێزبوون و بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان-عێراق کە بە پیلانی هاوبەش لەدژی هەرێم

توانییان ئەم مەترسییە لەسەر خۆیان لە کورتخایەندا دوور بکەنەوە.

بەڵام هەوڵەکانی تورکیە بۆ ئەندامەتی لە یەکیەتی ئۆرووپا و رۆڵی لە ناتۆ و هەوڵەکانی بۆ بەهێزترکردنی خۆی لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەویی لە لایەک، هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە لایەکی ترەوە، کاریگەریی لەسەر ئەم پەیوەندییانە هەبووە. ئەمە جگە لە مەترسییەکانی بەهێزبوونی ئێرانێکی ئیسلامی شیعی و فاکتەری هیلالی شیعی لە ناوچەکە بۆ تورکیە(بۆ نموونە پرسی ئێستا و داهاتووی سووریە).

## سعوودیە و ئاسایشی کۆماری ئیسلامی



سعوودیە لە رێکخراو و دامەزراوە جیاجیاکاندا وەکوو: رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی، یەکیەتیی عەرەب، ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو بزووتنەوەی بێلایەنەکان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنگی بۆ ئەو بریارانەی کە لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرچووە داوە. بە گشتی خاڵە ناکۆکەکانی سعوودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چەندین پرسدا خۆی دەبینێتەوە، وەکوو: بانگەشەی رێبەرایەتیی جیهانی ئیسلام، پرسی سەرچاوەکانی وزە (نەوت و گاز) و هەناردە کردنی کە لەگەڵ سیاسەتەکانی وزەی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکناگرێتەوە، هاوپەیمانییەتی سعوودیە لەگەڵ رۆژئاوا بە گشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە تایبەتی، لە بوارە جیاجیاکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی، هەروەها رۆڵی سعوودیە لە دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامی لە ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو و مەترسییەکانیان لە بەهێزبوونی ئێران.

هەروەها ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان وەکوو لەناوچوونی رژێیمی سەدام حوسێن و پاڵپشتی و پشتیوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەسەڵاتی شیعەکانی عێراق لە لایەک و پاڵپشتی لە سوننەکان لە عێراق لە لایەن سعوودیەوە، خاڵێکی دیکەی جێگەی ناکۆکییە.

ترس و دڵەڕاوکێی سعوودیە لە هاندانی شیعەکانی ئەم وڵاتە دژی سیستمی دەسەڵاتی سوونەی سعوودیە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە خاڵێکی دیکەی جێگەی ناکۆکییەکانە. پرسی چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینییەکان کە هەر دوو دەوڵەت گۆشەنیگا و ئامانج و بەرژەوەندی و مەبەستی تایبەتی خۆی تێدا هەیە. بۆ نموونە سعوودیە پاڵپشتی لە پرۆژەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان دەکات کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و بە گشتی رۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پاڵپشتی و چاوەدێریی دەکات. ئەمەش لەگەڵ سیاسەتەکانی دژایەتی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ناگونجێت. لەلایەکی دیکەوە پاڵپشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بزووتنەوەی حەماس لە فەلەستین لە رووی دارایی و چەکەوە، یاخود لە رووی سیاسییەوە، جێگەی نیگەرانیی سعوودیە کە خوازیاری بینینی رۆڵی گەورەترە لە پرسەکانی ناوچە و بەتایبەت لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، «هەرچەند بە ئاشت بوونەوەی حەماس لەگەڵ رێکخراوی فەتح و یەکگرتنەوەی ئیدارەی بەڕێوەبەریی غەززە و فەلەستین لەم دواییانەدا، خەریکە ئەو فاکتەرە بە زەرەری ئێران دەگۆڕێ» یاخود ناکۆکیی سعوودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پرسی لوبنان و پاڵپشتیی ئێران لە گرووپە توندڕەوەکان، وەکوو حیزبوڵڵا لە دژی هێزەکانی دیکەی لایەنگری رۆژئاوا و سعوودیە. پرسی سووریە و پاڵپشتیی ئێران لە حکومەتی ئەسەد لەلایەک و پاڵپشتیی سعوودیە لە هێزە سوننەکان خاڵێکی تری جێگەی بارگرژی و ململانێی نێوانیانە.

یەمەن و پاڵپشتیی ئێران لە حووسییەکان لە ناوچەیەک کە بە حەوشەی پشتەوەی سعوودیە هەژمار دەکرێت، دەربڕی ئەو راستییەیە کە سعوودیە لەبەهێزبوون و نفووزی ئێران لە ناوچەکە هەست بەدڵەڕاوکێی ئاسایشی دەکات، بۆیە سعوودیە بەهیچ شێوەیەک رێگە نادات ئێران لەو ناوچەیەی نزیکی خۆی باڵادەست بێت.

## ئێران و هەرێمی کوردستان-عێراق:

• ١. فاکتەری وزە (نەوت و گاز)، بووەتە هۆی ئەوەیکە پێگەی هەرێم بەرز بێتەوە و لە هاوکێشە ژێئۆئێکۆنۆمیک و ئاسایشیە ناوچەیی و تەنانەت نێونەتەوەییەکاندا

(بەتایبەت بۆ داهاتوو) حیسابی بۆ بکرێت. ئەمەش بۆ هەرێم بوو بە خاڵێکی بەهێز، بەڵام لە هەمان کاتدا لە لایەن ئێرانەوە بە هەڕەشە و دەرفەت هەژمار دەکرێت. ئابووریی ئێران گرێدراوی داهاتی هەناردەکردنی نەوت و گازە و هەندێک جار ئەمەی وەکوو کارتی گوشار لە هاوکێشە سیاسییەکاندا بەکار هێناوە، بەڵام بە هۆی ئابلۆقەکانی سەر ئێران و بارودۆخی نالەباری ئابووریی ئێران لە نێوخۆ و تێچووە سەربازییەکانی ئێران لە ئاستی ناوچەیی، پێویستیی بە داهاتی زیاترە لەم بوارەدا، بەڵام بە هۆی ئەوەیکە سەرەکیترین سەرچاوەی دارایی ئێران هەناردەکردنی نەوت و گازە، دەوڵەتانی دیکە ئەم خاڵە وەکوو کارتی گوشار دژی ئێران بەکاردێنن. باشترین نموونەش سیاسەت و هەڵوێستی سعوودیە لەهەمبەر سیاسەتی نەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

• لێرەوە ئەم خاڵە پێش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبر ببوو بە هۆی ئەوەیکە هەرێمی کوردستان وەکوو ڕکابەری ئێران و فاکتەرێک بۆ زیانی ئابووریی زیاتری ئێران لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە وەکوو جێگرەوە (بەدیل) بۆ وڵاتانی بەکارهێنەری نەوت و گازی ئێران، بەتایبەت تورکیە و یەکیەتیی ئۆرووپا لە ڕووی گازی سروشتییەوە، ڕۆڵ ببینێت. ئەم فاکتەرە وادەکات کە ئێران بێجگە لە زیانی ماددی، لە ڕووی سیاسی و تەنانەت ئاسایشییەوە زەرەرمەند بێت (یەکیەتیی ئورووپا پێویستیی بە ئێران نەدەما[یا کەمتر دەبوەوە] و هەروەها تورکیاش، کە ئێستا بە قەبارەی ساڵانە ٧.١٣ میلیارد دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەگەڵ ئێراندا هەیە، لە ڕووی هاوسەنگییەوە لە ناوچەکە پێگەی بەرزتر دەبوەوە) بەڵام دوای ١٦ی ئۆکتۆبر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەتەواوی گۆڕا.

بۆیە، ئێران بە مەبەستی گوشارخستنەسەر هەرێمی کوردستان، هەوڵی دا بە هەموو شێوەیەک لە ڕێگەی بەغداوە ڕێگری لە هەرێمی کوردستان بکات و بەربەستی بۆ دروست بکات و ئەو گوشارە بە بیانووی گشتپرسیی دانیشتوانی هەرێم بۆ سەربەخۆیی، بەشێوەی سەربازیش جێبەجێ کرا و لە ١٦ی ئۆکتۆبری ١٣٩٦(٢٠١٧)، بەغدا هێرشی کردە سەر کەرکووک و بۆ جارێکی دیکە دەستی بەسەر ناوچە جێناکۆکەکاندا گرتەوە کە چاڵە نەوتییەکانی هەرێمیش لەو بەشانە هەڵکەوتبوون و بەم هۆیەوە دوای ١٦ی ئۆکتۆبر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستانی عێراق بەتەواوی گۆڕا و ئەگەر بۆ ماوەی کاتیش بووبێ، نیگەرانییەکانی ڕێژیم لەپێوەندی لەگەڵ هەرێم ڕەوییەوە، بەڵام ئێران بۆ درێژخایەن ئەو نیگەرانییانەی هەروا بەردەوام دەبن، هەربۆیەش لە پیلانگێڕی بە مەبەستی هەرچی زیاتر لاوازبوونی هەرێم لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت لە بواری ئابووریی سەربەخۆ، ڕاناوەستێ.

## ئێران لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا



• ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نزیک بە چوار دەیە لەوەپێش، بە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ئەم ڕێژیمە لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی شیعەی ویلایەتی فەقیه دامەزراوە، کە وەلی فەقیه خۆی بە نوێنەری ئیمام مەهدی، ئیمامی دوازدەهەمی شیعە دەزانێ و لەم گۆشەنیگایەوە وەلی فەقیه بەشێوەی ناڕاستەوخۆ نوێنەری خواوەندە لەسەر زەوی و حکوومەتەکەی حکوومەتی ئاسمانییە؛ هەربۆیەش لەو سیستەمەدا وەلی فەقیه بە ڕێبەری موسوڵمانانی جیهان دەناسرێ و یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم حکوومەتە، هەناردەکردنی شۆڕش بۆ هەموو جیهان بە تایبەت بۆ ئەو وڵاتە ئیسلامییانەیە کە زۆربەی خەڵکەکەی ئیسلامی غەیری شیعە پێڕەو دەکەن، تا بەم شێوەیە دەسەڵاتی خۆی لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی(شیعە) زاڵ بکا و ئیمپراتۆرییەکی ئیسلامیی شیعە دابمەزرێنێ.

دەرکەوتەی ئەو ئیدئۆلۆژییە، دەسەڵاتێکی پاوانخوازە کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەموو ئەوانەی جیاوازییەکی هەرچەند کەمیشیان لەگەڵ بۆچوونە فەرمییەکانی دەسەڵات هەبێ، بە دژی شۆڕش، دژی ئیسلام و بەکرێگیراوانی دوژمنانی ئیسلام ئەژمار دەکرێن و نەتەنیا لە مافی ئازادی، یەکسانی، کار و ژیانێکی ئاسایی بێبەش کراون، بەڵکوو تەنانەت مافی ژیانیشیان لێ دەستێنێتەوە. تا ئێستا هەزاران کەس لەو جیابیرانە لە سێدارە دراون، ژمارەیەکی بەرچاو لە زیندانەکانی ڕێژیمدان و بە میلیۆنان کەسیان پەڕیوەی هەندەران بوونە.

بە هۆی ئەوەی بنەما ئیدئۆلۆژییەکانی ئەم ڕێژیمە لەگەڵ هیچیەک لە پرەنسیپ و ئووسوولە ناسراوەکانی

سەردەم تەبا نییە، دانیشتووانی ئێران لەگەڵ هەژاری، بێکاری، نەبوونی ئاسایش و گەلێک ئاریشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بەرەوڕوو بوونەتەوە. سیاسەتی دەرەکیی ئەم ڕێژیمەش هۆی سەرەکییە بۆ پەرەگرتنی تێرۆریزم و ناسەقامگیری، کوشتار و کاولکاری لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە جۆرێک کە ئەم دیاردانە لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لە زیادبوونە.

ڕووداوەکانی پێنج ساڵی ڕابردوو کە لە کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(ڕەزبەری ١٣٩١ ی هەتاوی) تاکوو ئێستا درێژەی هەیە، بە ئاراستەی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی ڕێژیم بووە، کە بەداخەوە ڕێژیم توانیویەتی خێراییەکی زیاتری پێببەخشێ.
لەم بەشەدا تێدەکۆشین هەرچەند بە کورتیش بووبێ، ئاوڕێک لە ئاکامە نالەبارەکانی ئەم سیاسەتانەی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا بدەینەوە:

## دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دەرەوە

دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خۆی لە ئیدئۆلۆژی و بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیدا دەبینێتەوە. ڕێژیم لەو باوەڕەدایە کە «یاسای ڕەچاوکردنی ناوەڕۆکی ئیسلامیی شۆڕشی ئێران... بەستێنی بەردەوامیی ئەو شۆڕشە لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات دەڕەخسێنێ»(١) و ئەرکی ئەرتەش «نەک هەر پاراستنی سنوورەکان، بەڵکوو جیهاد لە ڕێگای خودا و هەوڵی پەرەپێدانی حاکمییەتی یاسای خودا لە جیهانیش لەخۆدەگرێ»(٢). بەم شێوەیە دەبینین کە دەستوەردان لەژێر ناوی «هەناردەکردنی شۆڕش»، لەم ڕێژیمەدا بنچینەیی و بەیاسایی کراوە. ئەگەر لە سەرەتاکانی بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، لەم بارەوە نهێنیکاری دەکرا، ڕێژیم لە ئێستادا بە ئاشکرا ئەو بەرنامەیە دەباتە پێش و بەرپرسانی ڕێژیمیش لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا ڕاشکاوانە ئەم بابەتە دەووروژێنن.
عەلی یوونسی، یاریدەدەری تایبەتی سەرکۆمار ڕۆحانی لە کاروباری (اقوام) و کەمایەتییە ئایینیەکان، دەڵێت: «لە ئێستادا عێراق نەک بە تەنیا حەوزەی شارستانیەتی نفووزی ئێمەیە، بەڵکوو شوناس، کولتوور، ناوەند و پێتەختی ئێمەیە». بەپێی ئاژانسی هەواڵدەریی فارس، عەلی ئەکبەر ناتق نووری، سەرۆکی پێشووی نووسینگەی بازرەسیی عەلی خامنەیی، سپاسی خامنەیی کردووە بۆ دەستوەردانی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و گوتوویەتی: «ئەگەر ئاڵوگۆڕەکانی عێراق لە لایەن خامنەییەوە ئاراستە نەکرابا، ئەگەری تێکهەڵچوون لە نێوان بەرپرسانی ئەو وڵاتە لە ئارادا بوو».

ڕێژیم هۆکاری دەستوەردانەکانی خۆی لە سووریە، بۆ خواست و داواکاریی بەشار ئەسەد ،سەرکۆماری ئەم وڵاتە گەڕاندووەتەوە. سەرباری ئەم پاساوەش، بەرپرسانی ڕێژیم لە چەند ساڵی ڕابردوودا جەختیان کردووەتەوە کە ئەوان تەنیا لە ڕووی ڕاوێژکارییەوە یارمەتیی حکوومەتەکەی ئەسەد دەدەن. هەرچەند ژمارەیەک لە ناوەندە هەواڵدەرییەکان، هەر لە دەسپێکی سەرهەڵدانی قەیرانی سووریەوە، هەواڵی بەشداریی هێزەکانی سپای پاسدارانیان لە شەڕی دژ بە خەڵکی سووریە ڕاگەیاند، بەڵام بەرپرسانی ئێرانی لەو پێوەندییەدا بێدەنگ بوون یان ئەو هەواڵانەیان ڕەد دەکردەوە. دواجار بەرپرسانی ڕێژیم بۆخۆیان دانیان بە بەشداری کردنیان لە شەڕی سووریە و کاولکاری و کوشتاری خەڵکی ئەم وڵاتەدا نا، بەڵگەش بۆ ئەوە، ژمارەی زۆری کوژراوەکانی ئێران بوو لە شەڕی سووریە و چیدی بۆ شاردنەوە و حاشالێکردن نەدەبوو. محەممەد عەلی شەهیدی، سەرۆکی «بونیادی شەهیدی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران» دەڵێ: «ئێستا ژمارەی شەهیدانی (بەرگریکاری حەرەم)(٣) لە وڵاتەکەمان لە یەکهەزار شەهید تێپەڕیوە».(٤). لە بانەمەڕی ئەمساڵیشدا(١٣٩٦) ئاژانسی هەواڵدەریی ئیسنا لە زاری عەینوڵڵا تەورێزی، جێگری پێشووی فەرماندەی سپای پاسدارانی مازەندەران، باسی لە کوژرانی لانیکەم ١٢٠٠ شەڕکەری ئێرانی لە شەڕەکانی چوار ساڵی دوایی لە سووریە کردووە.

ڕێکخراوی چاوەدێریی مافی مرۆڤ، ٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٩ی ژانویەی ٢٠١٦) لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا، باس لە ناردنی هەزاران کەس لە پەنابەران و ئاوارەکانی ئەفغان بۆ شەڕی سووریە دەکات کە هێندێکیان بە زۆر و هێندێکی دیکەیان بە دڵخوازی خۆیان بۆ بەشداری لەو شەڕەدا بەڕێ کراون، بەڵام ئەمانە تەنیا یارمەتی و دەستوەردانێک نییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە

سووریەدا دەیکات، بەڵکوو یارمەتییە داراییەکانی زۆر لەو یارمەتییە سەربازییانە گرینگتر و شوێندانەرترە کە بۆ حکوومەتی بەشار ئەسەد تەرخانی کردووە. ئاژانسی هەواڵدەریی بلومبێرگ، لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا باس لە ناردنی ١٠ کەشتی نەوتهەڵگری گەورە دەکا کە لەو ساڵەدا لە ئێرانەوە گەیشتوونەتە بەندەری «بایناس» لە سووریە، کە هەرکامەیان توانای گواستنەوەی یەکمیلیۆن بەرمیل نەوتیان هەبووە. «ئەندرۆ تایلر» کاربەدەستی پلەبەرزی ئەنیستیتۆی سیاسەتدانەری خۆرهەڵاتی نزیک لە واشنگتۆن، لەمبارەوە ڕایگەیاندووە: «ڕەوانەکردنی ئەم نەوتە لە ئێرانەوە، بۆ ڕاگرتنی ڕێژیمەکەی بەشار ئەسەد گرینگیی زۆری هەیە، چونکە ئەو نەوتە لە پاڵاوگەی بایناس دەکرێتە سووتەمەنی و بۆ دابینکردنی گەرمای ماڵەکان، دابینکردنی وزەی ژێنراتۆرەکان و باقی پێداویستییەکانی ئەرتەشی سووریە کەڵکی لێوەردەگیرێ»(٥).

• سیاسەتی تەبلیغاتیی ڕێژیم لە دەستێوەردان لە کاروباری یەمەنیش هەر بەم شێوەیە؛ لە کاتێکدا بەرپرسانی ڕێژیم لە دەستێوەردانەکانی عەرەبستانی سعوودی لە کاروباری ئەو وڵاتەدا نارازین، بەڵام لە سەرەتای سازبوونی تێکهەڵچوونەکانی حووسییەکان و حکوومەتی یەمەن، کۆماری ئیسلامی ژێربەژێر یارمەتییە سەربازییەکانی بۆ ئەو تاقمە ناردووە. تا ئێستا چەندینجار کەشتییەکانی ئامریکا لە ڕێگا دەریاییەکاندا پێشی ئەو کەشتییە ئێرانییانەیان گرتووە کە هەڵگری چەک و تەقەمەنی بۆ حووسییەکان بوونە. لە دوایییانەدا دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەیی بە ناوی «لێکۆڵینەوەی چەکی شەڕ» کە ناوەندەکەی لە لەندەنە، ئاشکرای کردووە کە لێکۆلەرانی ئێونەتەوەیی پاش ئاشکرا بوون و دەستبەسەرداگرتنی بڕێک چەکوچۆڵ لە مانگەکانی فێوریە و مارسی ٢٠١٦دا لە چەند پاپۆڕێکدا لە دەریای عەرەب، کاناڵێکی پێوندیی گومانلێکراویان دۆزیوەتەوە کە پێیان وایە ئەو کاناڵە «میسر»ییە و چەکوچۆڵ لە ئێرانەوە بە ڕێگای «سوماڵ»دا دەگەیەنێتە یەمەن. کەشتیی شەڕکەری «داروین»ی ئۆستراڵیا، لە پاپۆڕێکدا، دەستی بە سەر زیاتر لە ٢ هەزار قەبزە چەک، لەوانە چەکی AK و ١٠٠ فەروەند مووشەکهاوێژی دروستکراوی ئێرانیدا گرت کە بەرەو سوماڵ دەچوو هەروەها کەشتیی شەڕکەری FS Provemceی فەڕەنسی دەستی بەسەر ٢ هەزار قەبزە چەکی دروستکراوی ئێران و ٦٤ قەبزە تەکتیرهاوێژی دروستکراوی ئێرانی (Hoshdar-M)لە پاپۆڕێکی دیکەدا گرت»(٦). دۆزینەوە و دەستبەسەرداگرتنی ئەم دوو پاپۆڕە، وەکوو نموونەیەک باس کران، دەنا بەڵگەی زۆر هەیە کە ئێران لە دەسپێکی شەڕی حووسییەکان لە دژی حکومەتی یەمەن، بە هەموو شێوەیەک یارمەتی ئەم گرووپەی کردووە و حاشاکردنی بەرپرسانی ئێرانی لە دانی ئەو یارمەتییانە، جێگەی باوەڕی هیچ لایەنێک نییە.

## لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ

• ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بەو پێناسەیە لە مافی مرۆڤ نەبووە کە ئەمڕۆ لە دونیای پێشکەوتوودا و بەپێی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ناسراوە، ئەم ڕاستییەش لە زۆر بۆنەدا لە لایەن بەرپرسانی پلەبەرزی ئەم ڕێژیمەوە ڕاگەیەنراوە. ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ئەوەی باوەڕی وایە "ئێستا خەڵک خوازیاری ئەوەیە کە بەپێی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان، کۆمەڵگەیەکی نموونە(ئەسوە) بنیات بنێ"(٧)، بە کردەوەش و بەپێی ئیدئۆلۆژی، یاسای بنەڕەتی و عورفی ئیسلامی بەو جۆرەی کە باوەڕی پێیەتی بەردەوام خەریکی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بووە، بەم پێیەشە کە یاساکانی لەسەر بنەمای جیاوازیدانان، نادادپەروەری، کردنە ئامانجی ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ بنیات نراوە. زیندانی کردن و ئێعدامی جیابیرانی ئایینی، سیاسی و هەڵاواردن لە دژی هەڵگران و پێڕەوانی بیروباوەڕە جیاوازەکان لە مەسەلەی بەشداری کردنیان لە کاروباری بەڕێوەبەری، چاوەدێری کردن و بێبەش کردنی خەڵک لە سەرەتاییترین مافەکانیان، لەوانە پۆشینی جلوبەرگی دڵخواز، دیاری کردنی ناوی منداڵەکان و شێوەی ژیان، بە تایبەت بۆ ژنان و لاوان، ئێرانی کردووەتە زیندانێکی گەورە و پڕ لە ئازار و ئەشکەنجە کە تا ئێستا بە میلیۆنان خەڵکی ئەم وڵاتەی پەڕیوەی هەندەران کردووە و لەو ڕێگایەدا خۆیان بەدەست چارەنووسێکی نادیار سپاردووە، تەنها لە بەر ئەوەی لەم زیندانە ڕزگاریان بێت. تەنانەت سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوندییەکانی ڕێژیم(ڕەفسەنجانی) ئاماژەی بە بەجێهێشتنی وڵات لە لایەن توێژی خوێندەوارەوە کردووە و ئەم بابەتەی وەک زیانێکی گەورە بۆ وڵات ئەژمار کردووە. ناوبراو بەپێی ئامارێک کە لە لایەن سندووقی نێودەوڵەتی دراوەوە بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت:

"ساڵانە ١٨٠ هەزار خوێندەوار بە هۆکاری سیاسی یان بۆ ژیانێکی باشتر، لە ئێران ڕادەکەن، لە ئاکامی ڕاکردنی ئەم توێژەش، ئێران هەموو ساڵێک ١٥٠ میلیارد دۆلار سەرمایەی خۆی لەدەست دەدات".

ئەحمەد شەهید، ڕیپۆرتێری پێشووی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران، لە دووتوێی ڕاپۆرتی ٢٢ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٢ی خۆیدا سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ، پەردەی لەسەر زۆر لە ڕاستییەکان سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا هەڵداوەتەوە.

لە بەشی زیندانییە سیاسییەکان لە ئێراندا، ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە تا ڕێکەوتی ٣ی ژانویەی ٢٠١٤، لانیکەم ٣٠٧ کەس و لە نێویاندا ١٣٦ بەهایی، ٥٠ مەسیحی، ١٩ دەروێشی گۆنابادی و ٢ زەردەشتی زیندانیی سیاسیی بوونە. ژمارەی زیندانییە عەقیدەتی و سیاسییەکان تا ١٤ی ژانویەی ئەو ساڵە، بەلانیکەمەوە گەیشتووەتە ٨٩٥ کەس، کە لە نێویاندا پێڕەوانی ئایین و ئایینزاکان ٣٧٩ کەس، چالاکانی سیاسی ٩٢ کەس، چالاکانی مافی مرۆڤ ٧١ کەس، چالاکانیی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان ٣٧ کەس و چالاکانی خوێندکاری ٢٤ کەس دەبیندرێن.

جگە لە ڕاپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید، عاسمە جەهانگیری ڕیپۆرتێری دوای ئەحمەد شەهیدیش، ڕاپۆرتی لەسەر پێشێلکارییە بەرفراوانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشکەش بە کۆڕی گشتیی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە. لە ماوەی ٤ ـ ٥ ساڵی ڕابردوودا، بە دەیان ڕاپۆرت لە لایەن کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دیکەی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، لەپێوەندی لەگەڵ لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڵاوکراوەتەوە کە زۆربەیان باس لە هەڵکشانی ڕێژەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

محەممەدجەواد ئەردەشیر لاریجانی، سەرۆکی ستادی مافی مرۆڤی دەزگای دادوەری لە وتووێژێکدا کە لە ڕۆژی ٦ی بانەمەڕی ١٣٩٣دا بڵاو کراوەتەوە، مافی مرۆڤ بە «ڕەوتێکی لاڕێ(منحط)" ناودەبات و بە ئاماژە بەوەیکە "ئێمە قەساس بە حوکمێکی نوورانی دەزانین" ڕایگەیاند: "حکوومەتی ئێران ڕاشکاوانە ئەو حوکمەی بەڕێوە بردووە و شانازیی پێوە دەکا"، لە درێژەدا ئەوەشی خستە ڕوو کە "ئەوە تەنیا پێوەندی بە دەزگای دادوەرییەوە نییە، بەڵکوو دەوڵەتی خۆشەویست و تەواوی کۆڵەکەکانی لەو ستراتێژییە بەردەوام دەبن و ئەوە ستراتێژیی سەرکەوتووی نیزامە".

سادق لاریجانی، سەرۆکی دەزگای دادوەریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ لە کۆبوونەوەیەکی فەرماندەکانی هێزی ئینتیزامیدا، لە پێوەندی لەگەڵ ڕەخنەی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، ئەو ڕەخنانە و مافی مرۆڤی ڕەد کردەوە و گوتی: "مەشرووعیەتی ڕێژیم بەستراوە بە دەنگی خەڵک نییە"، ناوبراو جەختیشی کردەوە: "بۆ ئێمە هیچ گرینگ نییە کە ئەوانە دەڵێن چی، بنەمای تەعالیمی ئێمە، تەعالیمی ئەبنیای ئیلاهییە".

## لەسێدارەدان



دەسەڵاتداریتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە لەسێدارەدانی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەتی پاشایەتی دەستیپێکرد. ئەم ڕەوتە بوو بە نەریتێکی هەمیشەیی دەسەڵات و دواجار کۆمەڵکوژی و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی لاوانی کورد لە پاوە، سنە، مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی کوردستان و دواتر کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧ تا دەگاتە قەتڵە زنجیرەییەکان و تێرۆری کەسایەتییە سیاسی و ئایینی و دژبەرەکانی و... هتد، بەدوادا هات و تاکوو ئێستاش ئەم ڕەوتە هەروا بەردەوامە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ماوەی پێنج ساڵی(٢٠١٦ ٢٠١١) ئێران زۆرترین ژمارەی ئێعدامی بووە بە بەراورد لەگەڵ ١٥ ساڵی پێش ئەو ڕێکەوتە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە چاوەڕوان دەکرا دوای دەسپێکردنی سەرۆک کۆماریی حەسەن ڕۆحانی ڕێژەی لەسێدارەدانەکان کەم بێتەوە. چونکە لەو پێوەندییەدا ڕۆحانی بەڵێنی بە خەڵک دابوو. لە پێش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، ڕۆحانی لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا کە ئەگەر ببێتە سەرکۆمار، زیندانی سیاسیمان دەبێ؟ دەڵێ: «نەک هەر باوەڕم وایە کە نابێ زیندانیی سیاسیمان هەبێ، بەڵکوو لەو باوەڕەدام کە نابێ زیندانیمان هەبێ». بەڵام

بەپێی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی «کوردپا» لە یەکەم ساڵی سەرۆکایەتی ڕۆحانیدا ٨١۴ کەس لەسێدارە دراون، کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشتر(کە ۵۵٣ کەس ئێعدام کرابوون) ژمارەی لەسێدارەدانەکان ۴٧٪زیادی کردووە، ١۶ کەس لە ئێعدام کراوەکان تەمەنیان لە خوارەوەی ١٨ ساڵ بووە. لەنێو ئێعدام کراوەکاندا کە ناسنامەیان ئاشکرا کراوە ٧٣ کەس کورد، ٢١ کەس عەرەب، ١۶ کەس بەلووچ، ۵ کەس تورک، ۴ کەس تورکی ئازەربایجانی و ٣ کەسیشیان تابعییەتی ئەفغانییان هەبووە.

بە گوتەی ئەحمەد شەهید، ڕێپۆرتێری پێشووی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران، لە ساڵی ٢٠١۴دا، ٩۶۶ کەس ئێعدام کراون، کە لە بیست ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە. لە ساڵی ٢٠١۵دا، ڕێژەی ئێعدامەکان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١۴، لانیکەم ۴٠٪ زیادی کردووە. لە تەواوی ئەو ساڵەدا، سەرجەم ٩۶٩ کەس لەسێدارە دراون. ئەم ڕێژەیەش زۆرترین ژمارەیە لە ٢۵ ساڵی ڕابردوودا. لەو پێوەندییەدا بان کی مۆن، سکرتێری گشتیی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە: «حەسەن ڕۆحانی، سەرەڕای بەڵێنەکانی لە پێش و پاش هەڵبژاردن، کردەوەکانی لەپێوەندی لەگەڵ سزای لەسێدارەدان، ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە و وادیارە هەر درێژەی کردەوەکانی دەوڵەتەکانی پێشووترە، کە بەتوندی و بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکان، پشت بە سزای لەسێدارەدان دەبەستێ».

• بەپێی ڕاپۆرتی «ئاسۆشیتێدپرێس» ،شیرین عیبادی، براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، لە وەڵامی پرسیارێکدا، دەوڵەتی ڕۆحانیی لەپێوەندی لەگەڵ ئازادیی زیندانیانی سیاسی، بە درۆزن وەسف کردووە و گوتوویەتی: «لەوانەیە ڕۆحانی ناوبانگی ڕیفۆرمیستێکی میانەڕەوی بەدەست هێنابێ، بەڵام لە بابەتی مافی مرۆڤەوە، تا ئێستا تەنیا نیشانەی خراپی لێ دەبینین».

• ئەحمەد شەهید، لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا - لە ٢۵ی گەلاوێژ تا ١١ی سەرماوەزی ١٣٩۵(یەکەمی ژانویە تا نیوەی ئوتی ٢٠١۶) – دەنووسێ: «... ڕەوتی سزای لەسێدارەدان لە دەوڵەتی ڕۆحانیدا ڕووی لە زیادبوون کردووە». هەروەها سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەنووسی:»ڕێژەی لەسێدارەدانەکان لە سەرەتای مانگی ژوئیەدا بەرزبووەتەوە و لە ٣ حەوتووی سەرەتای ئەو مانگەدا، ۴٠ ئێعدام بەڕێوەچووە. لە ساڵی ٢٠١۵دا، ٩۶۶ تا ١٠۵۴ کەیسی ئێعدام بەڕێوەچووە، کە بە زۆرترین ژمارەی لەسێدارەدان لە ئێران بە هەژمار دێت لە ماوەی ٢ دەیەی ڕابردوودا». ڕێپۆرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا، سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ناوەندە قەزایی و ئەمنیەتییەکان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران، شارۆمەندانی دوو تابعیەتی، چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کرێکاران و هەروەها «سزای بێبەزەییانە و ڕووشکێنانە (تحقیرآمیز)»، ڕەخنەی توندی لە دەسەڵاتدارانی ئێران گرتووە.

«ناوی پیلار»، کۆمیسێری باڵای مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩۵دا ڕایگەیاند: «ژمارەی زۆری ئێعدامەکان بە هۆی بڕیاری ئەو دادگایانەی کە بە شێوەی نادادپەروەرانە بەڕێوەدەچن، یان ئەو دادگایانەی کە لە سەر تۆمەتبارکردنی بێبنەما پێکدێن، هۆی نیگەرانیی ئێمەیە». ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیش (ئەمنێستی) لەبارەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئێعدامەکان لە دەوڵەتی ڕۆحانیدا نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە و هۆیەکەی بۆ پابەندنەبوونی حکوومەتی ئێران بە بنەڕەتیترین «ڕێوشوێنەکان»ی مافی مرۆڤ و مافی ژیان زانیوە.

سەرەڕای ئەوەیکە حەسەن ڕۆحانی، بەفەرمی سەرکۆمارە و لە بواری پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و بوارە هاوشێوەکان، ناوبراو و دەوڵەتەکەی بەرپرسایەتیان لەسەر شانە، بەڵام پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەین کە بە کردەوە دەسەڵاتی سەرکۆمار لە سیستمی دەوڵەتداریی کۆماری ئیسلامیدا زۆر بەرتەسکە، بۆیە ناکرێ هەمووی ئەو تاوانانە بخرێنە ئەستۆی دەوڵەت، جا هەر کەس سەرۆکی دەوڵەت بێ، بەڵکوو دەسەڵاتی گشتی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا لە کۆنترۆڵی دەوڵەتێکی سێبەردایە کە سەرۆکەکەی وەلی فەقیهـ و دامەزراوەکانی قەزایی، سپای پاسداران و هێزە ئینتزامییەکان بە بڕیاری ناوبراو دیاری دەکرێن و لەژێر ڕێنوێنییەکانی ئەودا دەجووڵێنەوە، بۆیە دروستتر ئەوەیە لە ئەنجامدانی هەموو تاوان و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و مافی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە، پێکهاتەی دەسەڵات و حکوومەت بەگشتی تاوانبار بکرێ، کە دەوڵەتەکەی ڕۆحانی بەشێکە

لەو پێکهاتەیە.

## بێکاری بەرەو هەڵکشانی زیاتر



محەممەدڕەزا حوسێنزادە کارناسی بانکی، لە ڕاپۆرتێکدا لە ڕۆژنامەی «تعادل» بە پشتبەستن بە قسەکانی محەممەدڕەزا نێعمەتزادە، وەزیری پیشەسازی، کانگا و بازرگانی کە گوتوویەتی؛ «١۴ هەزار یەکەی پیشەسازی لە بیاڤی پیشەی بچووک و مامناوەندی لە ساڵانی ڕابردوودا بە هۆی کێشەگەلی جیاوازەوە داخراون، هەروەها ٢٩ هەزار پڕۆژەی پیشەیی و کانگایی نیوەچڵ لە وڵاتدا هەیە»(٩)، دەڵێت: «ئەمە بەشێکی بچووک لە دۆخی شپرزەی کارە لە ئێران» و پشتبەستوو بە لێدوانێکی٣ ساڵ لەوەپێشی وەزیری کار ڕایگەیاندووە؛ «بە لەبەرچاوگرتنی داخرانی زۆرتری کارگەکان، دیارە ژمارەی بێکارانیش ڕوو لە زیادبوون دەکا».

حەسەن ڕۆحانی، لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی زۆری دابوو کە لە ئەگەری بوونی بە سەرکۆمار، چارەسەری کێشەی بێکاری دەکا و دوای هاتنەسەرکاریشی لە زۆر کوڕ و کۆبوونەوەدا لەو پێوەندییەدا، ئاماری ناڕاستی بڵاو کردەوە. ناوبراو لە سەفەری شاری یەزد، لە کۆبوونەوەی خەڵکی ئەو شارەدا ڕایگەیاند؛ «لە دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا یەک میلیۆن و سەد و حەفتا و نۆ هەزار هەلی کاری ڕەخساندووە. ئەو لێدوانەی کەوتە بەر ڕەخنەیەکی زۆر، بۆیە ئیسحاق جەهانگیری، جێگری یەکەمی سەرکۆمار بۆ بەرگری کردن لە ڕۆحانی، پشتی قسەکانی گرت و ڕایگەیاند: «ژمارەی ئەوانەی کاریان هەیە بەپێی داتاکانی ناوەندی ئاماری ئێران، پاییزی ئەو ساڵ، بە بەراورد لە گەڵ ساڵی ١٣٩٢، یەک میلیۆن و سەد و حەفتا هەزار زیادی کردووە، بەڵام ڕاپۆرتی ناوەندی ئامار لەگەڵ ئەو قسانە یەکناگرێتەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا ژمارەی خەڵکی خاوەن کار لە هاوینی ساڵی ١٣٩٢، بیست و دوو میلیۆن و سەد و نەوەد و یەک هەزار و سەد و چل و چوار کەس بووە، کە ئەو ژمارەیە دوای ساڵێک لە سەرۆکایەتیی ڕۆحانی بووەتە بیست و یەک میلیۆن و چوارسەد و نۆزدە هەزار و چوارسەد و حەفتا و دوو کەس. بەمپێیە دوای ساڵێک لە سەرکۆماریی ڕۆحانی، ٧٧١هەزار و ٦٧١کەس بێکار بوونە. پرسیارەکە ئەوەیە؛ ١/٢ میلیۆن کەس کە ڕۆحانی دەڵێ هەلی کارم بۆ ڕەخساندوون، لە کوێن؟»(١٠). ڕاپۆرتی تایبەتی نسیم ئانلاین ئێران



## گەندەڵی

هەرچەند دیاردەی گەندەڵی گەورەترین زەربەیە لە پەیکەری ئابووریی ئێران و لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییەوە ڕیشەی داکوتاوە، بەڵام ئەگەر ئەوکات عەیبە و شوورەیی بوو و بەنهێنی بەڕێوە دەچوو، بە هاتنەسەردەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە، وردەوردە عەیبەی کەم بوویەوە و بوو بە دیاردەیەکی ئاشکرا. لە ئاکامدا گەندەڵی بەربڵاوتر بووەوە و زۆربەی هەرە زۆری دامودەزگاکانی گرتەوە. ئاستی گەندەڵیش بەپێی پلەی بەرپرسایەتییەکان بەرز بوونەوە، لە سەرەتاکاندا هەموو پێکەوە هاوڕێیانە دزییان دەکرد و کەس کاری بەکەس نەبوو، بەڵام وردەوردە لە کێبڕکێ سیاسییەکاندا بۆ تۆڵەکردنەوە و دزیی زیاتر، نهێنییەکانی هێندێ کەسیان درکاند، تا ئەو کاتەی وەلی فەقیهـ لەدرکاندنی ئەو نهێنییانە تەنگاو بوو کە نەوەک دوژمنانی ئیسلام بەو کارە دڵخۆش بن و ئابڕووی «ام القرا»ی ئیسلامی بچێت. پاش ئاشکرابوونی گەندەڵیی ٣ هەزار میلیارد تمەنی لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاویدا، لە ١١ی مانگی خەرمانانی ئەو ساڵەدا ڕایگەیاند: «درێژەدانی ئەو هەرا و زەنایە بە مەسڵەحەت نییە» و لە ڕاگەیەنەکاندا داوای کرد، ئەو بابەتە «ئەوندەی لەسەر مەچن(آنرا کش ندهید)». پاش قسەکانی خامنەیی دۆخەکە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپتربوون چوو و کار گەیشتە ئەوەیکە بەرپرسانی ناسراوی ڕێژیم کە لە گەندەڵییەکان تێوەگلاون، ئەوەندە زۆرن کە لەم ڕاپۆرتەدا ناگونجێن. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە قسەی ئەو بەرپرسە ناسراوانە دەکەین، بۆ ئەوەی قەبارەی ئەو گەندەڵییانە بخرێنە ڕوو و بیرورای گشتیی تێبگات کە «ام القرای اسلامی» و ڕێبەرەکەی کە خۆی بە ڕێبەری موسوڵمانانی جیهان! دەزانێ و دەست و

پێوەندییەکانی ڕۆژ تا ئێوارە لەسەر مینبەری مزگەوتەکان و کۆڕ و کۆبوونەوەکان ئامۆژگاریی خەڵک دەکەن و بێجگە لە خۆیان کەسیان لا پەسند نییە، چۆن چنگیان بەسەر «بیت المال»داگرتووە و بە بێ ترس و شەرم، بژیوی خەڵکی برسی و هەژار دەدزن و وڵات وێران دەکەن:

• ئەحمەد تەوەککولی، نوێنەری تاران لە مەجلیسی شورای ئیسلامی، ڕۆژی ٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ سەبارەت بە گەندەڵیی دامودەزگاکانی حکوومەت بە ئاژانسی هەواڵدەریی فارسی ڕاگەیاند: «ئێمە گەیشتووینەتە ئاستی گەندەڵیی سیستماتیک». بە خوێندنەوەی ناوبراو گەندەڵیی سیستماتیک بە ئاستێک لە گەندەڵی دەگوترێ کە دامەزراوەکانی پێشگیریکار لە گەندەڵی، بۆ خۆیان لە گەندەڵییەوە گلابن».

• هەواڵدەریی ئیرنا بڵاوی کردەوە؛ پوورمحەممەدی، وەزیری دادوەریی ڕێژیم لە کۆڕی مافەکانی شارۆمەندی وتوویەتی: «دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە لە ڕەچاوکردنی مافە شارۆمەندییەکاندا کەمکاریمان کردووە و لە بەرانبەر گەندەڵییەکانیشدا، توانایی ڕووبەڕووبوونەوەمان نییە». ئەو قسانەی وەزیری دادوەری لە کاتێکدا بڵاو بووەتەوە کە ڕێکخراوی شەفافییەتی نێونەتەوەیی (سازمان شفافیت بین المللی) لە ڕاپۆرتی ڕێبەندانی ئەوساڵی خۆیدا ئێرانی وەکوو یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین و جیهان ناوزەد کردبوو.

• حەسەن ڕۆحانی لە کۆبوونەوەیەکدا لە تاران، ڕایگەیاند: «هەندێک ڕاپۆرتمان پێ دەگا کە ژێرمێزییەکان بوونەتە سەرمێزی (مەبەستی لە بە ئاشکرا بەرتیل وەرگرتنی بەرپرسانی حکوومەتە). لە حاڵێکدا پێشتر، زۆرتر ژێرمێزی باسی لێوە دەکرا، بەو واتایە کە شوورەیی هەبوو».

• مەحموود سادقی، یەکێک لە نوێنەرانی تاران لە مەجلیس کە بۆ خۆی سەرۆکی فراکسیونی شەفافسازی و تەندروست کردنی ئابووری و تەکووزمەندیی ماڵی لە مەجلیسی دەیەمدا بوو، هاواری لەدەست گەندەڵیی ڕێژیم بەرزبووەتەوە و لە کۆبوونەوەیەکی زانکۆی ئەمیرکەبیری تاران ڕایگەیاند: «باسی من لەسەر ئەوەیە کە پاش تێپەڕبوونی ٣٨ ساڵ لە شۆڕشی ئیسلامی، دۆخی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ حکوومەتی پاشایەتی لە بواری گەندەڵییەوە خراپترە، مەگەر قەرار نەبوو کە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر گەندەڵیدا بەربەرەکانێ بکا؟» سادقی لەبەرئەوەی لە مەجلیس داوای ڕوونکردنەوەی حیسابە بانکییەکانی سادقی لاریجانی، سەرۆکی دەزگای دادوەریی ئێرانی کردبوو لە لایەن دادستانی تارانەوە حوکمی دەستبەسەرکردنی بۆ دەرچوو بەڵام بە هۆی ڕاوەستانی ناوبراو لە بەرانبەر حوکمەکەدا، بەڕێوە نەچوو.

• لە دۆخێکی ئەوتۆی گەندەڵیدا کە بەرپرسانی پایەبەرزی حکوومەتیش، وەکوو خەڵکی ئاسایی و بێ دەسەڵات چاویان لە هەموو ئەو کارەساتانەیە، بەڵام تەنیا گلەیی و گازندە دەکەن بە بێ ئەوەی بتوانن یان بیانهەوێ هەنگاوێکی جیددی بۆ چاککردنی ئەم دۆخە هەڵگرن، بێ گومان ئابووریش دەکەوێتە گیانەڵڵا و بێجگە لەوەی ڕۆژبەڕۆژ بەرەو دارمانی زیاتر بڕوا، هیچ بژاردەیەکی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێ. مەترسیە جیددییەکانی ئەو دۆخە ئابوورییەی وڵات بوو کە خامنەیی لە سەردەمی دەوری دووهەمی سەرۆکایەتیی ئەحمەدینژاد، بە بێ ئاگاداریی ئەو و بەنهێنی، نوێنەری بروابێکراوی خۆی ناردە وڵاتی عومان و بە نێوبژیوانیی سەرۆکی ئەو وڵاتە، لەگەڵ نێردراوی ئامریکا دانیشتنیان پێکهێنا و لەوێدا ڕەزامەندییان لەسەر دەسپێکردنی پرۆسەی دانوستاندن لەگەڵ وڵاتانی بەهێزی ئۆرووپایی و تێکڕای مەرجەکانیان دەربڕی، کە دوایە بە «برجام» (برنامە جامع اقدام مشترک) ناسرا. ئەم مل ڕاکێشانەش تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران هەڵگیرێ، بەڵام واژۆکرانی ئەم ڕێککەوتنەش فریای حکوومەتی گەندەڵی ئێران نەکەوت و چاوەڕوانییەکانیان نەهاتە دی(ئەم بابەتە لە بەشی بەرجامدا دەخرێتە بەرباس).

ئەگەر بمانهەوێ دۆخی نالەباری ئابووریی ئێران (ئەو بەشەی کە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک شوێندانەریی هەیە) بە بێ ئەوەی بچینە نێو باسە زانستییەکانی ئابووری، لە ڕووی نرخی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک لێکبدەینەوە، دەتوانین شیکردنەوەیەکی کورتی لەسەر بکەین، ئەوەی لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکرێت، جیاوازیی نێوان نرخی ١٠ قەڵەم لە پێداویستییە ڕۆژانەکانی خەڵکە:

• لە خشتەی ژمارە (١)دا کە ڕادیۆ فەردا لە ڕووی سەرچاوەکانی ڕاپۆرتەکانی بانکی ناوەندیی ئێرانەوە ئامادەی کردووە و جیاوازیی نێونجی دە ڕەقەم لە پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک، و بەراوردێک لە نێوان بەفرانباری ساڵی ١٣٩١ و بەفرانباری ١٣٩٢دا کە بەرزبوونەوەی نرخ نیشان دەدەن، بەڵام لە هەمووان زیاتر نرخی پەتاتەیە کە خواردنی زۆربەی خەڵکی کەم داهاتە کە سێ قات بەرزبووەتەوە و نێونجی گشتیی زیادبوونی نرخی ئەو پێداویستیانە ٥١٪ نیشان دەدا.

## خشتەی ژمارە ١

| | جۆری بەرهەم/ kg | نێونجی نرخ بەفرانباری ٩١/ تمەن | نێونجی نرخ بەفرانباری ٩٢/ تمەن | هەڵکشان/لەسەدا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | برنجی نێوخۆیی دەرەجە ١ | ٧٢٢٣,٥ | ٧٤١٩,٥ | ٢,٧١ |
| ٢ | لوبیاچیتی | ٥٨٦٤,٢٥ | ١٠١٤٤,٥ | ٩٨,٧٢ |
| ٣ | ڕۆنی شل/١لیتری | ٣٧٦٠,٥ | ٤٨٤٤ | ٢٨,٨١ |
| ٤ | قەند | ٢١٦٢,٥ | ٢٦٦٥,٥ | ٢٣,٢٦ |
| ٥ | پەتاتە | ٧٦٩ | ٢٢٢٧,٥ | ١٨٩,٦٦ |
| ٦ | پیاز | ١١٥٢,٥ | ١٣٣٨,٥ | ١٦,١ |
| ٧ | تەماتە | ١٨٦٧ | ٣٣٩٤ | ٨١,٧٨ |
| ٨ | هێلکە/شانە٣٠دانەیی | ٧٢٢٣,٥ | ٩٢٨٤,٢٥ | ٢٨,٥٢ |
| ٩ | گۆشتیمریشک | ٤٨١٦ | ٦٥٦٥,٥ | ٣٦,٣٢ |
| ١٠ | گۆشتی گوێرەکە بێ‌ئێسک | ٢٤٠٤٥,٥ | ٣٢٤٥٠ | ٣٤,٩٥ |

لە ساڵی ١٣٩٢وە تا ١٣٩٥، نرخی پێداویستییە خواردەمەنییەکان بەگشتی هەڵکشانی زۆریان بەخۆوە بینیوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک کارەکانیان لەدەستداوە و هەژاری بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە هەڵکشان بووە.

وەزیری هەرەوەز و خۆشبژیوی کۆمەڵایەتی (تعاون و رفاه) لە ساڵی ١٣٩٣دا دەڵێت: «ئەمڕۆ ٨ میلیۆن ئێرانیمان هەیە کە لەگەڵ بەدخۆراکی بەرەوڕوون و باس لە ١٢ میلیۆن هەژار لەئارادایە و سەبارەت بە هێڵی هەژاریش، ژمارەی جیاواز باس دەکەن». عادل ئازەر، سەرۆکی ناوەندی ئامار دەڵێت: «پێویستیی خەرجی یەک بنەماڵەی دانیشتووی شار (لە بەهاری ١٣٩٣دا) یەک میلیۆن و هەشتسەد و بیست و دوو هەزار تمەنە و هەر بنەماڵەیەک ئەو داهاتەی لە مانگدا نەبێ، لەژێر هێڵی هەژاریدایە». خەرجی بنەماڵەیەکی ئەوتۆ لە تاران تا ٣ میلیۆن تمەن مەزندە کراوە، بەڵام مووچەی کەسانێک کە لە یاسای کاردا دەگونجێن، لەو ساڵەدا بڕێک زیاتر لە ٦٠٠ هەزار تمەن دیاری کراوە. بەم پێیە و بە گوێرەی لێدوانی هێندێک لە ئابووریناسانی ئێران، لەو ساڵەدا نزیک بە ٤٠٪ی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا بوون.

ئەوەی تا ئێستا سەبارەت بە ئێران ئاماژەمان پێ کرد، دۆخی وڵاتێکی گیرۆدەبوو بە بەڕێوەبەرییەکی دواکەوتووانەیە کە بەدەست کاربەدەستانی کۆنەپەرەست و لەژێر فەرمانی یەک کەسدا (وەلی فەقیه) بەڕێوەدەچێ. بەڕێوبەرایەتییەک کە لەوانەیە سەد ساڵ لەوە پێش، عەشیرەیەکی بچووک یان گوندێکی پێ بەڕێوە دەچوو. بە وتەی مەجید محەممەدی، کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ، ئەنجامی ئەو شێوە بەڕێوەبردنە بووەتە ئێرانێک کە لەوێدا، «خەسار و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو زیاتر و خراپتربوون چووە. دە قات بوونی ڕێژەی کارتۆنخەوەکان لە ماوەی ڕابردوودا (١٥ هەزار لە ساڵی ٨٥ گەیشتووەتە ١٥٠ هەزار لە ساڵی ١٣٩٥)، ١٨ تا ٢٠ میلیۆن پەراوێزنشین، نزیک بە ٣ تا ٧ میلیۆن گیرۆدەبوو بە مادده سڕکەرەکان، زیاتر لە یەک میلیۆن گیرۆدە بە ئەلکۆل، دوو لە سێی خەڵک لەژێر هێڵی هەژاریی ڕێژەیی و ١٥ میلیۆن لەژێر هێڵی هەژاریی ڕەهادا، بێکار بوونی بە میلیۆنان کەس لەوانەی خوێندنی زانکۆیان تەواو کردووە، بێکاریی زیاتر لە ٦٠٪ی خەڵکی هێندێک لە ناوچەکانی وڵات ودواتر زۆربوونی ڕێژەی تاوانەکان و بوونی پەروەندەی قەزایی تا ٦٠٠ هەزار زیندانی لە ماوەی ٣٨ ساڵی ڕابردوودا، ٢٢ قات بوونی ژمارەی زیندانیان لە ساڵی ١٣٥٧ تا ئێستا، لە هەمان کاتدا دوو و نیو بەرانبەر بوونی حەشیمەتی وڵات، کۆتایی هاتنی یەک لەسەر سێی هاوسەرگیرییەکان بە جیابوونەوە، بە بێ بوونی هیچ پشتیوانییەک لەو ژنانە، هەڵکشانی ڕادەی نابەرابەرییەکان و بە میلیۆن کەس بێکار و کاری نێوەچڵ و... هتد. بەو ڕێژەیە دەبێ دوورکەوتنەی بە میلیۆنان کەس لە خوێندن، سەدان هەزار منداڵی کار، زیادبوونی نەخۆشییە جەستەیی و دەروونییەکان و کێشەکانی ژینگەیی لێ زیاد بکەین».

- ڕۆژانە تەنیا لەبەر بێدەرەتانی شاهێدی خەبەری دڵتەزێنی وەک فرۆشتنی گورچیلە و تەنانەت منداڵان لە لایەن دایک و بابیانەوە دەبین، سەرەڕای ئەو هەموو کێشە و بێ دەرەتانییانەی کە ئەو حکوومەتە بۆ خەڵکی ئێرانی پێکهێناوە و خەڵک لە ڕۆژەڕەشی و هەژاریدا دەژین، کۆماری ئیسلامی سەروەت و سامانی خەڵک بە تاڵان دەبا و بەشێکی زۆر لە داهاتی وڵات کە نانی سەر سفرەی خەڵکە، پێشکەش بە تاقمە تێرۆریستییەکان و هەندێک لە دەوڵەتەکان دەکات، لەوانە سووریە، حیزبوڵڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن و... هتد.

# یارمەتییە داراییەکانی دەوڵەتی نۆیەم بە وڵاتانی جیهان(خشتەی ژمارە٢)

| وڵات | بڕی پارە بە دۆلار | شوێنی هەزینە کردن |
| --- | --- | --- |
| | ۱۹۵۰۰۰۰۰۰۰ | گەشەپێدان و پیشەسازی نەوت و پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە |
| سریلانکا | ۶۵۰۰۰۰۰۰ | دابین کردنی کارەبا بۆ ناوچە گوندنشینەکان |
| | ۱۰۰۰۰۰۰۰۰ | تەواوکردنی پرۆژەکانی پەیوەست بە جاددەکانی باشووری لوبنان |
| | | نۆژەنکردنەوەی جاددەکان |
| لوبنان | ۲۵۰۰۰۰۰۰ | وەڕێخستنی بنکەی یارمەتیکردن بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی دوای قۆناخی شەڕ |
| | ۱۰۰۰۰۰۰۰۰۰ | سەرمایەدانان لە میانەی سەردانی ئەحمەدی نژاد بۆ بۆلیڤی |
| بۆلیڤی | ۲۲۵۰۰۰۰۰۰ | پێدانی قەرز بۆ دروستکردنی کارخانەی سیمانی هاوبەش |
| | | دروست کردنی دوو دەرمانگا |
| ڤێنێزۆئێلا | ۲۵۰۰۰۰۰۰۰۰ | بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی نەوت و گاز/۷۰۰۰ یەکەی نیشتەجێبوون/کۆمپانیای ئۆتۆمبێل‌سازی/یەکەکانی پێترۆشیمی/کۆمپانیای تەراکتۆرسازی/تێکنۆلۆژی بەرهەمهێنانی ئاردی نیوەبرژاوی گەنمەشامی/بانکی هاوبەشی دوو وڵات |
| | ۱۲۰۰۰۰۰۰۰۰ | |
| سنت‌وینس | ۷۰۰۰۰۰۰ | دورگەی ۱۱۷۰۰۰ نەفەریی سنت‌وینست |
| | ۱۰۰۰۰۰۰۰۰ | نۆژەن کردنەوە |
| ئەفغانستان | ۵۰۰۰۰۰۰۰ | ۰۶- Apr- ۱۵ |
| | ۷۰۰۰۰۰۰۰ | ۰۶ - Mar- ۰۶ |
| | ۱۰۰۰۰۰۰۰۰ | کڕینی‌پێداویستییەکان |
| | ۶۰۰۰۰۰۰۰ | دانی مووچەی مانگانە بە سەد هەزار کرێکاری بێکاری فەلەستینی |
| | ۴۵۰۰۰۰۰۰ | دانی مووچەی کارمەندانی حەماس |
| حەماس | ۲۰۰۰۰۰۰۰ | دروست کردنی خانوو |
| | ۱۵۰۰۰۰۰۰ | دروست کردنی بنکەی ڕۆشنبیری و ئیداری |
| | ۱۸۰۰۰۰۰ | مووچەی مانگانە بۆ ماسیگرەکانی غەزە |
| کومور | ۲۰۰۰۰۰۰ | یارمەتیی دارایی و بەڵێنی دروست کردنی ۵۰۰ یەکەی نیشتەجێ بوون |
| کێنیا | ۱۵۰۰۰۰۰ | یارمەتیی دارایی بۆ پرۆژەی کشتوکاڵ |
| زیمباوە | ۲۰۰۰۰۰۰ | یارمەتیی دارایی بۆ تەواو کردنی یەکەی مۆنتاژ |
| نیکاراگوئە | ۳۵۰۰۰۰۰۰۰ | یارمەتی بۆ دروست کردنی بنکەی بەرهەم هێنانی کارەبا و دروست کردنی ۱۰ هەزار یەکەی نشتەجێ بوون |
| | ۲۰۰۰۰۰۰ | تەواو کردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵ و تەندروستی |
| گامبیا | ۲۰۰۰۰۰۰ | کڕینی کەشتی و پرۆژە کشتوکاڵییەکان |
| تانزانیا | ۱۵۰۰۰۰۰ | بۆ بەشی دەرمانی و تەندروستی |
| ئاڵبانی | ۱۲۰۰۰۰۰ | تەواو کردنی پرۆژە تەندروستییەکان |
| کۆنگۆ | ۱۵۰۰۰۰۰ | تەواو کردنی نەخۆشخانە |
| میانمار | ۱۰۰۰۰۰۰ | تەواو کردنی پرۆژەکانی بەشی کشتوکاڵ و پیشەسازی |
| ئێتیۆپی | ۲۹۰۰۰۰ | بەشی یەکەمی بەدیجیتالی کردنی ڕادیۆی وڵات |
| تاجیکستان | ۵۰۰۰۰۰ | لێکۆڵینەوە بۆ لێدانی تونێل |
| ئێکوادۆر | ۴۰۰۰۰۰۰۰ | قەرز بۆ دابین کردنی بوودجەی دروست‌کردنی دوو وێستگەی کارەبا |
| کۆ | ۷۹۳۹۲۹۰۰۰۰ | یارمەتیی دارایی و دانی پارە بە قەرز |

سەرچاوەکان: گۆڤاری بەرنامەی جێگری چاوەدێریی ستراتێژیی سەرۆکایەتیی کۆمار / ڕاپۆرت و ئامارەکانی بانکی ناوەندی / ئامارەکانی نێو پرۆژەیاساکانی پارلمان بە گوێرەی ئاژانسی هەواڵدەریی بلومبێرگ، نێردراوی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری سووریە(ستێڤان دێمیستۆرا) لەو باوەڕەدایە کە ئێران ساڵانە نزیک بە ٦ میلیارد دۆلار بۆ پشتیوانی لە ڕێژیمی ئەسەد خەرج دەکات.

سەرەڕای زەبروزەنگ و سەرکوتی بێ بەزییانەی کەسانی ناڕازی لە دۆخی ژیان، لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمەوە، خەڵکی ئێران هەر لە ساڵانی سەرەتای هاتنە سەردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە هەر مەجالێکدا کە بۆیان ڕەخسابێ، بە مانگرتن یان ڕێپێوان بێزاری و ناڕەزایەتیی خۆیان لە ڕێژیم دەربڕیوە و خواستی خۆیان بۆ دابین کردنی کار، داهات، لابردنی ژینگەی ئەمنییەتی لەسەریان و ئازادی و... بە دەنگی بەرز ڕاگەیاندووە؛ بەڵام هەموو جارێ بە زیندانی کردن، زەختی زیاتر و گوزەرانی دژوارتر وەڵامی خواستەکانیان وەرگرتووەتەوە، هەر بۆیەش بەپێی هەڵکشانی زوڵم و زۆر دژکردەوەی خەڵکیش زیاتر پەرەی گرتووە. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا حەرەکەتە ناڕەزاییەکانی خەڵک زیاتر لە هەموو کاتێک پەرەی گرت، مانگرتن و ڕێپێوانەکانی کرێکاران، سەبارەت بە باری سەختی گوزەرانیان و وەدواکەوتنی وەرگرتنی مووچەکانیان بە چەندین مانگ، بە هەزاران کەس لەوانەی کە هەموو دارایی خۆیان لە هێندێک بانک دانابوو بە هیوای ئەوەی لە قازانجی پارەکەیان، داهاتێکیان دەست بکەوێ، بەڵام یەکجێ دارایی و قازانجەکانیان لەدەست چوو، خانەنشین کراوان کە بە هۆی بەتاڵ بوونی سندووقی خانەنشین کراوی، مووچەی خانەنشین کراویان پێ نەدرا. ..هەندێ لە هۆکارەکانی ئەو پەرەگرتنە بوو.

بەڵام چڵەپۆپەی ئەو حەرەکەتە ناڕەزایەتییانە ڕاپەڕینێک بوو کە ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی بەفرانبار، لە شاری مەشهەد دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئێرانی گرتەوە و بۆ ماوەی زیاتر لە دە ڕۆژ بە تەوژم، درێژەی هەبوو. بە گوێرەی سەرچاوەکانی سەر بە ڕێژیم، نزیک بە ٢٥ کەس لە خەڵک کوژران، ٣٧٠٠ کەس زیندانی کران کە لە نێویاندا تا ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، ٥ کەس لە زینداندا گیانیان لەدەست داوە. سەرەڕای نەبوونی ڕێبەری لە خۆپیشاندانەکاندا، ئەم سەرهەڵدانە لە چەند لایەنەوە جیاواز بوو لە هەموو ئەو سەرهەڵدان و ڕێپێوانانەی لە سەرەتای دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا لە نێوخۆی ئێراندا دژی ڕێژیم بەڕێوەچوون:

یەکەم بەربڵاویی ژمارەی ئەو شار و شارۆچکانە بوو کە دەگەیشتە نزیک بە سەد شار و شارۆچکە، بە تایبەت شارە ئایینییەکان کە ناوەندی ئیدئۆلۆژی و هیوای ڕێژیم بوون، وەک شارەکانی مەشهەد و قوم.

دووهەم ئەو دروشمانەی کە لە لایەن خەڵکەوە دەگوترانەوە، زۆرتر دروشمی دژی ڕێژیم و لە ڕاستای ڕووخانی ڕێژیمدا بوون و خودی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەری ڕێژیمیان کردبووە ئامانج، تەنانەت دروشمی پەشیمانی لە دەنگدان بە دامەزرانی ڕێژیم.

• سێهەم ئەگەر لە ڕابردوودا بە تایبەت لە ڕێپێوانەکانی ساڵی ١٣٨٨ دروشمەکان زۆرتر بە لایەنگریی ڕیفۆرمیستەکان و بەدژی بناژۆخوازەکان بوو، لەم سەرهەڵدانەدا خەڵک بەدژی هەردوو باڵی ڕێژیم دروشمیان دا، ئەوەش نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵک لە باڵی ڕیفۆرمخوازی حکوومەتیش بێ هیوا بوونە، بۆیە تەنیا ڕێگای ڕزگاریی خۆیان لەو هەموو نەهامەتییەی کە پێیەوە دەتلێنەوە، بە تێپەڕین لە تەواوییەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕووخاندنی دەبیننەوە.

• چوارەم ئەگەر لە ڕێپێوانەکانی ساڵی ١٣٨٨ پشتیوانییەکی ئەوتۆ لە لایەن دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانەوە نەبینرا، بەڵام ئەمجارەیان، لە لایەن زۆرێک لە کوڕ و کۆمەڵانی لایەنگری مافی مرۆڤ و دەوڵەتەکان، بە تایبەت دەوڵەتی ئامریکا و شەخسی سەرکۆمار و کۆنگرێسی ئەم وڵاتەوە پشتیوانییەکی بەرین لە خەڵکی ئێران کرا، ئەو خاڵانەی کە ئێمە لەمێژساڵە پێداگرییان لەسەر دەکەین.

• لە پێوەندی لەگەڵ گرنگیی ئەم ڕاپەڕینانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە خاڵێکی سیاسیی گرنگ بکەین. لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی دانیشتوانی دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان کوردی شیعەن، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە هەموو بوارێکدا هەوڵی دەدا کە لە

باری سیاسی و نەتەوەییشەوە لە کوردستان دابڕێ، بۆ ئەو مەبەستە مێژووی چەواشەی بۆ ساز دەکردن و تەنانەت زمانەکەیانی بە «زاراوەی فارسی کرماشانی» دەناساند، مەبەستی بوو کە زمانەکانی ئەو دوو پارێزگایە بە زاراوەیەک لە زمانی فارسی بێنێتە ئەژمار.

• بەڵام لە ڕووداوی بوومەلەرزە و پێشوازی بێ وێنەی خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە گەیاندنی یارمەتییەکانیان بە پارێزگای کرماشان کە زۆرترین زیانی گیانی و ماڵی وێکەوتبوو شکڵێکی حیماسی بە خۆیەوە گرتبوو. هێنانەوەی تەرمی ئەبووبەکر مەعرووفی کاسبکاری کورد کە لە ڕێگای یارمەتی گەیاندن بە خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی کرماشان گیانی لەدەست دا، پێشوازیی کردن لە تەرمەکە لە هەموو شارەکانی سەر ڕێگای گەڕانەوەدا و بەخاکسپاردنی لە گۆڕستانی بۆکان بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لە خەڵکی بۆکان و شارەکانی دەورووبەری ئەو شارە وەک شەهیدێکی ڕێگای نیشتمان، بەکرێگیراوانی ڕێژیمی تووشی حەپەسان کرد.

• ئەم یەکگرتوویی و هاوپێوەندییە نەتەوەییە، بوومەلەرزەیەکی دیکە بوو کە سیاسەتەکانی چەندین دەیەی ڕێژیمی لە بابەت دابڕینی کرماشان لە کوردستان پووچەڵ کردەوە.

• دیارە ئەم ڕاپەڕینانە سەرەڕای هەموو خاڵە ئەرێنییەکانی، وەکوو بەشێک لە سەرهەڵدانە نارەزایەتییەکانی ئەو ساڵانەی خەڵکی نارازی لە ڕێژیم، بێ کەموکووڕی نەبوو؛ بە بڕوای ئێمە گەورەترین کەموکووڕی بریتی بوو لە: نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی بەئیرادە و خاوەن توانای ڕێبەری کردنی شەپۆلی سەرهەڵدانەکان، کە بێگومان ئەوەش بۆخۆی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆی گرینگ، کە یەک لەو هۆیانە نەبوونی ئازادی بۆ پێکهێنانی حیزب و گرووپی سیاسییە، کە لە لایەن ڕێژیمەوە ئیزنی دامەزراندن و چالاکییان پێ نادرێ.

ئێمە ئەو ڕاپەڕینە بە هەنگاوێکی گرینگ لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ بەدەستهێنانی ئازادییەکانیان دەزانین و لەو باوەڕەداین کە ئەم نارەزایەتییانەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو بەو سەرکوت کردنانە نەک هەر بە کۆتا نایە، بەڵکوو لە دەرفەتی دیکەدا بەتەوژمتر و بەربلاوتر سەرهەڵدەداتەوە و هەر سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران تۆماری ڕێژیمی ئێران دەپێچێتەوە و ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵک کە بەهێزترین دوژمنی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانە جارێکی دیکە لە ئێران چارەنووسساز دەبێ.

## ڕێککەوتنی نێوان ئێران و 5+1 ناسراو بە بەرجام

• یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی چوار ساڵی ڕابردوو، ڕێککەوتننامەی ناوکی بوو کە لەنێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ٥ وڵاتی ئەندامی دایمیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان (ئامریکا، بریتانیا، فەڕانسە، ڕووسیە و چین) وێڕای ئاڵمان لە پێوەندی لەگەڵ پێشگیری کردن لە کۆماری ئیسلامی بۆ پیتاندنی یورانیوم بە مەبەستی دەست پێڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی واژۆ کرا.

پرسی پیتاندنی یۆرانیوم لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و نیگەرانیی جیهانی بە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕۆژئاواییەکان، بەگشتی ئەگەری دەستڕاگەیشتنی ئەم ڕێژیمە بە چەکی ناوکی، مێژوویەکی پڕ لە گەنگەشە و چەندین ساڵەی هەیە. لەو ماوەیەدا هەوڵ درا ڕێژیم ناچار بکەن دەست لە پیتاندنی یۆرانیوم هەڵگرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە پێشێلکاری و درۆ کردن هەرجارە و بە شێوەیەک، خۆی لە ڕێوشوێن و پەیمانە پێوەندیدارەکان بەو پرسە دەدزییەوە. لێرەوە بوو کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستیان کرد بە دانانی کۆمەڵێک سزای ئابووری و سیاسی بۆسەر ئێران و ڕۆژبەڕۆژ ئاستی گەمارۆکانیان توندتر کردەوە. لەژێر قورسایی ئەم سزا و گەمارۆیانە و دوای خەسار و زیانێکی دەیان میلیارد دۆلاری، دارمانی ژێرخانە ئابوورییەکەی و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی، سەرئەنجام لە ڕووی ناچاری، ملی ڕاکێشا بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێک لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ڕێژیم بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵی داهاتوو توانای پیتاندنی یۆرانیۆمی نەبێ، بە شێوەیەک کە نەبێتە جێگای مەترسی و نیگەرانی بۆ ڕۆژئاواییەکان.

ئەو ڕێککەوتننامەیە کە بە ناوی بەرنامەی هەمەلایەنەی کردەوەی هاوبەش (برنامه جامع اقدام مشترک) «برجام» دەناسرێتەوە، لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی(٢٠١٥/٧) لە نێوان گرووپی ٥ کۆ ١ و ئێراندا ئیمزا کرا و لە ٢٦ی سەرماوەزی هەمان ساڵدا بە فەرمی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە؛ بەڵام سەرباری ئەم ڕێککەوتنە، کێشەی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا سەبارەت بە کەیسی پیتاندنی یۆرانیۆم کۆتایی نەهات، بەڵکوو ئێستاشی لەگەڵ بێت مشتومڕێکی توند لە نێوان کۆماری ئیسلامی و لایەنی بەرانبەر بە تایبەت ئامریکا لە ئارادایە.

ئیمزاکردنی بەرجام بووەتە هۆی گەورەبوونەوەی ململانێ و کەلێنی نێوان باڵەکانی فەرمانڕەوا لە نێو ڕێژیمدا. توندئاژۆکانی ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە، بە دژی ئەم ڕێککەوتنە دەستیان دایە پڕۆپاگەندەی زۆر، چونکە وا دەنوێنن کە بە زیانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەواو بووە و هەیئەتی دانوستانکار فێڵیان لێ کراوە. باڵی دەوڵەت و بەناو ڕیفۆرمخوازەکانیش کە لایەنی دانوستانکار بوونە، بەرجام بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئێران و دەسکەوتێکی بەنرخ بۆ خۆیان هەژمار دەکەن. عەلی خامنەییش کە هەر لە سەرەتاوە، دانوستانەکان لەسەر ئەمری ناوبراو دەستی پێکردبوو و بە وتەی حەسەن ڕۆحانیی سەرکۆمار، تەنانەت لە وردەکارییەکانی ڕەوتی وتووێژیشدا پرس و ڕاوێژی پێ کراوە، ئێستا ئەویش باس لەوە دەکا کە هەیئەتی دانوستانکاری ئێران لە ئیمزاکردنی بەرجام پەلەیان کردووە، هەر بۆیە ئەنجامی مشتومڕەکە زۆرتر بە لای توندئاژۆکاندا شکاوەتەوە. لە ئامریکاش لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی کۆماریخوازی کۆنگرە لەو باوەڕەدا بوون کە دەکرا لە ڕەوتی دانوستانەکاندا مەرجی زۆرتر و توندتر (وەک بەفەرمی ناسینی ئیسرائیل، کۆتایی هێنان بە یارمەتییەکانی ئێران بە گرووپ و دەوڵەتە تێرۆریستییەکان و دەستهەڵگرتنی لە دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە) بەسەر ئێراندا بسەپێن، بەڵام دەوڵەتی ئۆباما و هەیئەتی دانوستانکاریان نەچوونە سەر ئەو بابەتانە. دوای هەڵبژێرانی دۆناڵد ترامپ بۆ پۆستی سەرکۆماریی ئامریکا و هەڕەشەکانی ناوبراو لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی بەرجام، نیگەرانی لە هەڵوێست و بەرنامەی دەوڵەتی ترامپ، بووەتە هۆی ئەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران بە تایبەتی ئەو بەشەی کە پێوەندی بە هاتوچۆی ئازادی سەرمایە و پووڵەوە هەیە و دەبێ لە ڕێگای بانکەکانەوە جێبەجێ بکرێ، لە ترسی سزاکانی ئامریکا لە داهاتوودا، هەروا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، ئەمەش هێرش و ڕەخنەی باڵی توندئاژۆی ڕێژیمی بۆ سەر دەوڵەتی ڕۆحانی بەهێزتر و چڕتر کردووەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، پارلمانی ئۆرووپاش لەپەیوەندی لەگەڵ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، لە ڕێگەی بڕیارنامەیەکەوە کە لە ٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی(٢٥ ئوکتۆبری٢٠١٦) بەدەنگی زۆرینەی ئەندامانی پارلمان پەسند کرا کۆمەڵێک مەرجی سەختی خستووەتە بەردەم ئێران، لەوانە:

- لە ڕووی ئابوورییەوە، پەیوەست بوونی ئێران بە مەرجەکانی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە، پشتگیری و دابین نەکردنی تێرۆریزم لە ڕووی داراییەوە، شەفاف بوونی لە هاوکێشەکان و پێوەندییە ئابوورییەکان لە ئێران، بەشێک لە مەرجەکانی پەرەدان بە هاوکارییە ئابوورییەکانن لە نێوان ئۆرووپا و ئێراندا.

- لە بواری مافی مرۆڤەوە، بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئێعدامەکان لە ئێران کەوتووەتە بەر ڕەخنە و لەمبارەوە ئۆروپاییەکان خوازیاری هەڵگرتنی ئەو سزایەن لە یاسای ئێراندا.

- لە پێوەندی لەگەڵ لەسێدارەدانی ئەو کەسانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوان، تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵە، پارلمانی ئۆرووپا پێداگریی کردووە کە لە ڕووی یاساییەوە سزای ئێعدام بۆ ئەم کەسانە وەلا بنرێ، پارلمانی ئۆرووپا هەروەها خوازیاری ئازادکردنی هەموو زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی بووە.

## کۆبەند

- ١. سەرجەمی ئەم خاڵانەی کە بەکورتی لەم ڕاپۆرتەدا لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات و دەرەوە خراوەتە بەرچاو، بوونەتە هۆی ئەوەی ئێران وەک وڵاتێکی گەورە و شوێندانەر لە ناوچەی گرینگی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە حەشیمەتێکی نزیک ٨٠ میلیۆن کەس و خاوەن سەرچاوەگەلی زۆری

سەروەت و سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی، لە باری ناوچەیییەوە، لە جیاتی ئەوەی ببێتە فاکتەرێکی شوێندانەر بۆ دابین بوونی ئاشتی و سەقامگیری و بەم شێوەیە پرەستیژ و حورمەت بۆ خۆی دەستەبەر بکات، وەکوو وڵاتێکی ئاژاوەگێڕ، تێرۆریست و تێرۆریست پەروەر و دەستێوەردەر لە کاروباری وڵاتانی ناوچە ناوبانگی دەرکردووە؛ لە ئاکامدا گەمارۆگەلی جۆراوجۆری بەسەردا سەپاوە و داهاتی وڵاتەکەی لە جیاتی ئەوەی بۆ خۆشبژیوی خەڵکەکەی تەرخان بکرێ، دەچێتە گیرفانی وڵاتان و تاقمە ئاژاوەگێڕ و تێرۆریستییەکانەوە.

• لە نێوخۆیشدا لە دوای دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتی، لە جیاتی ئەوەی ببێتە نموونەیەک لە دێموکراسی و ئاوەدانی و بەختەوەریی خەڵکەکەی، بووەتە هۆی هەژاری و زۆر لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان، لەژێر فەرمانی جیهاد بەدژی خەڵکی خۆی(کورد) و بەزۆری زیندان و ئێعدام و داپڵۆسین هیچ ئاسەوارێکی لە ئازادی نەهێشتووەتەوە.

• ٢. هەموو ئەو ناتەبایی و کردەوە دژی گەلییانەی ڕێژیم کە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێ کراوە، زۆربەیان ئەو خاڵانەن کە سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ بەڵگەکانی نێوخۆی ڕێژیم، بەو مەبەستە کە ئەم ڕاپۆرتە نیشاندەری ڕاستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێ و دوور بێ لە زێدەوێژیی ڕاستییەکان.

بەڵام بەو حاڵەشەوە، لەبەر ئەوەی لە ئێراندا ڕاگەیاندنی ئازاد نییە و ئەوەی هەیە ڕاگەیاندنەکانی سەر بە ڕێژیمن کە بە توندی لەژێر چاوەدێریدان، تەنیا ئەو زانیاری و هەواڵانە بڵاودەکەنەوە کە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی ڕێژیمدا دەگونجێن، دەبێ بڵێین سیاسەت و بەرنامە دژی گەلییەکانی ڕێژیم لە هەموو بوارەکاندا زۆر لەوانەی ئاماژەیان پێ کراوە و بەگشتی خەڵک ئاگادارییان لەسەریان هەیە، زیاتر و مەترسیدارترن و ڕەنگە تا ئەو کاتەی ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدایە، ئاشکرا نەبن.

• ٣. بەڵام هەر ئەم زانیارییانە و ئەزموونی ٣٩ ساڵ دەسەڵاتداریی ڕێژیم، کەم نین بۆ ئەوەی بۆ جارێکی دیکەش ئەو ڕاستییانەمان بۆ بسەلمێنێ کە ئەم ڕێژیمە توانای ڕیفۆرمی (بە واتای ئاڵوگۆڕ بەرەو کرانەوە لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوە) تێدا نییە بە هۆی ئەوەیکە:

لە باری ئیدئۆلۆژییەوە خۆی بە نوێنەری حکوومەتی ئیمامی زەمان و بە هۆی ئیمامی زەمانەوە خۆی بە حکوومەتی خوا لە سەر زەوی دەزانێ، بۆیە هەڵە و کەموکوورییەک لە سیاسەت و شێوەی بەڕێوەبردنی حکوومەتەکەیدا نابینێ تا ئەوەی بکەوێتە فیکری چاکسازی و ڕاست کردنەوەی، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەوان لەو باوەڕەدان کە ئەو شێوە حکوومەتە بۆ هەموو دنیا، یان لانیکەم بۆ وڵاتانی دیکەی موسوڵمان هەناردە بکەن، چونکە باشترین سەرمەشق و نموونەیە بۆ شێوەی دەسەڵاتدارییەتی.

• لەباری ئەزموونی ٣٩ ساڵەی تەمەنی ئەو حکوومەتەش، بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە سیاسەت و بەرنامەکانی ئەم ڕێژیمە لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە و ئەگەر ئاڵوگۆڕێک هەبووبێ، توندوتیژتر بوون لە دژی خەڵک، بەرتەسک کردنەوەی زیاتری ئازادییەکان و لە ئاکامدا لەسێدارەدان و زیندانیی زیاتر بووە لە نێوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکانیش دەستێوەردان، ئاژاوەنانەوە و یارمەتیدانی زیاتری بە تاقمە تێرۆریستییەکان ڕەچاو کردووە.

بۆیە هەرچەشنە هیوابەستن و پروپاگەندەکردنێک بۆ ڕیفۆرمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێجگە لە دڵنیاکردن و هاندانی ڕێژیم بۆ درێژەدانی سیاسەتەکانی و وەهم و گومان پێکهێنان لە نێو خەڵکی ئێران و دەرەوە سەبارەت بە ڕیفۆرمهەڵگر بوونی ڕێژیم، هیچی دیکەی لێ شین نابێتەوە. ئەو گومانەش لانیکەمی زیانەکەی، دوورخستنەوەی خەڵکی ناڕازی لە وردبوونەوە لە چۆنیەتی یەکگرتنیان بە مەبەستی ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە و دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیکی دڵخوازی خۆیانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە لەسەر ئەو ڕاستییە پێداگری دەکاتەوە کە تا ئەو کاتەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر دەسەڵاتە، نەک هەر ماف و داخوازەکانی خەڵکی ناڕازیی ئێران دابین نابێ، بەڵکوو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی ئاشتی و سەقامگیری بەخۆوە نابینێ و تیرۆر و تێرۆریزم لە دنیادا نەک کز نابێ، بەڵکوو زیاتر پەرەدەسێنێ.

بۆیە پێویستە، هەموو ئازادیخوازان، هێز و لایەنە دێموکرات و ئاشتیخوازەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لێبڕاوانە و بە بێ دوودڵی یەک بگرن بۆ وەلانانی ئەو حکوومەتە.

## ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی



ئاکامی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە بەشێک لە وڵاتانی خۆرهەڵات و ئەفریقا (ئەوەی بە بەهاری عەرەبی دەناسرێتەوە) بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، نەک هەر نان و ئازادی بۆ خەڵکەکەی بەدیاری نەهێنا، بەڵکوو ئەمن و ئاسایشی ڕواڵەتیی ناوچەکەشی شێواند. لەو وڵاتانەدا کە شنەبای بەهاری عەرەبی گرتییەوە بێجگە لە توونس شەڕ، وێرانی، برسێتی و تێرۆر برستی لە خەڵک بڕیوە، بە شێوەیەک کە لە ئێستادا زۆرن ئەو کەسانەی دۆخی پێش ئاڵوگۆڕەکان بەئاوات دەخوازن. کۆماری ئیسلامی کە بۆ خۆی یەکێک لە گەمەکەرانی ئەم دۆخە نالەبارەیە، بە قازانجی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە نێو خەڵکدا ئەو پەیامە بڵاو دەکاتەوە کە ئەگەر لە ئێرانیش ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ڕووبدات، ئاکامەکەی وەکوو یەکێک لەو وڵاتانە دەبێ. ئەم پڕوپاگەندەیە بەداخەوە لە نێو بەشێک لە خەڵکدا شوێندانەریی هەبووە، بەو واتایەی کە سەرەڕای ناڕەزایەتی دەربڕین لەدژی کۆماری ئیسلامی، بۆ بەشداری لە خەباتێکی یەکلاکەرەوە کە ئاکامەکەی ببێتە ڕووخانی ڕێژیم، ئامادە نین، بۆیە لەنێوان خراپ و خراپتردا بە خراپەکە شوکرانەبژێرن؛ وەک ئەوەی هزر و بیریان لە بازنەی ئەو دوو بژاردەیەدا تێناپەڕێ و بژاردەی سێهەمێک نابینن.

ئەو بۆچوونە هەڵەیە تەنیا تایبەت بە خەڵکی کەمخوێندەوار و ئاسایی نییە، بەڵکوو لە نێو بەشێک لە چینی مامناوەندی کۆمەڵگەشدا کە لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە قۆڵبەست و زیندانی کراون و بێڕێزییان پێکراوە و هەموو شتێکیان لێ زەوت کراوە، ڕەنگدانەوەی هەبووە.

مستەفا تاجزادە، چالاکی ڕیفۆرمخوازی ئێرانی کە چەندین ساڵ لە زینداندا بووە، لە وتووێژێکدا لەگەڵ بڵاوکراوەی خوێندکاریی (آرمانشهر) دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ ئەو بۆچوونەی موهەندیس سەحابی و لە زمانی ناوبراوەوە دەیگێڕێتەوە کە «ڕووخانی کۆماری ئیسلامی تەنیا ڕووخانی حکوومەتێک نابێ، بەڵکوو ئەو ڕووخانە بەرانبەرە لەگەڵ دابەش بوونی ئێران». هەر لەو وتووێژەدا دەڵێت: «موهەندیس سەحابی گلەیی زۆری لە حکوومەت هەبوو بەڵام بە هەموو هێزییەوە بەرگری لە کۆماری ئیسلامی دەکرد».

ئەم دۆخە لە بێهیوایی و چاوەڕوانی، هێندێک لە حیزبەکانی دژبەری(١١) کۆماری ئیسلامیشی گرتووەتەوە. ئەو حیزبانە کە زۆربەیان نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتن و لە نێوخۆدا زۆر بە کەمی لایەنگریان هەیە، بەو هۆیانەوە کە پێشتر باسمان کرد، هەروەها بەهۆی بێهیوایی و سیاسەتی چاوەڕوانی، لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا تووشی دابڕان و جیابوونەوە بوون و ئەو ڕەوتە تا ئێستاش بەردەوامە.

ڕەوتی چەپ لەماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بەدەیان کۆڕ و کۆبوونەوەیان گرتووە بۆ ئەو مەبەستەی کە لانیکەم چەند باڵێکیان بتوانن یەک بگرنەوە، بەڵام تا دێ کێشەکانیان قووڵتر دەبێتەوە. ئێستا وای لێهاتووە کە لەسەر هەڵبژاردنێکی ئەندامانی مەجلیس، سەرکۆمار، یان تەنانەت دانانی پارێزگارێک لە نێوخۆی وڵات، باسێکی بێکەڵک دەورووژێنن و بە مانگ پێوەی سەرقاڵ دەبن، لە نێوخۆی وڵاتیش جووڵەیەک نابینرێ کە شوێندانەری و مۆرکی ئەوانی پێوە دیار بێ.

دۆخی باڵی ڕاستی ئۆپۆزیسیۆنیش باشتر لە دۆخی چەپەکان نییە، تەنانەت لە ١ ـ ٢ ساڵی ڕابردوودا بەهۆی دامەزراندنی (شورای ملی ایران) لە لایەن ڕەزا پەهلەوییەوە، ئەم بەشە زیاتر لە ڕابردوو تووشی سستی و دابڕان هاتووە.

ئەم ڕەوتانە، کاتێک خەبەری چالاکی و خەباتێکی جیددی لە لایەن هێزەکانی بەرهەڵستکار بە تایبەت نەتەوەکانی ئێرانی و لە نێو ئەوانیشدا بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد دەبیستن، بەرهەڵستی دەبنەوە و نیشانەی پرسیاری دەخەنە سەر و کەم و زۆر هەر بەشێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەڵیدەسەنگێنن و مەحکوومی دەکەن.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕاسانی خۆرهەڵات، هەموو ڕەوتەکانی ئۆپۆزسیۆن بە چەپ و ڕاست (بێجگە لە موجاهیدینی خەڵک) بە دژی وەستانەوە، لە باشترین حاڵەتدا چەند لایەنێکیان بە ئاشکرا لە ڕاگەیەنەکاندا دژایەتیيان نەکرد. هەر لەو پێوەندییەدا حیزبی «بزووتنەوەی خەڵکی ئازەربایجان» (جنبش مردم آذربایجان) کە گرووپێکن لە «ڕاەکارگر» جیابوونەتەوە و خۆیان بە هەڵگری هزری چەپ دەزانن و یەکێک لە ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بوون، بە بیانووی ئەوەی حیزبی دێموکرات دەستی کردووەتەوە بە خەباتی چەکداری، لە هاوینی ١٣٩٥دا جیابوونەوەی خۆیان لەو کۆنگرەیە ڕاگەیاند.

- «جبهە دمکراتیک مردم ایران» کە «حشمتالله طبرزدی»، زیندانیی سیاسیی ئێرانی دامەزرێنەریەتی، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا هەوڵیان بۆ لێک نزیک کردنەوەی بەشێک لە ڕێکخراوەکانی دژبەر داوە و لەم دواییانەشدا لەگەڵ ژمارەیەک لە حیزبەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ڕێککەوتننامەیەکیان ئیمزا کردووە کە لە نێو چالاکوانانی کورد و هێندێک لە فارسەکاندا لەگەڵ مشتومڕ و ڕەخنەیەکی زۆر بەرەوڕوو بووەتەوە.

## ڕێکخراوی «موجاهیدینی خەڵقی ئێران»

ئەم ڕێکخراوە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و دوای ئەو لە سەرەتاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا یەکێک لە حیزبە بەهێزەکانی ئێرانی بوو، ئێستاش لەچاو زۆرێک لە حیزبەکانی دیکەی دژبەری ئێران بەهێزە؛ جاروبار لە دەرەوەی وڵات کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵک و هێندێک کەسایەتی ناسراو و بەناوبانگ کە پێشتر بەرپرسایەتییان هەبووە و لە ئێستادا خانەنشین کراون، لە هۆڵێکی گەورە کۆدەکاتەوە و دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران قسە دەکەن و هێندێک لە میدیاکانیش ڕووماڵی دەکەن.

ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە کە پێشتر لە کەمپی ئەشرەف لە نزیکی بەغداد نیشتەجێ کرابوون، بە ناچاری گوێزرانەوە بۆ کەمپی لیبێرتی لە دەوروبەری بەغداد، لەو کەمپەشدا چەندین جار لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییەوە کەوتنە بەر هێرش و بەداخەوە بە دەیان کەسیان لێ کوژرا و بریندار کرا، تا سەرئەنجام گوێزرانەوە بۆ وڵاتی ئاڵبانی.

ئەو ڕێکخراوەیە لەباری بۆچوونی سیاسی، شێوەی بەڕێوەبەری و پێوەندی لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئێرانی ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە و بێجگە لە خۆی کەس و لایەنێکی دیکەی بەلاوە پەسند نییە و ڕێکخراوێکی داخراوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە تەنیا ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیونی ئێرانییە کە لە دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی و لە هەلومەرجێکی تایبەتی و مێژوییدا، گەڵاڵەی خۆدموختاریی کوردستانی ئێرانی لە (شورای ملی مقاومت) پەسند کرد و تا ئێستاش چەند جارێک پابەندبوونی خۆی بەو گەڵاڵەیە دەربڕیوە. یەکێک لەو دەگمەن حیزبانەیە کە لە دەستپێکردنی ڕاسانی خۆرهەڵات، پیرۆزبایی لە حیزب کرد و لە کاتی شەهیدبوونی پێشمەرگەکانمان لە هاوینی ١٣٩٥دا، سەرەخۆشیيان لە حیزب کرد.

لە ماوەی ٢-٣ ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەشت ڕێکخراوی دیکە کە بریتی بوون لە:

- ڕێکخراوی فیداییانی ئێران-زۆرینە (سازمان فدائیان ایران -اکثریت)
- ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی ئێران (سازمان اتحاد فدائیان ایران)
- کۆماریخوازانی دێموکرات و لائیکی ئێران (جدل (جمهوريخواهان دمکرات و لائیک ایران)
- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- یەکگرتوویی نەتەوەیی کۆماریخوازانی ئێران (همبستگی ملی جمهوريخواهان ایران)
- شۆرای کاتیی سوسیالیستەکانی ئێران (شورای موقت سوسیالیستهای ایران)

• هاوڕێیانی پێشوو، لە زنجیرە گفتوگۆیەکدا کە تایبەت بە ڕووخانی ڕێژیم و جۆری نیزامی سیاسیی داهاتووی ئێران بووە بەشداریی کردووە. لە دوای دانیشتن و دیالۆگێکی زۆر بەداخەوە هیچی لێ پێک نەهات. لەو دانیشتنانەدا کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی پێشوو خاڵی ڕووخانی ڕێژیمیان بە تێبینی و تەبسەرەوە قبووڵ بوو و ڕێکخراوی فیداییانی ئێران (زۆرینە)یش بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بە نیسبەت ڕووخانی ڕێژیم ڕاگەیاندووە.

جێی ئاماژەیە کە ڕێکخراوە غەیرە کوردییەکان هیچکامیان بە تەواوی هاوڕا نین لە سەر بۆچوونی ئێمە بە نیسبەت پرسی نەتەوەیی کورد، بەڵام بەشێکیان وەکوو «سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران» کە بەداخەوە ئەوانیش تووشی کێشەی تەشکیلاتی- سیاسی بوون لە بۆچوونی ئێمە نزیکترن. «شورای موقت سوسیالیستهای چپ ایران»یش فێدراڵیزمی پەسند کردووە. لە کۆنگرەی ئاخری ڕێکخراوی فیداییانی ئێران (زۆرینە)یشدا هەوڵێک بۆ بە پەسند گەیاندنی فێدراڵیزم درا، بەڵام دەنگی پێویستی نەهێنایەوە. هەروەها بەشێکی دیکەش لە ئۆپۆزیسیون بۆ نموونە سێکولار- دێموکراتەکان کە دەکەونە بەرەی ڕاستی ئۆپۆزیسیون، سەرەتا ڕوونتر باسی فێدراڵیزمیان دەکرد، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا بۆچوونیان بە نیسبەت پرسی کورد بەرتەسکتر بۆتەوە.

## کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ کە لە سێزدە حیزب و ڕێکخراوەی سەر بە نەتەوەکانی ئێران پێکهاتووە، تەنیا پێکهاتەیەکە کە لە ماوەی چەند ساڵی دوای دامەزراندنی، توانیویەتی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، هەر بۆیەش هەم لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەم لە لایەن ئۆپۆزیسیونی ناوەندگەراوە هەوڵێکی زۆر بۆ لاوازکردنی دراوە، بەداخەوە ئەم هەوڵانەش کەم وزۆر شوێندانەریی نەرێنییان لە سەر کۆنگرەی نەتەوەکان هەبووە. پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا گرینگی بە بەهێزبوون و چالاکتر کردنی ئەم کۆنگرەیە بدات. ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ یارمەتیدەری حیزب و ناسێنەری پرسی کورد لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا بێ. تا ئەو جێگایەی کە دەگونجێ حیزب پێویستە هەوڵ بدات بۆ بەهێزتر کردنی کۆنگرە و کۆکردنەوە و حزووری هەرچی زیاتر و چالاکتری ئۆپۆزیسیۆن لەژێر ئەم چەترەدا.

## ئاکام

بێجگە لەو حیزبە ئێرانییانەی دژبەری کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتیی پێوەندییەکانمان لەگەڵیان، حیزبی دێموکرات لەمێژساڵە لە دوو ڕێکخراوی نێونەتەوەییش ئەندامە:

• ١. ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست کە لە کۆمەڵێک ڕێکخراو و حیزبی وڵاتانی سۆسیالیستی و دێموکرات لە ئورووپا، ئافریقا، ئاسیا و ئامریکای باشوور پێکهاتووە. لە سەرەتاکاندا ئەو ڕێکخراوەیە ناو و ناوبانگێکی جیهانیی هەبوو بەڵام لە ماوەی ۴-۵ ساڵی ڕابردوودا گرینگیی خۆی لەدەست داوە کە هۆیەکەی زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک کێشەی نێوخۆیی ئەو ڕێکخراوەیە، هەر بۆیەش ژمارەیەک لە حیزبە بەناوبانگەکانی ئورووپایی وەکوو ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا نەماون و هێندێکیش ئاستی ئەندامەتیی خۆیان دابەزاندووە.

هەر بە هۆی کەم بایەخ بوونی ئەنتێرناسیوناڵ، چالاکیی حیزبی ئێمەش لەوێدا کەم بۆتەوە و لەو باوەڕەداین کە بە لەبەرچاوگرتنی تێچووی ماڵی و تێکۆشان و زەحمەتی حیزب لەلایەک و دابەزینی بایەخی ئەو ڕێکخراوەیە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، درێژەدانی ئەندامەتی حیزب بەقازانج نییە.

• ٢. UNPO ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان»: ئەم ڕێکخراوە هاوپەیمانییەکە لە سەرجەم نزیکەی ٣٠ ڕێکخراو لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی دونیا سەر بەو نەتەوانەی کە دەوڵەتیان نییە. ناوەندی ئەو ڕێکخراوە لە بروکسێل پێتەختی بێلژیکە و لە دوو دەورەی ئەم دواییەی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەیەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو ئەندامی ڕێبەرایەتی هەڵبژێردراوە. ئەو ڕێکخراوەیە لە کار و تێکۆشانیدا چالاکە و بەتایبەت دەورێکی گرینگی هەبووە لە سازدانی چاوپێکەوتنەکانی نوێنەرانی حیزب لەگەڵ پارلێمانتێر و کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکانی ئەو وڵاتانەی کە حیزب داوای کردووە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئاڵۆز و شپرزەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لەو ناوچەیە و تەنانەت لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، دەسپێکردنی ڕاسانی خۆرهەڵات و پێویستیی زیاترکردنی دۆستانی حیزب و کەم کردنەوەی نەیارەکانی، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای هێز و لایەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێویستە دەرگای گفتوگۆ و پێوەندی لەگەڵ ئەو لایەنانە دانەخەین و لە دیدار و دانیشتنەکانماندا جەخت لە هێڵە گشتی و پرەنسیپەکانی حیزبەکەمان بکەینەوە کە بریتین لە: ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دامەزرانی حکومەتێکی دیموکراتیکی فێدراڵ، بەرەسمی ناسینی ئێران وەکوو وڵاتێکی فرەنەتەوە و مافی نەتەوایەتی و دیموکراتیکی ئەو پێکهاتانە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە باوەڕیان بەو پرەنسیپانە هەیە، هەوڵ بدەین بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی.

## کوردستانی ئێران
## دۆخی ئابووری



کوردستان لەباری ئابوورییەوە لە دۆخێکی خراپدایە. لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تاکوو ئێستا، کوردستانی ئێران بە هۆی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕێژیمەوە، هەروەها دانانی کۆمەڵێک یاسای دەستوپێگیر، وەک پشتیوانی نەکردنی دارایی بە مەبەستی پەرەپێدانی پیشەسازی لە کوردستان، بیانووگرتن بە کەسانی خاوەن سەرمایە بۆ ئەو مەبەستە و...هتد، بێجگە لە هێندێک ناوەندی زۆر بچووکی پیشەسازی کە زۆرتر لەڕێی خەڵکەوە پێکهاتووە، پیشەسازی لە ناوچەکانی کوردستان بوونیان نییە. ئەو ناوەندانەش لە ڕاستیدا زۆرتر ناوەندگەلێکی مۆنتاژی سەنعەتین کە بۆ دابین کردنی کەرەستە سەرەتاییەکانیان بەستراوە بە ناوەند و تەنانەت بەرهەمی ئەو ناوەندە پیشەسازییانەش کە زۆرتر پێوەندی بە پیشەسازیی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە هەیە، بازاڕەکەی بە بازاڕی گشتیی ئێرانەوە بەستراوەتەوە. بازاڕی ئێرانیش بە هۆی ئەو گەمارۆ نێودەوڵەتییانەی کە لەسەری بووە و تەنانەت دوای نەمانی گەمارۆکانیش بەگشتی لە حاڵی نیوەڕاوەستاندا بووە. لە ئەنجامدا ئەو ناوەندانەش لە کوردستان داخراون یان بە نیوەچڵی کار دەکەن، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارەکانیان لە کار دەرکردووە. لە پێوەندی لەگەڵ کشتوکاڵ لە کوردستان، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ڕێژیم بە بێ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بۆ خەڵک، بە تایبەت بۆ جووتیاران، گەڵاڵەی کشتوکاڵی مەبەستدار (طرح کشت هدفمند) بەڕێوە دەبا. ئەو گەڵاڵەیە لەسەر بنەمای(ئابووریی ئاوی تێچوو) بۆ هەر بەرهەمێک لە کشتوکاڵ و پیشەسازی داڕێژراوە. بەپێی ئەو گەڵاڵەیە، ڕێژیم دەیهەوێ ئەو بەرهەمانەی تێچووی ئاویان زۆرە سنووردار بکات بۆ ئەوەی بتوانێ ئاوی زیاتر پاشەکەوت بکات، لەبەرانبەردا ئەو بەرهەمانە کە تێچووی ئاویان زۆرە لە دەرەوە هاوردە بکات.

ئاکامی ئەو بەرنامەیە بووەتە هۆی ئەوەیکە بە تایبەت لە ٢ ساڵی ڕابردوودا، جووتیارەکانی کوردستان لەگەڵ گرفتی زۆر بەرەوڕوو ببنەوە، وەکوو نموونەیەک، لە دوو ساڵی ڕابردوودا کارخانەکانی چەوەندەر لە پارێزگای ورمێ لە تەحویل وەرگرتنی چەوەندەری جووتیارەکان خۆیان بواردووە و ئەو بەشەش کە تەحویلیان وەرگرتووە، لە کاتی خۆیدا پووڵەکەیان نەداوە. هەر لەو ماوەیەدا بەرهەمی پەتاتەش بەو شێوەیە بووە و جووتیارەکان سوودیان لێ وەرنەگرتووە و بەشێکی زۆری بەرهەمەکەیان فەوتاوە، بەرهەمی گەنم و بەرهەمەکانی دیکەش لەگەڵ دۆخێکی خراپ بەرەوڕوو بوونەتەوە.

چەند ساڵ بەر لە ئێستا، بازاڕە سنوورییەکان ڕووی لە پەرەگرتن بوو، بۆیە زۆرێک لە خەڵک ڕوویان تێکرد، بەڵام لە ساڵی ١٣٨٧دا بەربەست لەبەر ڕێگا یاساییەکانی ئەو بازاڕانەش دانرا، بەجۆرێک کە هەر کەسێک لە حەوتوویەکدا دوو جار دەیتوانی بڕێکی سنووردار لە کاڵایەکی دیاریکراو لە سنوورەکانەوە هاوردە بکات؛ لە بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاویدا ئەو ڕێگایەش داخرا و ئەو کەسانەش کە لەو بەشە لە کار و بازاڕەکاندا چالاک بوون، بێکار بوون.

هۆکارێکی دیکەی کەسادیی بازاڕی کوردستان، گەڵاڵەیەک بوو کە لە سەرەتاکانی ١٣٩٢ی هەتاوی بە هۆی بەشێک لە بەرپرسانی پلەبەرزی ڕێژیم کە نزیک لە ئەحمەدینەژاد بوون (وەکوو بەرپرسانی سپای پاسداران و محەممەدڕەزا ڕەحیمی جێگری ئەحمەدینەژاد)، بەڕێوە

چوو. بۆ ماوەی چەند مانگێک، لەبەرئەوەی سوودێکی بەرچاوی بۆ بەشدارانی ئەو گەڵاڵەیە بەدواوە بوو وردە وردە خەڵکێکی زۆر ڕووی تێکرد و سەرمایەکانیان لەو بوارەدا خستەگەڕ، لەئەنجامدا پارەیەکی زۆر لە بازاڕی کوردستان جەزبی گەڵاڵەکە و حیسابە بانکییەکان کرا؛ دواتر بە شێوەی لەناکاو ئەو حیسابە بانکییانە داخران و لە لایەن سپای پاسدارانەوە دەستیان بەسەردا گیرا، محەممەدڕەزا ڕەحیمیش تاوانبار کرا کە دەستی لەو بازاڕە نایاساییەدا هەبووە، بەڵام سەرمایەی سەدان کەس لە کوردستان کە لەو گەڵاڵەیەدا بەشدار بوون (کە بەپێی هێندێک لە سەرچاوەکانی هەواڵ، نزیک بە یەک میلیارد دۆلار بەراورد دەکرێ) نەدرایەوە بە خاوەنەکانیان، ئەوەش زەربەیەکی قورسی دیکە بوو لەبازاڕی سست و بێڕەونەقی کوردستان.

کێشەیەکی دیکە کە لەو ساڵانەدا بۆ بازاڕی کوردستان پێکهات، پێوەندیی نێوان دراوی بیانی(ارز) و بازاڕی زەوی خانووبەرە (مەسکەن) بوو. لە ساڵی ١٣٩٢ بەملاوە کە بە هۆی گەمارۆکانەوە بەهای پووڵی ئێران ڕۆژبەڕۆژ لە دابەزیندا بوو خەڵک بۆ پاراستنی داراییەکانیان، لە بەشی خانو و زەوییەکانی شاردا سەرمایەگوزارییان کرد و هەر ئەوەش بوو بە هۆی هەڵاوسانی بازاڕی خانووبەرە، لە ئێستادا ئەو بازاڕە لە دەورانی سستی(کەسادی) خۆیدایە، هەر بۆیەش بەشێکی زۆر لە سەرمایەی نەختینەی خەڵکی، بێ جووڵە (راکد) ماوەتەوە.

ئەوانەی باس کران، تەنیا چەند نموونەیەک لەو کوسپ و تەگەرانە بوون کە لە ماوەی ٤ ٥ ساڵی ڕابردوودا ئابووریی کوردستانیان بەرەو دۆخێکی خراپتر بردووە و بوونەتە هۆی ئەوەیکە ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانە کە خاوەنی سەرمایە بوونە، سەرمایەکانیان بۆ پاراستن و پەرەپێدان بگوازنەوە بۆ دەرەوەی کوردستان. ئەو هۆیانەش هەموویان شوێندانەر بوون کە ئابووریی کوردستان لە دۆخێکی زۆر نەخوازراودا بمێنێتەوە و هاوکات ڕێژەی خەڵکی بێکار و بێداهات ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر ببێ و مەسەلەی هەژاری پەرە بستێنێ.

لە تازەترین ئاماردا، کە لە پاییزی ١٣٩٥ لە لایەن ناوەندی ئاماری ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە، کرماشان (بە نرخی هەڵدانی حەشیمەت٦٩/٠٪) کە بڕێک کەمتر لە دوو میلیۆن کەس دانیشتووی هەیە، بە بوونی نرخی بێکاری٢٠/٧٪ـەوە لە ئاستی ئێراندا، پلەی یەکەمی بێکاریی وڵاتی پێدراوە، بەڵام هەر بەپێی ئەو ئامارە، پارێزگای کرمان(بە نرخی هەڵدانی حەشیمەت ٢/٧٪) بە ٣،١٦٤،٧١٨ کەس حەشیمەتەوە، نرخی بێکارییەکەی تەنها ٥/٢٪ ە.

شاپوور قەنبەری، بەڕێوەبەری کۆمپانیای شارۆچکە پیشەسازییەکانی پارێزگای کرماشان، لە وتووێژێکدا کە لە ١٨ی گەلاوێژی ١٣٩٥دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: «٤٨٪ لە یەکە بیناسازییەکانی شارۆچکە پیشەسازییەکانی کرماشان چالاک نین و ٦٨٪ لە یەکە چالاکەکانیش تەنیا نیوەی زەرفیەتیان چالاکن».

سەرباری ئەم هەلومەرجە خراپەی پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بوومەلەرزەی شەوی٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاویی پارێزگای کرماشان، خەسارەتی گیانی و ماڵیی زۆر قورسی بۆ دانیشتوانی ئەم بەشەی خۆرهەڵات پێکهێنا.

«بەپێی ڕاگەیاندنی پارێزگاری کرماشان، ٧ شار و زیاتر لە ٧٧/٥٪ لە ئاواییەکانی ئەم پارێزگایە کە نزیک بە ١٩٤٠ ئاوایی لەخۆ دەگرێ، لەو بوومەلەرزەیەدا وێران بوون. ٣١هەزار شوێنی نیشتەجێبوون ڕووخاون، ٧ هەزار یەکەی کار زەرەری پێگەیشتووە، ٩ شوێنەواری مێژوویی ١٥ تا ٢٠٪ خەسارەتی دیوە، زەرەر و زیان لە بەشی کشتوکاڵ بە ٨٠٠ میلیارد تمەن خەمڵێندراوە، ٣٠٪ ئاژەڵی ئەو پارێزگایە تێداچوون، لە ٧٥٨ قوتابخانە کە لە ناوچەی بوومەلەرزەلێدراو هەڵکەوتوون، ٨١ قوتابخانەیان بە تەواوی وێران بوون، کە دەکاتە ٦٥/٥٪ی تەواوی قوتابخانەکانیان بە ٤٣٠ پۆلی وانە وتنەوەوە، ٣٥٠ پرد و بینای سەنعەتی لە نێوان ١٠ تا ٨٠٪ زەرەریان پێگەیشتووە و باقی دامودەزگاکانی ڕێگەوبان، ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا، گاز و... تووشی خەسارەت بوون.

بێجگە لەوانە، ئاماری خەسارەتی گیانی وەکوو کوژراو و بریندار ڕوون نییە، کوژراوانی ئەم ڕووداوە بە شێوەی فەرمی ٤٧٤ کەس ڕاگەیەندراوە، لە حاڵێکدا قسە لە زیاتر لە ١٠٠٠ کەس دەکرێ. (ماڵپەڕی هەواڵدەریی «شعار سال»)

بێگومان ئەو هەلومەرجە لە چوونەسەری ئاستی بێکاری و هەژاریی ئەو پارێزگایە کاریگەریی تایبەت بەخۆیان هەیە. ئاماژەیەک بە هێندێک لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی پارێزگای

کرماشان، شوێندانەری نەرێنیی ئەو جیاوازیدانانە و پەراوێزخستنی کرماشان وەکوو نموونەیەک، دۆخی خراپی ناوچە کوردستانی و کوردنشینەکانی ئێران ڕوونتر دەکاتەوە: لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٩٥دا، ١١٢٢٤(یازدە هەزارو دووسەد و بیست و چوار) کەیسی هاوسەرگیری تۆمار کراوە، لەبەرانبەردا ٢٦٩٥ جیابوونەوە(تەلاق)، واتە بڕێک زیاتر لە ٢٤٪.

بەپێی ئاماری دەبیرخانەی شۆرای هاوئاهەنگیی بەرەنگاربوونەوەی مادده سڕکەرەکانی پارێزگای کرماشان، ئەم پارێزگایە ٥٥ هەزار تووشبوو بە ماددەی سڕکەری تێدایە، کە ٨٪ لەوانە ژنن. ئاستی مەترسیی ئەم دیاردەیە کاتێک ڕوونتر دەبێتەوە کە بزانین دوو ساڵ لەوەپێش، ئاماری ژنانی تووشبوو تەنیا ٣٪ بووە. لە پارێزگای کرماشاندا ٢٨٪ی دانیشتوانی لە پەراوێزی شارەکان دەژین، واتە پەراوێزنشینن و ژمارەیان دەگاتە ٣٠٠ هەزار کەس، لەو بارەوە پارێزگای کرماشان لە ئاستی ئێراندا پلەی یەکەمی هەیە.

جێگای سەرنجە کە لە ساڵەکانی ١٣٩٢ تا ١٣٩٤ی هەتاوی، ٣٧٪ی حەشیمەتی بێکاری کوردستان لە خوێندەوارانی ئاستی دیپلۆم و لیسانس و ٥٦٪یش لە دیپلۆم و ژێردیپلۆم پێکهاتوون.

بێگومان لە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆدا بەرزبوونی ئاستی هەژاریش دیاردەیەکی سروشتی دەبێ. لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەی هەژاریدا، لە لایەن ناوەندەکانی ڕێژیمەوە ئاماری جیاواز و دژبەیەک ڕاگەیەندراون، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی نیشانی دەدا کە هێڵی هەژاری بەپێی پێداویستییەکانی خواردن، جلوبەرگ، شوێنی نیشتەجێ بوون، تەندروستی و دەرمان، بۆ هەر بنەماڵەیەکی ٤ کەسی لە کوردستان، بەم شێوەیە:

- لە گوندەکان یەک میلیۆن تمەن
- ئەو شارانەی کەمتر لە ٢٠٠ هەزارکەس حەشیمەتیان هەیە، یەک میلیۆن و سێسەد هەزار تمەن.
- ئەو شارانەی کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزارکەس حەشیمەتیان هەیە، یەک میلیۆن و هەشتسەد هەزار تمەن.
- سێ شاری ورمێ، سنە و کرماشان، دوو میلیۆن و دووسەد هەزار تمەن لە مانگدا.

بەپێی ئاماری فەرمیی ناوەندی ئاماری ئێران، نێونجی داهاتی یەک بنەماڵەی شارنشین لە ساڵی ١٣٩٤ لە پارێزگاکانی کوردستان (لە نێونجی ئەو داهاتە لە شارەکانی دیکەی ئێران کەمترە) بەم شێوە بووە:

- نێونجی مانگانە لە ئیلام ١٦٥٠٠٠٠، سنە ١٦٨٠٠٠٠، ورمێ ١٧٠٠٠٠٠ و کرماشان ١٧٥٠٠٠٠ تمەن.

ئەو داهات و خەرجە نیشان دەدا کە زۆربەی خەڵکی کوردستان لەژێر هێڵی هەژاری یان نزیک لە هێڵی هەژاریدا دەژین.

## قەیرانی ئاو و هەڕەشەکانی وشکەساڵی



ئێران بەگشتی لەژێر هەڕەشەی کەمئاویدایە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەمئاوییە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە ئاوی کوردستان بە چەندین شێوە زەربەی قورسی لە سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان وەشاندووە:

- ١. دروست کردنی بەنداوە گەورەکان. ئەو بەنداوانە بە هۆی لە ناوبردنی چۆمە مێژووییەکان بە مەودای دوور و درێژیان، کێشەگەلی قەرەبوونەکراوەیان بۆ ئیکۆسیستەمی ئەو ناوچەیە پێکهێناوە، کە لە یەک دوو دەیەی داهاتوودا ئاسەواری نێگەتیڤی ئاشکراتر دەردەکەوێ، وەکوو ئەو «تەپووتۆزەی لە ئێستادا پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێی تووشی کێشە کردووە».

- ٢. گواستنەوەی ئاوی ئەو بەنداوانە بۆ شوێنەکانی دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دیاری کردنی کەمتر لە ٥٪ی ئەو ئاوە بە خەڵکی کوردستان. ئاوی بەنداوی نگڵ بە زیانێکی قورس لە ژینگەپارێزیی کوردستان دەبەن بۆ هەمەدان، ئاوی بەنداوی»چراویس»ی سەقز، ئاوی بەنداوی بانە، بەنداوی کازمی بۆکان بۆ شوێنەکانی دەرەوەی کوردستان و بەشێکیشی بۆ زیندووکردنەوەی دەریاچەی ورمێ دەگوازنەوە و چارەنووسی دەیان بەنداوی دیکەش هەر بەو شێوەیە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە.

گواستنەوەی ئەو ئاوانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەیکە ئەو ناوچانە ببن بە ناوچەگەلێک کە ژیانی تێدا نەکرێ و خەڵکەکەی لەژێر زەختی بێکاری و دۆخی ژینگەی نەگونجاو، ناچار بە کۆچ

کردن بۆ ناوچە پیشەسازییەکان بکرێن و لە ماوەیەکی کورت مەودادا لە کولتوری ئەو شوێنانەدا هەرس بکرێن. زەربە وەشاندن لە سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان تەنیا لە ڕێگەی دروستکردنی بەنداوەکانەوە نییە، بەڵکوو نەبوونی حیمایەت و پشتیوانیی وەک یەک بۆ نوێ کردنەوەی سیستمی ئاوەدانیی زەوی لەو ناوچانەش بەڕێوە دەچێ؛ بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، بوودجەی بێ بەرامبەری تەرخان کراو بە پارێزگای هەمەدان بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی ئاودێری کردنی نوێ لە ئاستی ١٥٠ هەزار هێکتار بووە، بەڵام هەر لەو کاتەدا بوودجەی تەرخانکراو بە پارێزگای سنە ٢ هەزار هێکتار بووە.

بێجگە لە هەمووی ئەوانە بەرپرسانی گەندەڵ کە زۆربەیان خەڵکی کوردستان نین و ناشارەزا بە کێشەکانی ئاون، لە کوردستان تەنیا بە وەرگرتنی بەرتیل ئیجازە بە هەڵکەندنی ژمارەیەکی زۆر بیری قووڵ و نیوەقووڵیان داوە کە پێشبینی دەکرێ بەکەڵک وەرگرتن لە ئاوی ئەو بیرانە لە ٢٥ ساڵی داهاتوودا ئەو بەشانەی کوردستان بنە ناوچەگەلی غەیرە کشتوکاڵی ( دەشتی قوروە و دێگولان لە ماوەی ٥ ساڵی دواییدا ١٧ سانتیمێتر ئاستی ئاوی ژێرزەوییان دابەزیوە).

## دۆخی سیاسی لە کوردستان



لە مێژووی هاوچەرخی ئێران، بە تایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی پەهلەویی یەکەم و دووەم و دوای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کورد لەم پارچەیە بە هۆی زمان، ئایین(بەشێکیان) و بە تایبەت مێژووی خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، وەکوو هاووڵاتیی پلە دووهەم هەژمار کراون و هیچکات جێگەی بڕوای ڕێژیم نەبوونە و بە شێوەیەک هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە وەک ئەوەی هەموویان تاوانبار بن، تەنانەت ئەو بەشە لە کوردەکان کە ئامادەبوون بۆ خۆشخزمەتی کردن بە ڕێژیم دژی شۆڕشگێڕانی نەتەوەی خۆیان دەست بدەنە چەک، نەیانتوانیوە بڕوا و متمانەی ڕێژیم بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەیکە بەرپرسایەتیی سیاسی، ئەمنیەتی و نیزامی کە تۆزێک لە ئاستی سەرەووتردا بێ، هەمووی سپێردراوەتە خەڵکی غەیری کورد.

حەسەن ڕۆحانی لە هەر دوو دەورەی کاندیداتۆریی خۆیدا، بەڵێنی زۆری لە پێوەندی لەگەڵ باشترکردنی دۆخی سیاسیی کوردەکان دا. هەر بە هۆی ئەم بانگەشانەوە بوو کە ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی کورد بەبەراورد لەگەڵ کاندیداکانی دیکە دەنگیان پێ دا، بەڵام دوای هاتنە سەرکاری، نەتەنیا بەڵێنەکانی نەبردە سەر، بەڵکوو بەردەوام بوو لە درێژەدانی هەمان ئەو سیاسەتانەی کە ئەوانەی پێشتر لە خۆی بەڕێوەیان بردووە.

ئەو کاتانەی کە بەرپرسانی پلەبەرزی حکوومەت بۆ سەردانی کوردستان دێن، بۆ فریودانی خەڵک دەست بە پێداهەڵگوتنی کوردەکان دەکەن، بەڵام کاتێک کە پێویستە بە کردەوە لانیکەمی مافی کوردەکان دابین بکەن، ڕەفتاری بەپێچەوانە و تەژی لە بێ‌متمانەیی بەوان دەگرنە بەر، بۆ نموونە:

عەبدولڕەزا ڕەحمانی فەزلی، وەزیری نێوخۆی دەوڵەتی ڕۆحانی لە مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٢دا، لە کاتی ناساندنی پارێزگاری نوێی پارێزگای سنە، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ خەڵکی ئەو شارە، زۆر پەسندوێژیی کوردی کرد، ناوبراو لە بەشێکی قسەکانیدا گوتی: «هیچ نەتەوەیەک (قەومێک) ناتوانێ بانگەشە بکا کە بەقەدەر کوردستان لە شەڕ و دژوارییەکاندا خۆڕاگری لە خۆی نیشان داوە، هیچ نەتەوەیەک بەقەدەر کوردەکان دڵسۆزییان بۆ شۆڕش نیشان نەداوە. ..»، بەڵام لە درێژەی قسەکانیدا، کاتێک هاتە سەر هۆکاری هەڵنەبژاردنی پارێزگاری خۆجێیی، گوتی: «مافی بێ‌ئەملاوئەولای خەڵکی کوردستان بوو کە پارێزگارێکی خۆجێییان هەبێ، بەڵام بژاردەیەکی خۆجێییمان نەدۆزییەوە کە بتوانێ ئەو ئەرکە گرینگە بەڕێوەبەرێ و ئەزموونی پێویستی هەبێت». وەزیری نێوخۆ بەو قسانە نەک هەر مافی خەڵکی کوردستانی لە بوونی پارێزگارێکی خۆجێیی پێشێل کرد، بەڵکوو ئەوانی بە خەڵکی بێ‌توانا و ناشایست وەسف کرد کە توانای بەڕێوەبردنی ئەرکی پارێزگارێکیان نییە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵکی کوردستان هەر بەو بەرنامانەوە ڕانەوەستاوە، بەڵکوو لە بواری فەرهەنگیشدا بە شێوەیەکی ژێربەژێر و بەرنامەداڕێژراو خەریکی شێواندنی فەرهەنگی خەڵکی کورد و سووک نیشاندانی لەبەرچاوی بەرەی نوێ و بیروڕای گشتییە.

ماوەیەکی زۆرە، ڕێژیم لە ڕێی ئەم بەرنامانەوە هەوڵ دەدا کە زمان و جلوبەرگی کوردی کە ناسنامەی کوردایەتین، لە بەرچاوی خەڵک بێبایەخ بکات، مێژووی خەباتیان بشێوێنێ و چەواشەی بکات؛ بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت تێچوویەکی زۆر تەرخان دەکا بۆ پەروەردەکردنی کەسانێکی بەناو کورد کە لەو پێوەندییەدا زۆر چالاکن و زۆر باشتر لە کەسانی غەیری کوردزمان دەتوانن لەو بوارەدا خزمەتی ئامانجەکانی ڕێژیم بکەن. ئەو کەسانە کتێب و نووسراوەی زۆریان بەرهەم هێناوە و بە یارمەتی دامودەزگاکانی ڕێژیم بە شێوەی بەرچاو بەرهەمەکانیان چاپ و بڵاو دەبێتەوە. لەو بوارەدا، ڕاگەیەنە خۆجێییەکانی ڕێژیم لە کوردستان، بە تایبەت تەلەفزیۆنەکان دەوری سەرەکی دەگێڕن. لەو ڕاگەیەنانەدا زۆرتر بە زمانی کۆڵان و بازار و بە شێوەیەکی ئامانجدار بەرنامە بڵاو دەکەنەوە. «سیمای زاگروس» کە تایبەت بە پارێزگای کرماشانە، نموونەیەکی چالاک لەو ڕاگەیەنانەیە. لەو بەرنامانەی کە لەو تەلەفزیۆنەدا بڵاو دەبێتەوە و زۆرتر سووژەکانیان تایبەتن بە گوند و ئاژەڵداری و خەڵکی لادێ و...هتد، زاراوەی کەلهوڕی بەکاردێنن و جلوبەرگی کوردییان تێدا بەرچاوە، بەڵام ئەو بەشە لە بەرنامەکان کە بابەتی زانستی، ئەدەبی، تەندروستی و... هتدە، بە زمانی فارسی و بە جلوبەرگی فەرمی(کۆت وشەلوار) بڵاو دەکرێنەوە. ئامانجی ڕێژیم لەو کارە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خەڵک تێبگەیەنێت کە زمانی کوردی، زمانی ئاژەڵداری، گوندی و گاڵتەجاڕییە و زمانی فارسی و جلوبەرگی فەرمی تایبەتە بە توێژی خوێندەوار و پێشکەوتوو. بەداخەوە ئەم بەرنامانەی ڕێژیم کەم و زۆر لەسەر هێندێک لە بنەماڵەکان شوێندانەر بووە، بە جۆرێک کە لە ماڵەکانیاندا بە زمانی فارسی دەدوێن، بەو هیوایەی منداڵەکانیان فێری فارسییەکی ڕەوان بن و لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردیش وەلابنێن.

## دۆخی ئەمنیەتی و لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ



سەرباری ئەم هەموو نەهامەتییانەی کە دیاری و ئەنجامی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی کورد بووە، زەختی ئەمنیەتی بە تایبەت بۆ سەر چالاکانی مەدەنی لە ٤-٥ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە جاران پەرەی گرتووە و لە ئاکامدا مافی مرۆڤ لە کوردستان بە شێوەیەکی سیستماتیک پێشێل کراوە، لەو پێشێلکارییانەدا کوردە یارسانەکان پشکی شێریان بەرکەوتووە.

ئاژانسی «کوردپا» لە ئامارێکدا، ٥٤٤١ جار لەژێرپێنانی مافی مرۆڤی کوردی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٩٢ تا مانگی ٩ی ١٣٩٥ تۆمار کردووە. سەرچاوەکانی ئامار و زانیارییەکانی پەیوەست بەم پێشێلکارییانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ناوچە کوردنشینەکانی دیکەی ئێران، سەرچاوە خۆجێییەکانن. بە هۆی نەبوونی میدیای ئازاد و بڵاونەکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوەی ڕاستەقینە، گومان لەوەدا نییە کە ئامار و ڕێژەی ئەم پێشێلکارییانە لەوانەش زیاتر بێت. لەم بەشە لە ڕاپۆرتدا تەنیا چەند نموونەیەک دەخەینە بەرچاوی خوێنەر:

- کوژرانی ١٠١کەس و بریندارکردنی ١٢٧ هاووڵاتیی ئاسایی
- کوژرانی ٤٩ کەس و بریندارکردنی ١٣٥ کەس بە هۆی تەقینەوەی مین
- لە سێدارەدانی ٢٢٦ کەس
- بێبەش کردنی خوێندکار لە خوێندن ٤٣ کەس
- پێشگرتن لە وانە گوتنەوەی مامۆستا لە زانکۆ و قوتابخانە، ١٣ کەس
- لە ساڵی ١٣٩٣دا، بە بیانووی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک بۆ پشتیوانی کردنیان لە کۆبانێ ١٦٨ کەس دەستگیر کراون.
- لە پێوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵک سەبارەت بە بێڕێزی کردنی ناوەندیی دەنگ و ڕەنگی مەهاباد بە هونەرمەندی خۆشەویستی کوردان حەسەن زیرەک،١٠٠ کەس قولبەست کران یان بانگ کرانە ناوەندە ئەمنییەکان و کەوتنە ژێر لێپرسینەوە.
- لە ساڵی ١٣٩٤دا، ٢٤٤ کەس لە شار و ناوچەکانی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر، بەکۆمەڵ و بە شێوەی هەڕەمەکی لە لایەن هێزە ئەمنیەتی و لیباس شەخسییەکانەوە دەسبەسەر کران. ئەو دەسبەسەرکردنانە لە کاتێکدا بوو کە لە یاسای بنچینەیی ئێراندا، ئەو چەشنە دەسبەسەرکردنانە قەدەغە کراون.

ـ هەر لەو ماوەیەدا لە کۆی ٢٢٦ فەقەرە لەسێدارەدانی شارۆمەندانی کورد، ٧ زیندانیی سیاسی ئێعدام کراون، ٦ زیندانیی سیاسی حوکمی ئێعدامیان لە دیوانی بەرزی وڵات پەسندکراوە، ٤ مێرمنداڵی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ ئێعدام کراون و ٢ کەسی دیکەیان بە ئێعدام مەحکووم

کراون. لانیکەم ٤ کەسی دیکەش لەو زیندانییانە کە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا و کاتێک تەمەنیان لە ژێرەوەی ١٨ بووە، دەسبەسەر و مەحکووم بە ئێعدام کراون و ئێستاش لە زیندانی سنەدان؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان کە ئێرانیش تیایدا ئەندامە ئێعدامی منداڵانی کەمتر لە ١٨ ساڵ قەدەغە کراوە.
زیندانییە سیاسییە کوردەکان وەکوو هەموو زیندانییە سیاسییەکانی ئێران، لە بوونی دادگایەکی عادڵانە و پارێزەر بێبەش کراون. زۆربەیان دوای دەسبەسەرکردن، چەندین ساڵ بە بێئاسۆیی (بلاتکلیف) لە شوێنی دەسبەسەرکردنەکان و زیندانە تاکەکەسییەکان ڕادەگیرێن و زۆرجار بە هۆی ئەشکەنجەی زۆرەوە ناچار بە دانپێدانان دەکرێن، یان دان بە تاوانێکدا دەنێن کە نەیانکردووە.
لە ئێستادا سێ کەس لە زیندانییە سیاسییە کوردەکان زۆرترین تەمەنی خۆیان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا تێپەڕ کردووە، تاوانەکانیان وەپاڵنانی پێوەندی ئەوان بە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی دژبەری ڕێژیمە، ئەو بەڕێزانە «عوسمان مستەفاپوور»، «محەمەد نەزەری» و «والی دروودی»ن.

سەرەڕای هەموو ئەو ستەم و جیاوازیدانانە لەسەر کورد، کوردەکانی پێڕەوی یارسان لە دۆخێکی دژوارتریشدا دەژین. ئەم بەشە لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە تاوانی ناموسوڵمان بوونیان چەند قات زیاتر لە کوردەکانی پێڕەوی شیعە و سووننی دەخرێنە ژێر ئازار و هەڵاواردن. یارسانەکان لە هیچ دامودەزگایەکی حکوومەتی دانامەزرێندرێن، تەنانەت لە کار و کاسپی ئاساییشدا بە شێوەی سیستماتیک دەکەونە بەر بەهانەپێگرتن، شوێنی کاریان دادەخرێ، تا ئێستا زۆرجاران ئەوان سەبارەت بەو ستەمانە بە کۆمەڵ ناڕەزایەتییان دەربڕیوە، بەڵام نەک هیچ گوێیان لێ ناگیرێ و بگرە ڕۆژبەڕۆژ ستەمەکانی سەریان زیاتر دەکرێ.

عاسمە جیهانگیر ڕێپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران، لە ڕاپۆرتەکەیدا کە تایبەت بە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ی زایینییە و لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سێهەمی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان خوێندییەوە، سەبارەت بە ئێعدام، دۆخی کەمە نەتەوەیی، قەومی و عەقیدەتییەکان، ئەشکەنجە، پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و دۆخی مافی ژنان لە ئێران نیگەرانیی خۆی دەربڕی.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای دەسەڵاتداریی خۆیەوە باوەڕی بە یەکسانی و مافی ئینسانیی ژن نەبووە، بۆیە هەتا ئێستاش ڕوانگەیەکی ڕەگەزیی داخراو لە لایەن کۆماری ئیسلامی لەسەر بەشداریی ژنان لە هەموو بوارەکاندا هەیە. ئەو تێڕوانینە سەبارەت بە مەسەلەی ژن لە هەموو یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو هەڵاواردنە ڕەگەزییە بەو گەڵاڵانەی کە بە پەسندی مەجلیس دەگا، قووڵتر دەبێتەوە و دەرەتان بۆ چالاکیی ژنان بەرتەسکتر دەکاتەوە. پەسەندی گەڵاڵەی (امر بە معروف و نهی از منکر) لە ساڵی ١٣٩٣ نموونەیەکی بەرچاوی ئەو گەڵاڵانەیە.
لەگەڵ ئەوەیکە ئاستی خوێندنی زانکۆیی و زانستیی ژنانی ئێران بە بەردەوامی بەرەو هەڵکشانە، بەڵام ئەوەش نەبووەتە هۆی ئەوەیکە دەرفەتی کاری زیاتر بۆ ژنان بڕەخسێ، بە شێوەیەک کە ڕێژەی بێکاری لەنێو ژنانی خوێندەواری زانکۆ سێ هێندە، لە پیاوانی هاوچەشنی خۆیان لە ئێراندا زیاترە.

مافە ئینسانییەکانی ژنان لە ئێراندا بە پاساوی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی بەشێوەی بەربڵاو پێشێل دەکرێ و گەشتی ئیرشاد بە ناچارکردنی ژنان بە خۆداپۆشین و حیجابی زۆرەملی، کێشەیان بۆ درووست دەکا. ئەوەی لێرە گرینگە ئەوەیە کە لەوانەیە حیجاب کێشەی سەرەکیی ژنانی ئێران نەبێ و نییە، بەڵام ئەو فیکر و تێڕوانینەی کە لە پشت حیجابی زۆرەملی هەیە سەرچاوەی وەلانان و پەراوێزخستنی ژنان لە ئێراندایە، بۆیە هێماکانی ناڕەزایەتی دەربڕین لەلایەن ژنانەوە لەسەر حیجاب لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بۆتە هێمای بزووتنەوەیەکی سەرانسەریی ژنان لە ئێراندا و تاکوو ئێستاش لەسەر ئیرادەی مافخوازیی ژنان شوێندانەر بووە.

لێرەدا کێشەی ژنی کورد بە جۆرێکی دیکە خۆی دەنوێنێ، ئەویش بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانە کە هەر چەشنە چالاکییەکی ژنی کورد لە کوردستانی ئێران مۆرکێکی سیاسی لێدەدرێ و حوکمی لەسەر بەڕێوەدەچێ. بە شێوەیەک کە دەسبەسەرکران و زیندانی کردنی ژنانی چالاکی کورد زۆر

بەرچاو بووە. ئاماری دەسبەسەرکرانی ژنانی چالاکی کورد لە نێوان ساڵانی ١٣٩٤ هەتا ١٣٩٦، ٨٥ کەس بووە کە ١٢ کەسیان حوکمی ١٩ ساڵ یان زیاتریان بەسەردا سەپاوە، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە مەسەلەی ژنی کورد مەسەلەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتییە.

## کۆڵبەر و دیاردەی کۆڵبەری لەژێرپێنانی ئاشکرای ڕۆژانەی مافی کوردەکانی ڕۆژهەڵات



بەهۆی دۆخی دژواری ئەمنیەتی، ئابووری و سیاسیی کورد لە ئێراندا کە پێشتر لەو بەشە باسمان کرد، بەشێک لە خەڵکی بێدەرەتان لەڕووی ناچارییەوە ڕوویان کردۆتە پیشەی کۆڵبەری کە یەکێک لە بەزەحمەترین و مەترسیدارترینی پیشەکانە (ئەگەر بکرێت وەکوو پیشە ناوی بێنین). ئەو کەسانە بە گەرمای هاوین و سەرما و سەهۆڵبەندانی زستان بە ڕێگا مەترسیدارەکانی چوەم، کوێستان و دارستانەکانی سنووردا، کۆڵی قورسی کەلوپەل لەکۆڵ دەنێن و لە بەرانبەر حەقدەستێکی کەم بۆ ئەوەی بتوانن بەشێک لە پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان دابین بکەن، لە سنوورەکان دەیگوازنەوە. لەنێو ئەوانەدا لە مێرمنداڵی تەمەن ١٦-١٧را بگرە هەتا کەسانی بەتەمەنی ٦٥ ساڵ و بەرەوژوورتری تێدایە. ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانە لە چۆمەکانی سەر ڕێگادا دەخنکێن، لە بەرزایی کوێستانەکان هەڵدەدێرێن و گیانی خۆیان لەدەست دەدەن، یان کەمئەندام دەبن یان دەکەونە ژێر ڕنوو و بەفری کوێستانەکانەوە و لە سەرما و بەفردا سەرما دەیانبا و ڕەق هەڵدێن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت بەزەیی بەو خەڵکە لێقەوماوەشدا نایەتەوە و وازیان لێناهێنێت بەو زەحمەت و کوێرەوەرییە شەوەنانێک بۆ خێزانەکانیان دابین بکەن. بەکرێگیراوەکانیان دەیاندەنە بەر دەسرێژی گوللە و ڕۆژ نییە ئێمە گوێبیستی هەواڵی گیان لەدەستدان یان برینداربوونی ئەو کەسانە نەبین. بەپێی ئاماری ناوەندی هەواڵدەریی «کوردپا» لە نێوان ساڵەکانی ١٣٩٢ هەتا مانگی ٩ی ١٣٩٥ی هەتاوی، ١٥٦ کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆی ئەو بەکرێگیراوانە کوژراون و ١٩٠ کەسی دیکەشیان بریندار بوونە.

بە نیشانەی ناڕەزایی دەربڕین سەبارەت بەو ناحەقی و زوڵم و زۆردارییە لە ڕێکەوتی ١٤ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، خەڵکی شاری بانە دەستیان دایە ناڕەزایی دەربڕینی چەند ڕۆژە و دانیشتووانی چەند شارێکی دیکەی کوردستانیش بۆ دەربڕینی پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی بانە ڕژانە سەر شەقامەکان. بەرپرسانی ڕێژیم بۆ ئارام کردنەوەی خەڵکی ناڕازی و دامرکاندنەوەی ڕێپێوانەکان بەڵێنی زۆریان بە خەڵک دا، بەڵام نەک هەر هیچکام لە بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکرد، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکەیان دەسبەسەر کرد و بۆ هێندێک لەوان زیندانی درێژماوەیان بڕییەوە.

## کوردستان خۆڕاگرە

سەرەڕای هەموو پیلانەکانی ڕێژیم بۆ زەبروزەنگ نواندن بەرانبەر بە کورد لە خۆرهەڵات (کە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە بەشێکی کەمی کراوە)، ئەم نەتەوەیە لە بەرانبەر ڕێژیمدا خۆڕاگر بووە، ئەو خۆڕاگرییەش بووەتە هۆی ئەوەیکە بکەوێتە بەر ڕق و دوژمنایەتی زیاتری ڕێژیم و تۆڵەسەندنەوە، کە ئەنجامەکەی بووە بە بێبەش کردن، پەراوێزخستن، پێشێل کردنی مافەکانی و... هتد.

٣٩ ساڵ لە دەسەڵاتداریی نگریسی کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و سەرکوتی سیستماتیکی بەرانبەر بە نەتەوەی کورد تێپەڕ بووە. لایەنی کورد بەدەستی بەتاڵ، بەڵام بە ئیرادەیەکی لەبڕان نەهاتوو لەبەرانبەر دەسەڵات و هێزی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیم کە خاوەن سەرمایە، زیندان، نان و پۆلیس و سەرنێزە و هەموو ئیمکاناتێکە، ڕۆژبەڕۆژ لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانی شێلگیرتر بووە. لە وەها هەلومەرجێکدا، کورد لە کەمترین دەرفەت کە بۆی هەڵکەوتبێ کەڵکی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بێزاری و ڕقی شۆڕشگێرانەی خۆی بە ڕێژیم نیشان بدا، بۆ نیشاندانی ئەو بێزارییەش لە هەموو شێوازێکی ڕەوای خەبات و بەرەنگاری کەڵکی وەرگرتووە. ژمارەیەکی زۆر لە لاوەکانی بە پەیوەستبوون بە ڕیزی پێشمەرگەی هێزە کوردەکانی دژبەری ڕێژیم، چەکی پێشمەرگایەتییان دەست داوەتێ و ئامادەن لە ڕێگای ئامانجی نەتەوەکەیان کە ڕزگاری لە ژێردەستی و گەیشتن بە مافە ڕەواکانییەتی، گیانی خۆیان بەخت بکەن. ژمارەیەکی دیکەش بە خەباتی مەدەنی

لە شێوە و چوارچێوەی گرووپەکانی ژینگەپارێزی، بەرگری لە مافی ئاژەڵان و باڵندەکان، شاخەوانی، بەڕێوەبردنی کلاس و خولەکانی فێرکردنی زمانی کوردی، بەڕێوەبردنی بۆنە و ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان، مانگرتنی بەکۆمەڵ لە زیندانەکان، خۆپیشاندان لە دژی دەسدرێژی و پێشێل کردنی مافەکانیان و گەلێک شێوازی دیکە، دژ بە ڕێژیم وەستاونەتەوە، نەورۆزی جامانەکان، پشتیوانی لە ویستی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و... نموونەگەلێکن لەو بوارەن.

نموونەیەکی بەرچاو لە وەستانەوەی خەڵک لەدژی ڕێژیم لە بواری فەرهەنگ و هونەردا بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتییەوە بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی داوە فەرهەنگ و کولتووری کورد بسڕێتەوە و لە جیاتی ئەو، فەرهەنگی دواکەوتووانەی خۆی پەرەپێبدا. لەو بوارەدا لە هەموو پیلانەکانی کە لە دەستی هاتووە وەکوو چەواشە کردنی فەرهەنگ و کولتووری کورد لە جلوبەرگ، زمان، مێژوو و هونەری کورد دریغی نەکردووە و هەر بەوەش نەوەستاوە، بەڵکوو دەستی بردووە بۆ بیانوو پێگرتن بە هونەرمەندان و چالاکانی کورد لەو بوارەدا و بەرتەسک کردنەوەی مەیدانی کارکردنیان، بەڵام چالاکانی دەروەستی کورد لە ناوچە جیاجیاکان چاوترسێنی ڕێژیم نەبوونە و لەژێر زەخت و زۆر و بێئیمکاناتیی زۆردا درێژە بە کار و چالاکیی خۆیان دەدەن و بە نووسینی شێعر و پەخشانی کوردی، پەرەدان بە زمانی کوردی، دانانی پۆلەکانی فێرکاریی زمانی کوردی، هونەری شێوەکاری، گۆرانی و موزیک، شانۆ، هەڵپەڕکێ و...هتد، توانیویانە سەربەرزانە پەرە بە هونەری ڕەسەنی کوردی بدەن و بەگشتی هونەری کوردی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. شانۆی سەرشەقام کە بە دەسپێشخەریی هونەرمەندان و هونەردۆستانی کوردی شاری مەریوان ساڵانە بەڕێوەدەچێ، ئێستا وا خەریکە سنوورەکان دەبڕێ و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پێشوازیی گەرمی لێدەکرێت.

خاڵێکی دیکە لە خۆڕاگریی کوردستانی خۆرهەڵات لە بەرانبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە جێگای بایەخ پێدانێکی زۆرە، نیشاندانی هاوسۆزی و هاوپێوەندی نەتەوەیی ئەو خەڵکە لە بۆنە و ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانە؛ بۆ نموونە کاتێک شاری کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان پاش شەڕێکی قارەمانانەی کوڕان و کچانی شەڕڤانی کورد لەدەست داعش ڕزگار کرا، یان ئەو ڕۆژەی کە زیاتر لە ٩٠٪ی خەڵکی باشووری کوردستان لە گشتپرسیدا دەنگیان بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان دا و لە زۆر بۆنەی دیکەشدا. ئەمەش نیشانەی وشیاری و ئاگایی کورد لە کوردستانی ئێران، سەبارەت بە مافەکانیەتی کە لەژێر هیچ گوشار و زەختێکی ڕێژیمدا ئامادە نییە دەستبەرداریان بێت و لەبەرانبەر ئەو ڕێژیمەدا چۆک دابدات. ئەو وشیاری و ئیرادە بەهێزە پێمان دەڵێ کە کورد لەو بەشەیشدا ڕێگای دروستی خەباتی خۆی بۆ ڕزگاری لەدەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەر چەشنە ملهۆڕییەکی دیکە لەژێر هەر ناو و نیشانێکدا بێت، دۆزیوەتەوە و ئەو ڕێگایە سەرەڕای توورەیی و ڕق و قینی کۆماری ئیسلامی درێژە دەدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانیی بەهێزی خۆی لەو چالاکییە مەدەنییانەی ڕۆژهەڵات لە شار و گوندەکانی ئەم دەڤەرە، شانازی بە خەڵکی خۆی دەکات. ئەم چالاکییانە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ئەو حیزبەش لە خەباتی خۆیان بە مەبەستی پشتیوانی لە چالاکییە مەدەنییەکان تا گەیشتن بە ئامانج کە ڕزگاری و ئازادییە دڵگەرمتر دەکات.

ئەزموونی ٣٩ ساڵەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هاوکات بووە لەگەڵ بەربەرەکانێ و خۆڕاگریی خەڵکی مافخوازی کورد و ئازادیخوازانی دیکەی ئێران بەرانبەر بەم ڕێژیمە. لەلایەکی دیکەوە ئیدئۆلۆژی فراوانخوازانەی کۆماری ئیسلامی بۆ پێکهێنانی ئیمپراتوریی ئیسلامیی شیعە و دژایەتی بەکردەوە و ئاشکرای لەگەڵ هەموو نۆرم و پرەنسیپە پەسندکراوەکانی جیهانی پێشکەوتوو و دێموکرات، ڕوونتر لە ڕابردوو ئەم ڕاستییانە دەسەلمێنێ کە:

- تا ئەو کاتەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەسەڵات بێت، نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە مافەکانیان ناگەن، بۆیە هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی هەموو ئازادیخوازان و نەتەوەکانی ئێران بۆ شکڵ پێدانی خەباتێکی شێلگیر بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵ، زیاتر لە ڕابردوو بووەتە گرینگترین

و سـەرەکیترین پێویسـتیی ئەمڕۆیان.

• بـە بوونـی ئـەو ڕێژیمـە، ئاسـایش و سـەقامگیری لـە خۆرهەڵاتـی نێوەڕاسـت پێـک نایـەت، چوونکـە کۆمـاری ئیسـلامی نیشـانی داوە کـە مانـەوە و بەهێزبوونـی خـۆی لـە ئـاژاوە، دووبەرەکـی و شـەڕ و وێرانـی لـە ناوچەکـەدا دەبینێتـەوە و لـە دۆخێکـی ئەوتۆدایـە کـە دەتوانـێ لـە ناوچەکـە پـەرە بـە نفـووز و دەسـەڵاتی خـۆی بـدات.
- پێوەندیی ڕێژیم بـە کـورد لـە بەشـەکانی دیکـەش، هـەر بـەو مەبەسـتەیە کـە لـە خاڵـی سـەرەوەدا ئامـاژەی پـێ کراوە، بۆیە پێویسـتە ئەو برا کوردانـەی بـە هـەر هۆیـەک و لـە هـەر هەلومەرجێکـدا، لـە پێوەندییەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی کەڵـک وەردەگـرن زۆر بـە وریایـی لەگـەڵ ئـەم پرسـە هەڵسـوکەوت بکـەن، بـۆ ئـەوەی تووشـی زەرەری گـەورەی سیاسـی نەبـن.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆسـپی سـەرەکیی حیـزب لـە ماوەی ٣-٤ سـاڵی ڕابـردوودا، کێشـەی ئابـووری بـووە، کـە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو کـەم تـا زۆر، شـوێندانەری لەسـەر چەندوچۆنـی چالاکیی هەموو بەشـەکانی کار و تێکۆشـانی حیزبـی داناوە. ڕووی ئاشـکرای ئـەو شـوێندانەرییە نێگەتیڤە داخسـتنی تەلەفزیۆنی تیشـک بـوو کـە سـەرەڕای کەموکوڕییەکانـی، لـە نێـو خەڵکـی کـورد بـە تایبـەت کـوردی ڕۆژهـەڵات بینـەری زۆری هەبـوو و یەکێـک لـە کاناڵـە گرینگەکانـی گەیاندنـی سیاسـەت و بەرنامەکانـی حیزبـی دێموکـرات بـوو؛ بۆیـە خەڵکـی کـورد لـە ڕۆژهـەڵات بەگشـتی و ئەندامان و لایەنگرانـی حیـزب بە نەمانـی ئـەو تەلەفزیۆنـە زۆر نیگـەران بـوون و تـا ئێسـتاش یەکێـک لە داخوازە سـەرەکییەکانیان دەسـت بەکاربوونەوەی ئـەو تەلەفزیۆنەیـە.

سـەرەڕای ئـەم دۆخـە نالەبـارە ئابوورییـەی کـە ڕووی لـە حیـزب کـرد، بڕیـاری جێگیرکردنـی بەشـێک لـە بنکەکانـی حیـزب لـە شـاخ و حـزووری پێشـمەرگە لـە ڕۆژهـەڵات بۆخـۆی بارگرانـی ئـەو نالەبارییـە ئابوورییـەی زیاتـر کـرد. ئـەم بارگرانییـە بێجگـە لـە شـوێندانەرییە نەرێنییەکـەی، زەختێکـی گەورەشـی خسـتە سـەر ژیـان و گوزەرانـی کادر و پێشـمەرگەکان، بەجۆرێـک کـە ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە کادر و پێشـمەرگەکان بـە ئەندامانـی ڕێبەریـی حیزبیشـەوە لـەو یارمەتییـە کەمـەی کـە پێشـتر پێیـان دەدرا، بێبـەش بـوون. سـەرباری ئەمـەش، ئەگـەر پێشـمەرگەکان بـە وەرگرتنـی مەرەخەسـیی کار دەیانتوانـی بـە کار کـردن لـە باشـووری کوردسـتان، داهاتێـک بـۆ ژیانـی خۆیـان و ژن و منداڵەکانیان پەیدا بکـەن، بەداخـەوە بـە هـۆی قەیرانـی قورسـی ئابووری کە لـەو ماوەیـەدا ڕووی لە باشـوور کـرد و نەبوونـی کار، ئەو دەرگایەشـی بـە ڕووی پێشـمەرگەکاندا داخسـت. ئـەوەی لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ئـەم قەیرانە ئابوورییـەدا پێویسـتە ئاماژەی پـێ بکەیـن، دوو خاڵـی گرینگـن:
• یەکـەم بەشـێکی زۆر لـە کادر و پێشـمەرگەکان سـەرەڕای ئـەم بارگرانییـە، هـەروا بـە بیروبـاوەڕەوە درێژەیـان بـە خەبـات دا و لـە هێندێـک دەرفەتـدا، وەک بەشـداری لە کاری هـەرەوەرزی لـە بنکەکانـی شـاخ و ئامادەبـوون بـۆ حـزوور پەیداکـردن لـە ڕۆژهـەڵات، ئـەرک و فیداکاریـی زۆرتـر لـە ڕابردووشـیان وەئەسـتۆ گـرت.
• دووهـەم چالاکـی و هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی کردنـی ئەندامانـی حیـزب و وەفـا و ئەمەگناسـییان لـەم ڕۆژە سـەختانەدا بـۆ سـەربەرزڕاگرتنی حیزبەکەیـان، کارێکـی حەماسـی و مێژوویـی بـوو. ئـەم ئەندامانـە لەپێـدان و گەیاندنـی یارمەتیـی داراییـی بـە حیـزب، بەشـداری لـە کاری پێشـمەرگایەتی، نیگابانـی دان لـە بنکـە و بارەگاکانـی حیـزب و بەگشـتی هەمـوو ئـەو کاروبارانـەی کـە لـەم ڕۆژانـەدا بـۆ حیـزب پێویسـت بوون، بـە دڵفراوانـی و شـانازییەوە ئامادەی هـاوکاری و بەشـداری کـردن بـوون؛ بۆیـە بـە پێویسـت دەزانیـن کـە سوپاسـی خۆمـان پێشـکەش بـە هەمـوو ئـەو کادر، پێشـمەرگە و ئەندامـە دڵسـۆزانەی حیـزب بکەیـن کـە لـەو هەلومەرجـە دژوارەدا، ئـەوەی لـە توانایانـدا بـووە لـە خزمـەت کـردن بـە حیـزب و جووڵانەوەکەیـان درێغییـان نەکـردووە. بـۆ هەمووِمـان جێـگای شـانازییە کـە ئێمـە قوتابـی مەکتەبێکیـن کـە سـەختی و دژوارییـەکان نـەک هـەر نامانبەزێنـێ و هەنگاوەکانمان پێ شـل ناکات، بەڵکوو پێداگـری و ئیرادەمـان زیاتـر و بەهێزتر دەکات بـۆ درێژەدانی خەبـات.
گرفتێکـی دیکـە کـە لـەو ماوەیـەدا ڕووی لـە حیـزب کـرد، کۆچـی ژمارەیەکـی بەرچاو لـە کادر و پێشـمەرگەکانی حیزب بـوو کـە زۆرتـر لـە مـاوەی سـاڵی ١٣٩٤دا هاتـە ئاراوە. لـە حیزبـی دێموکراتـدا کـە پێشـمەرگایەتی دڵخوازانەیـە، بـە شـێوەیەک ژمارەیـەک لـە کادر و پێشـمەرگەکان کـە بـە

هۆگەلی جیاواز وەک ماندووبوون لە پێشمەرگایەتی، سەختی گوزەرانی بنەماڵە لە باری دارایی و... هتد، ڕیزی پێشمەرگایەتییان بەجێهێشتووە، ئەم دیاردەیە تەواو ئاسایی بووە، بەڵام کۆچی ئەو ژمارە بەرچاوە لە ماوەیەکی کورتدا وەک ئەوەی ئاماژەمان پێدا نائاسایی بوو بۆیە لە چەند لایەنەوە گرفتی بۆ حیزب پێکهێنا:

- یەکەم پڕکردنەوەی جێگای ئەم کەسانە، بە شێوەیەک کە بەتاڵیی جێگاکانیان لە باری ئەرک و بەرپرسایەتی دیار نەبێ، لە ماوەیەکی کورتدا بەزەحمەت بوو. بەتایبەت کە ژمارەیەکیان، بواری چالاکیی جیاوازیان هەبوو کە لە ماوەی ساڵانی پێشمەرگایەتیاندا شارەزایی و ئەزموونی بەڕێوەبردنی ئەرک و کاروبارەکانیان بەدەست هێنابوو و لە دەورەگەلی جیاوازدا پەروەردە کرابوون.
- دووهەم کۆچی ئەم ژمارەیە ئەو نیگەرانییەی لە نێو بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوە پێکهێنابوو کە نەکا جێگای بەتاڵیان پڕ نەکرێتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستوپێوەندەکانیشی وەک هەمیشە ئەم دەرفەتەیان قۆستبووەوە و بە هەموو لایەکدا ئەم بابەتەیان لە دژی حیزبی دێموکرات گەورە دەکردەوە و وایان دەنواند بەم ڕەوتەی کە دەستی پێکردووە، کادر و پێشمەرگەکان بە لێشاو سەنگەر چۆڵ دەکەن و حیزبی دێموکرات ئەم بۆشاییەی پێ پڕ ناکرێتەوە.

ئەم ڕەوت و نیگەرانییە ماوەیەک حیزبی بە خۆیەوە خەریک کرد، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد بە هۆی هەست بە بەرپرسیارێتی کردنی هەموو ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە مابوونەوە و ئامادەبوونیان بۆ ئەنجامدانی کار و هەروەها یارمەتی هەمەلایەنەی ئەندامانی حیزب، زۆری نەخایاند کە جێگای بەتاڵیان پڕکرایەوە و بۆ جارێکی دیکە، کۆماری ئیسلامی کە بانگەشەی نەمانی حیزبی دێموکراتی بەرز کردبوویەوە، ناهۆمید کرا و هیوا و دڵگەرمی زیاتریش گەڕایەوە بۆ نێو خەڵک و ڕیزەکانی حیزب. لەو ماوەیەدا، بەتایبەت کە دوای ڕاگەیاندنی ڕاسانی خۆرهەڵات لە نەورۆزی ١٣٩٥ی هەتاویدا و بانگەوازی سکرتێری گشتیی حیزب ڕوو لە لاوانی بەهەست و ئازادیخوازی کوردستانی ئێران بۆ پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، بە حەماسەتەوە بەپیر ئەو بانگەوازەوە هاتن و پۆل پۆل کچان و کوڕان هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە، هێز و توانای پێشمەرگانەی زیاتریشیان بۆ حیزب دابین کرد. پەنابەربوونی چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بە هۆی نەخۆشییەوە و هەروەها شەهیدبوونی دوو کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی (شەهید چەکۆ ڕەحیمی و شەهید کاوە جەوانمەرد) لەو هەلومەرجە دژوارەدا، شەهیدبوون و بریندداربوونی ژمارەیەکی دیکە لە هاوڕێیانی کادر و پێشمەرگە لە بەربەرەکانێ و بەرگرییەکی قارەمانانە لە دژی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات و تەنانەت لەدژی داعش، هەرکامە و بە نۆرەی خۆیان، خەسارێکی گەورەی بۆ حیزب بەدواوە بوو.

## کار و تێکۆشان بەردەوام بووە!

لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپ و خەسارانەی کە لەو ماوەیەدا بەرەوڕووی حیزبی دێموکرات بوونەتەوە، کار و تێکۆشانەکان بەردەوام بوون. ڕەنگە هەرکام لە ئێمە و ئەندامانی حیزب خەون و ئارەزوویەکمان بۆ بەڕێوەبردن و پێشخستنی کاروباری حیزب هەبووبێت و خۆمان و هاوڕێیانمان لۆمە بکەین کە بۆچی نەمانتوانیوە حیزبەکەمان بگەیەنینە ئاستێکی دڵخواز، بەڵام هەڵسەنگاندنی دروستی کارەکان و ڕادەی بەرەوپێش چوون و پاشەکشەی حیزب لە بوارە جیاوازەکاندا، ئەو کاتە بە ئاکامێکی دروست دەگا کە لەو هەڵسەنگاندنەدا، ڕادەی کۆسپ و بەربەستەکان، توانایی تاکەکانی حیزب لەباری شارەزایی، فیکری و جەستەیی بە تەواوی و وەک ئەوەیکە هەیە، لەبەرچاو بگیرێ و حیسابی بۆ بکرێ.

ئەگەر بەو شێوەیە چاو لە تێکۆشانی نێوان کۆنگرەی ١٥ بۆ ١٦ بکەین، لە کار وتێکۆشان و دەسکەوت و تەنانەت ناکامییەکانی لەو ماوەیەدا بێ هیوا نابین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە بەدوور لە کەموکووڕی بووین. ئێمە وەکوو حیزبێکی بەرپرس و وەڵامدەر، پێویستە ئەو کەموکوورییانەش بخەینە بەرباس و هەڵسەنگاندن، بۆ ئەوەی خاڵە لاوازەکانی کار و تێکۆشانمان بناسین و ڕێکارێک بۆ داهاتوومان دەسنیشان بکەین کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕادە و ئاستی ئەو کەموکوورییانە کەم بکاتەوە.

## هاوڕێیانی تێکۆشەر!

پەسنوێژی نییە ئەگەر بڵێین لە ژینگەی خۆرهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا متمانە پێکراوترین و خۆشەویسترین حیزبە. زۆرن ئەو کەسانە

کە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بە شانازی دەزانن ئەگەر حیزبی دێموکرات بە گوێرەی توانایان ئەرکیان بۆ دیاری بکات. ئێمە پێشتر و لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ئەو ئامادەییەمان بە کردەوە لەو خەڵکانە بینیوە. مامۆستایانی زانکۆ، خوێندکاران، گەنجەکان، بەگشتی کرێکار، بازاڕی، ژنان و باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ئەو ئامادەییەیان لە خۆیان نیشان داوە. پرسیاری سەرەکی ئەمەیە، ئایا ئێمە توانیومانە بەو پێیە، بە قازانجی حیزب و بزووتنەوەکەمان لە وزە و توانای ئەو کۆمەڵگەیە کەڵک وەربگرین؟ بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارە (نا) یە.

لە بەشەکانی دیکەی کاری حیزبیش بێکەموکووڕی نەبووین. هۆکارێکی ئەو کەموکووڕییانە دەگەڕێتەوە سەر کەمتەرخەمی و خۆنەگونجاندن لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم و کەڵک وەرنەگرتن لە ئامادەیی کۆمەڵگەی خۆرهەڵات بە گوێرەی پێویست و بە مەبەستی بەڕۆژکردنەوەی زانیاری و مێتۆدەکانی کار و چالاکی حیزبی بەتایبەت لە بواری پەروەردە و ڕێکخستن.

یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٥ی حیزب کە لە ڕاپۆرتی کۆنگرەشدا هاتبوو «دانانی کۆمیتەیەکی ماڵی لە دەرەوەی وڵات»ە. پێویستە ئەو ڕاستییە لێرەدا بخەینە بەرچاوی کۆنگرە کە ئەم کۆمیتەیە لە دەرەوە پێکهات و چەند کەس لە هاوڕێیانی حیزبی کە لەو کارەدا شارەزاییان هەبوو تێیدا دەستبەکار بوون. تێکۆشانی ئەو هاوڕێیانە و کار و زەحمەتەکانیان لەو بەشەدا بوو بە هۆی ئەوەی کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو بەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاری ماڵیی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات پێکبێ و ئەو گرفتە ماڵییانەی کە پێشتر لە زۆربەی کۆمیتەکاندا کۆسپێکی گەورە بوون، بە شێوەیەکی بەرچاو کەم ببنەوە. ئەو کۆمیتەیە ڕاپۆرتی کارەکانی لە کاتی خۆیدا داوەتەوە بە دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی. سەرکەوتنی ئەم گرووپە و ئەزموون و شێوەی چالاکییەکانی، دەتوانێ وەک ئۆلگوویەک لە داهاتوودا لە کۆمیتەکانی حیزبی لە باشوور و شوێنەکانی دیکەش ڕەچاو بکرێ.

## راسان

### پێناسە، دەسپێک، ئەزموون و دەسکەوتەکانی

بۆ شرۆڤەکردنی ڕاسانی خۆرهەڵات بە پێویستی دەزانین بڕێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە. هەروەک ئاگادارن کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب لەژێر دروشمی «کۆنگرەی بە جەماوەریتر کردنی خەبات» بەڕێوە چوو. زەروورەتی ئەم دروشمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە حیزبی دێموکرات لەمێژ ساڵە بەو ئاکامە گەیشتووە کە دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی خەبات، پێویستی بە بەشداری و خەباتی هەمەلایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی ئێران هەیە، واتە خەڵک خۆیان بە خاوەنی خەباتەکە بزانن و خاوەندارێتیی لێ بکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەو دروشمە پێمان دەڵێ کە خەبات بۆ ڕزگاریی گەلی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان و یەک لەوان خۆرهەڵات، لە پاوانی حیزب و گرووپێکی تایبەتدا نییە و پێویستە هەمووان تیایدا بەشدار بن. لەژێر ڕۆشنایی ئەم دروشمە و بە دوای کۆنگرەی ١٤، حیزبی دێموکرات چەند هەنگاوێکی کردەیی هەڵگرت، لەوانە:

- دەربڕینی ئامادەیی ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ دانیشتن و وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو بەشە لە هاوڕێیانمان کە ساڵی ٢٠٠٦ و بە دوای کۆنگرەی سێزدەهەم لە حیزب جیابوونەوە. ئامانج لەم بڕیارەش ئەوە بوو کە پرسە سیاسییە جۆراوجۆر و پێوەندیدارەکان بە کوردستانی ئێران، بخرێنە بەرباس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەبارەوە بکرێت، بە مەبەستی لێک نزیک بوونەوە و لە کۆتاییدا یەکگرتنەوە.
- واژۆ کردنی ڕێککەوتننامەی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە بە دوای چەندین کۆبوونەوەی دوو لایەنە پێکهات.

- پێوەندی گرتن بە توێژی ئاکادیمی، ڕووناکبیران و کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی کوردی خۆرهەڵات، لە نێوخۆ و دەرەوە.

- پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ئەو چەکدارە کوردانەی بە هەر هۆیەک فریوی دوژمنیان خواردووە و چەکیان بەدژی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی کورد هەڵگرتووە و لە دژی بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەستاونەتەوە.

بەڵام کار و تێکۆشانی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ دروشمی بەجەماوەریتر کردنی خەبات هەر بەوەندە

نەوەسـتا و پەرەگرتووتـر بـوو. بیرۆکـەی ئـەم پەرەگرتنـەش لـەوەوە سـەرچاوەی دەگـرت کـە خۆرهـەڵاتـی کوردسـتان ئاڵوگۆڕێکـی قووڵـی بەسـەردا هاتـووە. هەربۆیـە پێویسـتی بـە خوێندنەوەیەکـی نوێیـە، ئـەو خۆرهەڵاتـە، کوردسـتانێکی نوێیـە و جیاوازیـی زۆری لەگـەڵ دەیەکانـی ٦٠ و ٧٠ ی هەتـاوی هەیـە. لـە خۆرهەڵاتـی ئەمـڕۆدا، سیاسـەت ئـەو پانتا فراوانەیـە کـە زۆر ئەسـتەمە بتوانـێ مانایەکـی پاوانخوازانـەی بەسـەردا زاڵ بکـرێ. لـە بـاری کولتوورییـەوە خۆرهەڵاتـی نـوێ پێکهاتەیەکـی شـارییانەی بـە خۆیـەوە گرتـووە، بۆیـە هەڵگـری پەیامێکـە کـە پێـمان دەڵـێ: سنوورەکانی کولتوری ئێمـە، ناتوانـێ قەتیس بە گوند، شار و ناوچەیەکـی دیاریکراو بـێ. کۆمەڵگەیـەک کـە بـەردەوام لـە ئاڵوگۆڕدایـە و سـەرەڕای هەمـوو کۆسـپ و ئاستەنگەکان بەرەوپێـش دەچـێ، هـەر بۆیـەش بۆخـۆی دەتوانـێ ببێتـە چەقـی خەباتێکـی ڕزگاریخوازانـە. ئەگـەر لـە ڕابـردوودا ئـەو کۆمەڵگەیـە کاناڵیزەکردنـی پێویسـت بـوو، ئەمڕۆکـە ڕێکخـەری پێویسـتە، لـەو ڕوانگەیـەوە حیزبـی دێموکـرات دەتوانـێ ئـەو ڕێکخـەرە بـێ.

حیزبـی دێموکـرات دوای خوێندنـەوەی دووبـارەی خۆرهەڵاتـی نـوێ و ڕاوێـژ و لێکۆڵینەوەیەکـی هەمەلایەنـە، لـە سـەرەتاکانی سـاڵی ١٣٩٤ بـەو ئاکامـە گەیشـت کـە کوردسـتانی خۆرهـەڵات بـۆ ئـەوەی لـەو پەراوێزبـوون و ئـەو ئاسیمیلاسـیۆنە پرمەترسـییەی کـە لەسـەریەتی ڕزگاری بـێ و کـورد لـە پەراوێـزەوە بگەڕێتـەوە بـۆ چەقـی خەبـات، پێویسـتی بـە ڕێکخـەر و پشـتیوان هەیـە. ئـەو ڕێکخـەر و پشـتیوانەش خەباتـی پێشـمەرگە و ئامادەبوونیەتـی لە کۆڕی گەرمـی نیشـتمان و خەڵکـە تامەزرۆیەکـەی، خەباتێکـی نوێ کـە دوایـە لـە لایـەن خەڵکـەوە بـە ناونیشـانی «ڕاسـانی خۆرهـەڵات» نـاوزەد کـرا، ڕاسـانی خۆرهـەڵات هەڵگـری ئـەم مانا سـەرەکییەیە لـە خەبـات. هـەر بۆیـەش سـاڵی ١٣٩٤ی هەتـاوی، ئـەو پێشـمەرگانەی کـە حوزووریـان لـە نێـو خەڵکـدا پەیدا کـردەوە ڕێنوێنـی کـران کـە لـە هێـرش کـردن بـۆ سـەر هێزەکانـی ڕێژیـم خـۆ بپارێـزن مەگـەر ئـەو کاتـەی کـە هێـرش دەکرێتـە سـەریان و ناچـار بـن بەرگـری لـە خۆیـان بکـەن.

## ڕاسانی خۆرهەڵات

خۆرهەڵاتـی نـوێ، لەگەڵ شاخ پەیـمان دەبەسـتێ و یارمەتـی وەردەگـرێ بـۆ ڕاسـانێکی نـوێ. ئامانـج ئەوەیـە کـە بۆخـۆی ببێتـە ڕزگاریـدەری خـۆی و جگـە لـە یارمەتـی وەرگرتـن لـە شـاخ (پێشـمەرگە) کە سـەرمایە و هێـزی خۆیەتـی، چاوەڕێی یارمەتـی هیـچ لایەنێـک نـەکات. بـۆ ئـەوەی هەنـگاو بـە هەنـگاو ببـێ بـە پلاندارێـژ و بەڕێوەبـەر بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی. بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجـە، ئـەو کۆمەڵگەیـە لە پێش هەمـوو شـتێکدا دەبـێ ببێتـە هێزێکی شـوێندانەر لـە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات. نەخشـەڕێگای پێکهێنانـی ئاڵوگۆڕێکـی ئەوتـۆ، ئەوەیـە کـە هەمـوو ئـەو هێزانـەی کـە دەتوانـن لـەم بـوارەدا یارمەتیـدەر بـن لەژێـر چەترێکـی بەرینـی سیاسـیدا کۆبکاتـەوە، هەمـوو ئەوانـەی کـە دژی ملهۆڕیـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی، پەراوێزخسـتنی کـورد، یـان هـەر نەتەوەیەکـی دیکـە لـە پێکهاتـەی سیاسـی و حەشـیمەتیی ئێـران بـە هـەر ئاییـن، زمـان و کولتوورێکـن، تەنیـا بـەو مەرجـەی دێموکرات و ئازادیخـواز بـن، بۆیـە هەرچەشـنە خۆبەجەمسـەرزانین و قەتیـس مانـەوە لـە هـەر چەشـنە چوارچێوەیەکـی بەرتەسـکدا، کۆسـپی سـەرکەوتنی ڕاسـانن.

لـەم خەباتـەدا کـە فرەڕەهەنـدە، ئامادەبـوون بـۆ پێکهێنانـی ئاڵوگـۆڕ لـە شـێوەی کار و هەڵسـووڕان و دەستڕاگەیشـتن بـە گونجاوتریـن شـێوەکانی خەبـات کـە کەم‌تێچووتریـن و پڕدەسـکەوتترین ئەنجامـی بـەدواوە بێـت، گـرێ دراوە بـە خێرایـی گۆڕانـی کۆمەڵـگە. لـە هەمانکاتـدا لەبیرمـان نەچـێ کـە ئامانجـی دوایـی ئـەم خەباتـە ڕێکخسـتنی کۆمەڵگەیە بۆ بەرەوپێـش بردنـی خەباتێکـی گشـتگیر و مەدەنیـی بەهێز و شـوێندانەر و تاکتیکەکانـی دیکـە پێویسـتە لـە خزمـەت ئـەم سـتراتێژییەدا بـن.

بـۆ دەسـپێکی ئـەو بەرنامەیـەش بـە پێویسـت زانـرا بەشـێک لـە هێـزی پێشـمەرگە لـە مومکینتریـن شـوێنی سـنووریی لـە نێـوان خۆرهـەڵات و باشـووری کوردسـتان جێگیـر بکرێـن. بە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو ڕاسـتییەی کـە شـاخ لەژێـر دەسـەڵاتی هێزەکانـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتاندا بـوو، پێشـبینی ئەگـەری ڕێگرتنـی پەکەکە لـە جێگیرکردنـی ئەو پێشـمەرگانە دەکـرا، بـەڵام حیـزب لەسـەر ئـەو بڕوایـە بـوو کـە دەبوایە بەرنامەکـە بەڕێـوە بچێ. هەروەک پێشـبینی دەکرا هێزەکانی پەکەکـە ڕێگایـان لـە پێشـمەرگەکان گـرت و هەڕەشـەیان لێکـردن کـە شـوێنەکەیان بەجـێ بێڵـن. لـەو هەلومەرجـەدا، بەرپرسـانی حیـزب پێداگرییـان لـە مانـەوە کـرد و هەوڵـی زۆریـان دا کـە کێشـەکە بـە شـێوەیەکی ئاشـتیخوازانە

چارەسەر بکرێ و یەکەکە کۆسپ نەخاتە سەر ڕێگای مانەوەی پێشمەرگەکان، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێ ئاکام مانەوە و بە تەقەی هێزەکانی یەکەکە کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک و برینداربوونی چەند پێشمەرگەی دیکەی حیزبی دێموکرات، تێکهەڵچوون لە نێوان هەر دوولادا دەستی پێکرد، بەڵام زۆری نەخایاند کە بە هۆی خۆڕاگریی پێشمەرگەکان و نێوبژیوانی دۆستان و دڵسۆزانی کورد لە هەموو لایەکەوە و لەژێر کاریگەریی بیروڕای گشتیی کورد لە هەموو بەشەکان بە تایبەت لە خۆرهەڵات، گرژییەکە کۆتایی پێهات و پێشمەرگەکان لە شوێنی مەبەست جێگیربوون. ئەو جێگیربوونە دەکرێ بە یەکەم دەسکەوتەکان بۆ درێژەدانی ڕاسانی خۆرهەڵات ئەژمار بکرێت.

لە پەیامی نەورۆزی ١٣٩٥ی هەتاویی سکرتێری گشتیی حیزبدا کە لە چیاکانی سەرسنوورەوە ئاراستەی خۆرهەڵات کرا، فەلسەفەی ڕاسانی خۆرهەڵات بە شێوەیەکی کورت بە گوێی ئەو بەشەی کوردستان گەیەندرا بۆ ئامادەبوون و پێشوازی کردنیان. لە بەشێکی ئەو پەیامەدا ڕوو لە چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان بە تایبەت لاوەکان هاتبوو:

«پەیامی ئێمە لە جێژنی نەورۆزدا ئەوەیە کە دەنگ و توانامان لە شاخ و شاردا ڕێکبخەین بۆ پێکهێنانی هێزێکی پتەوی چارەنووسساز کە ژیانێکی نوێمان بۆ بنووسێتەوە، ژیانێکی دوور لە ملکەچی و بێمافی. حیزبی دێموکرات ئەو تواناییە لە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا دەبینێ و لە زۆرێک لە ڕووداوەکانی ساڵانی ڕابردوودا شاهێدی نیشاندانی ئەو تواناییانە بووە، بۆیە پێمان وایە کە هەموومان پێکەوە دەتوانین نەوروز و ساڵی نوێی ١٣٩٥ی هەتاوی بکەینە ساڵێکی جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو بە پەیام و پەیمانێکی هیوابەخش، بۆ ژیانەوەی سەربەرزانە.»
کۆمەڵگەش ئەو پەیامەی بە جیددی و شیارییەوە وەرگرت و ئامادەیی و پێشوازیی خۆی بۆ خستەڕوو. هەر لەو ساڵەشدا و بە ئاراستەی درێژەدان بە ئەزموونەکانی ڕاسان، بە کردەوە هەنگاوی بۆ نرا. لەو ئەزموونەدا حیزب تێچووی گیانیی بەرچاوی هەبوو بەڵام ئەم تێچووە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پەروەردەی پێویست، کەمتەرخەمیی ژمارەیەک بەرپرس و پێشمەرگە و کۆمەڵێک دیاردە و گۆڕانکاریی نوێ کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بەرەوڕووی کوردستان بووەتەوە و پێشمەرگەکان ئەزموون و شارەزایی کەمیان لەو بارەوە هەبوو.

سەرەڕای ئەم تێچووە قورسەی کە لەباری ڕۆحییەوە، شوێندانەری لەسەر خۆرهەڵات و بە تایبەت هەموو کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات دانا (کە بێگومان هەموو خەباتێک و بگرە هەموو چالاکی و هەڵسووڕانێکیش، تێچووی خۆی هەیە)، لایەنێکی دیکەی ئەم ئەزموونە ئەوە بوو کە لە بوارە جۆراوجۆرەکان، کۆمەڵێک دەسکەوتی بەنرخی بۆ ئەو بەشەی کوردستان و حیزبی دێموکرات بە دواوە بوو، تەنانەت زیاتر لە ئاستی چاوەڕوانییەکان:

- ١. پێش هەموو شتێک سەرنجی ئێمەی بۆ لای کەموکووڕی و لاوازییەکان و پێداچوونەوەیەک بەسەر هێز و تواناکانی حیزب بۆ ئەم قۆناخەی خەبات ڕاکێشا. ئەمە مانای وایە کە حیزب خاڵە لاوازەکان دەسنیشان بکات و هەوڵی چارەسەرکردن و بەهێزکردنیان بدات. ئەم وشیارکردنەوەیەش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی ڕۆژبەڕۆژ کار بکەین بۆ ئەوەی تێچووەکانی ڕاسان کەمتر و کەمتر بێتەوە، بەتایبەت لە ڕووی گیانییەوە.

- ٢. پێکهێنانی جووڵەیەکی نوێ لە نێو تاک و کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران. کوردستانێک کە بۆ بەربەرەکانێ لە دژی ڕێژیم نە لە دەرەوەی وڵات و نە لە نێوخۆ، یار و پشتیوانێکی بەدی نەدەکرد و ڕێژیمیش بە کەڵک وەرگرتن لە وەها هەلومەرجێک، هەموو جۆرە پیلان، داپڵۆسێن و سیاسەتێکی سەرکوتکەرانەی دواکەوتوانەی دژ بە خەڵک و جووڵانەوەکەی بەکارهێناوە. بەردەوامیی ئەو دۆخە و سەرکوتی سیستماتیک لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، خەریک بوو ببێتە دیاردەیەکی ئاسایی و کەسانی نەفسنزم بەبێنیگەرانی و نەترسانە، کەوتبوونە خزمەت سیاسەتەکانی ڕێژیمەوە. لە وەها ژینگەیەکی سیاسی و ئەمنیدا، ڕاسان شۆکێک بوو کە هەناسەیەکی نوێی وەبەر خەڵکدا هێنایەوە. ڕاسان هاوکات هەستی شۆڕشگێڕی و بەرەنگاربوونەوەی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بەرانبەر بە ڕێژیم و بەکرێگیراوەکانی بەهێزتر کرد.

- ٣. گۆڕانی هاوکێشەکان و هاتنە ئارای فەزای ڕاسان،

هەست و سۆزێکی بەهێز و کەموێنەی بە لای حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەدا ڕاکێشا. ئەندامانی حیزب لە نێوخۆ، سەرباری زەختی بەکرێگیراوان و دامودەزگاکانی ڕێژیم، دەستیان دایە هەڵسووڕانی بەرچاو و هاوکاریی پێشمەرگە. لاوان (کچ و کوڕ) بەشێوەیەکی بەرچاو و جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو، ڕوویان کردە پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا. ئێستا ئیدی خەڵکی کوردستان هێزی پێشمەرگە لە تەنیشت خۆیەوە دەبینێ و لەبەرانبەر هەڕەشە و زەبروزەنگی ڕێژیم، بێ پشت و پەنا نییە. ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، دڵخۆش لەوەیکە ئەو ڕۆژەی لەمێژبوو چاوەڕوانییان دەکرد، بە چاوی خۆیان دەیاندیت و بە هەموو شێوەیەک و بە گوێرەی توانایان خوازیاری ئەوە بوون کە لەو قۆناخە نوێیەدا، ڕۆڵ و بەشدارییان هەبێت. ئەنجامەکەی بوو بەوە کە کۆمەڵگە جووڵە و هەژانێکی گەورە بەخۆیەوە ببینێت.

• ٤. نیشتمانپەروەرانی کورد لە هەموو بەشەکاندا پیرۆزبایی ئەم ڕاسانەیان لە حیزب کرد. لە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی پێشمەرگە قارەمانەکانماندا هاوخەمیی خۆیان بە حیزب و بنەماڵەی شەهیدەکانمان نیشاندا و خەمی شەهید بوونی پێشمەرگەکانیان لەگەڵ ئێمە دابەش کرد. ئەگەر حیزبی دێموکرات بەهۆی ڕابردووی پڕ لە سەروەری و سیاسەتە نەتەوەییەکانیەوە، لە نێو بیروڕای گشتیدا ڕێز و خۆشەویستی و پێگەی تایبەت بە خۆی هەبوو لەو کاتەوە ئەو پێگە و حورمەتە چەند قات بەرزتر بوویەوە.

• ٥. ئەو ئەندام و لایەنگرانەی حیزب لە هەر کوێی جیهاندا، بە هەر هۆیەک ڕەخنەیان لە حیزب هەبوو بە حەق یان ناحەق دڵیان لە حیزب ئێشا بوو و بەم هۆیەوە لە حیزب دوور کەوتبوونەوە، جارێکی دیکە خۆیان لەگەڵ ڕیزەکانی حیزب ڕێکخستەوە و دەستیان کرد بە کاروتێکۆشان. هاوکات تەعبیری «کەمپنشینی» حیزب و پاڵدانەوەیان لەو کەمپانە کە سازکراوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دارودەستەکەی، یان تەنانەت هێندێک کوردی دڵسۆز، بەڵام کەمتر ئاشنا بە حیزبی دێموکرات بوو لە بیرکرا و چیدیکە نەبیسترایەوە.

## ڕاسان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

• ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پێشتر لە بۆنەی جیاجیاکاندا زۆر جار هەڕەشەی کردبوو کە هێز نییە شان لە شانی هێزەکانی ڕێژیم بدات. بەتایبەت لە قسە کردن لەبارەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێران وای نیشان دەدا کە ئەو هێزانە توانایان نەماوە و خەڵکیش ئەوانی ناوێ و ڕێژیمیان لا پەسندە و زۆر پڕوپاگەندەی دیکەی لەم شێوەیە. بەڵام بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگەکان و ژمارەی زۆری کوژراو و برینداره‌کانی هێزەکانی ڕێژیم لەو تێکهەڵچوونانەدا بەدوور لە چاوەڕوانیی ئەوان بوو، بۆیە تاسان و بەشێوەی ترسنۆکانە دەستیان دایە هەڕەشە کردن لە پێشمەرگە. ڕاسانی ڕۆژهەڵات ئەفسانەی ئیقتدار و سەقامگیریی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و بانگەشەی زاڵ بوونی حاکمییەتی سەرەڕۆیانەی ڕێژیم بەسەر ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستانی، پووچەڵ کردەوە.

بەپێی هەواڵی «پایگاه خبری تحلیلی ندای ارومیه» پاسدار حوسێن سەلامی، جێگری گشتیی سپای پاسداران لە کۆبوونەوەیەکی ڕێزلێنان و یادکردنەوەی ٢٥٠ کەس بە قەولی خۆیان شەهیدانی ٦مانگی سەرەتای ساڵی١٣٩٥ لە باکووری ڕۆژئاوای وڵات (کە دەبێتە شوێنی تیکهەڵچوونەکانی پێشمەرگە و هیزەکانی سپای پاسداران لە پارێزگای ورمێ) کە لە شاری ورمێ پێکهاتبوو هەڕەشەی کرد و ڕایگەیاند: «هۆشداری دەدەین بە دوژمنانی ئێران و پێیان دەڵێین جارێکی دیکە تووشی نەزانین و هەڵە کردن نەبن، چونکە... هێزەکانی شۆڕشگێڕی ئێران(مەبەستی پاسداران) دەکەونە دوای هێرشبەران و لە هەر کوێی دنیا بن، لە ناویان دەبەین، هەر بۆیە بۆ کەوتنە دوای دوژمنان هیچ هێڵێکی سوور ناناسین...».

ئەوەی لەو ڕێوڕەسمەدا جێگای سەرنجە، ژمارەی ٢٥٠ کەسی لە کوژراوەکانی ڕێژیمە کە ڕێوڕەسمی بۆ پێکهێنراوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم ساڵەدا بێجگە لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێزێکی ئەوتۆ لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم بەرەوڕوو نەبووەتەوە، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە زۆربەی ئەو کوژراوانە هەر ئەوانە بوون کە لە تێکهەڵچوونەکان بە دەستی پێشمەرگەکانی حیزب کوژراون. پێشتریش دوای تێکهەڵچوونەکانی گوندی قەرەسەقەڵ لە ناوچەی شنۆ، ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیان بۆ ژمارەیەک لە فەرمانده پلە بەرزەکانی سپای پاسداران

پێکهێنا، بەڵام پاسدارە کوژراوەکانی ئاستی خوارەوەیان ڕانەگەیاند، ئەوەش بوو بەهۆی نارەزایەتی دەربڕینی ئەندامانی بنەماڵەی ئەو کوژراوانە تەنانەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕەنگی دایەوە.

بەڵام پێشتر، بۆ لێپرسینەوە لەو زەربەیەی کە بە دەست پێشمەرگە لێیان وەشێندرابوو، وەزیری بەرگریی وڵات بانگ کرایە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی. لە ڕێوڕەسمێکی دیکەی نوێژی هەینی تاران و پێش خوتبە، فەرماندەیەکی سوپای پاسداران هەڕەشەی کرد. ئەمانە و چەندین نموونەی دیکە ئاماژەن بۆ ترس وسەرلێشێواوی ڕێژیم لە جوولەی هێزەکانی پێشمەرگە لە قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو زەربە گەورەیە کە ڕێژیم بەرەوڕووی بووەتەوە؛ بەڵام زەربەی لەوەش گەورەتر بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، زەربەی سیاسی بوو. کۆماری ئیسلامی لەمێژ بوو کە پەسنوێژیی خۆی دەکرد و پێی وابوو کە وڵات بەپێچەوانەی هێندێک لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەقامگیرە و ئەمنیەتی تەواوی تێدایە. ئەم پەسنوێژییە کاتێک گەیشتە لووتکەی خۆی کە ڕێژیم دوابەدوای واژۆکردنی بەرجام و هەڵگرتنی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بەو بەشە، ڕایگەیاند کە کۆمپانیا زەبەلاحەکان دەتوانن سەرمایەکانی خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە ئێران وەگەڕبخەن، بەڵام دەنگدانەوەی حوزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات و بڵاوبوونەوەی دەنگ و باسی تێکهەڵچوونەکان بەشێوەی زۆر خێرا، پڕوپاگەندەی ڕێژیمی لە سەر سەقامگیری وڵات بەدرۆ خستەوە.

بێجگە لە هەڕەشەی فەرماندە سەربازییەکانی ڕێژیم لە حیزبی دێموکرات و چاوسوورکردنەویان لە خەڵک، خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوە بوو کە هێندێک لە بەرپرسان بە وردبوونەوە لە ڕاسان، بە دوای وەڵامی پرسیار و هۆکارەکانەوە بوون. پرسیارە سەرەکییەکە ئەمە بوو؛ سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و سەرکوتکارییەی ڕێژیم بۆ سەر کوردی خۆرهەڵات، هۆکار چییە کە ئەو خەڵکە بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە شادی و خۆشی دەگێڕن و بە هەموو شێوەیەک لە نێوخۆ یارمەتییان دەدەن، تەنانەت لە تێکهەڵچوونەکاندا، لاوەکان پۆل پۆل دەچنە ڕیزی پێشمەرگایەتییەوە؟

## ڕاسان و وڵاتانی جیهان

هەواڵەکانی ڕاسانی خۆرهەڵات و تێکهەڵچوونی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە خێراییەکی زۆر لە دنیادا دەنگی دایەوە. ئەو دەنگدانەوەیە لە ڕەهەندگەلی جیاوازەوە سەرنجی ژوورەکانی فیکر و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، دەوڵەت، حیزب و ئەو کۆمپانیا بیانییانەی کە خۆیان بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە ئێران ئامادە کردبوو ڕاکێشا، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵەران، ڕۆژنامەنووسان، ئاژانسەکانی هەواڵ، تەلەفزیۆنەکان و نوێنەرانی ژمارەیەک لە وڵاتان، لەژێر ناوی لێکۆڵینەوە بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان ڕوویان لە حیزب کرد، ئێمەش ئەو دەرفەتەمان قۆستەوە و بەوردی و بەدرێژی پرسەکانی پێوەندیدار بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لەژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت مافی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان، دەستوەردانەکانی ڕێژیم لە کاروباری وڵاتانی جیهان بەتایبەت خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، یارمەتیدانی دەوڵەت و گرووپە تێرۆریستییەکان، پرسی کورد لە خۆرهەڵات و حیزبی دێموکرات، ئامانج لە ئامادەبوونی پێشمەرگە لە نێو خەڵکی خۆماندا و پێشوازیی گەرمی ئەوان بۆ ئەو بەرنامەیەمان بۆ شی کردنەوە. بە گشتی دەکرێ بیروبۆچوونی خۆرئاواییەکان لەو پێوەندییەدا بە شێوەی خوارەوە دەستەبەندی بکرێت:

- بۆ ڕۆژئاواییەکان بەتایبەت بۆ ئامریکا گرینگترین پرس لەو کاتەدا، پرسی داعش بوو ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە هەموو بەرنامەکانی خۆیان لەو ناوچەیەدا لە دژی داعش چڕ کەنەوە، نەک پرسەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست.

- بێجگە لەوە، ئامریکاییەکان کە لە بەرەبەری هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بوون، بە پێی عورفی هەمیشەییان، سەرکۆمار لەو کاتانەدا خۆ دەبوێرێ لە دانی بڕیار، یان بەرنامەی کاری گرینگ. باراک ئوبامای سەرکۆماریش بەپێی ئەم عورفە بێجگە لە پرسی داعش لەو ساڵەدا لە سەر پرسەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان بە گشتیی، هەڵوێستی جیددی و ڕوونی نەبوو.

- باراک ئوباما و دەوڵەتەکەی و هەروەها دەوڵەتانی وڵاتانی ئورووپایی بۆیان گرینگ بوو دوای ئیمزای ڕێککەوتن

لەگەڵ ئێران سەبارەت بە پرسی پیتاندنی یۆرانیۆم و ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەی بەرجام، کۆماری ئیسلامی نەرووژێنن و تەنیا چاوەدێری ئەوە بکەن کە ڕێژیم ئەو ڕێککەوتننامەیە بەوردی بەڕێوە بەرێ. ئەو ڕێککەوتنە دوای ماوەی زیاتر لە ساڵێک وتووێژی چڕی لایەنەکانی پێوەندیدار، لە بەرژەوەندیی ئاشکرای خۆرئاوا کۆتایی هاتبوو، هەر بۆیە نەیاندەویست لە جێبەجێ کردنیدا تووشی کێشە بن، بەتایبەت کە ئۆرووپاییەکان خۆیان ئامادە کردبوو بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەی کۆمپانیاکان لە ئێران. هەرچەند دوای هەڵبژاردنی ترامپ وەک سەرۆکی نوێی ئامریکا، زۆرێک لە خەون و چاوەڕوانییەکانی تاران و ئەو وڵاتانە شێوا.

• بەو حاڵەش هیچکام لەو لایەنانەی پێوەندیمان لەگەڵیان هەبوو حیزبیان لە ڕاسان مەنع نەکرد، تەنانەت کەم نەبوون ئەو کەس و لایەنانەی کە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئێمە هاوڕا بوون.

• بە لەبەرچاوگرتن و لێکدانەوەی هەموو ئەو پرس و بۆچوونانە، پێمان وایە کە دوای وەشاندنی زەربە یەکلاکەرەوەکان و کۆتایی لە پەیکەری داعش لە عێراق و سووریە، ئەگەری ئاڵوگۆڕێکی قووڵی سیاسی لە ناوچەدا هەیە کە لە ڕاستای بەرژەوەندیی کوردی خۆرهەڵات بچێتە پێش، بەو مەرجەی خۆرهەڵاتی نوێ بەو پێناسەیەی کردوومانە باوەڕمان پێی هەبێ و خەباتی ڕاسانی خۆرهەڵات لەو ڕاستەڕێیەدا درێژە بدەین و بچینە پێش.

## ڕاسانی خۆرهەڵات و حیزبە کوردییەکانی ئێران

حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، سەبارەت بە ڕاسان بەگشتی تێڕوانینێکی ئەرێنییان نەبوو. ئەو حیزبانە هەرچەند لە پێوەندی لەگەڵ شەهید بوونی پێشمەرگەکانمان لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم هاوخەمیی زۆریان نیشاندا، بەڵام لە کۆڕ و کۆبوونەوە داخراوەکان و تەنانەت هێندێک جار لە لێدوانە میدیاییەکاندا نیشانەی پرسیاریان دەخستە سەر ڕاسان و کەم و زۆر کەوتنە ژێر فەزایەک کە نەیارانی خەباتی ڕۆژهەڵات پێکیان هێنابوو. ئەویش بەستنەوەی ڕاسان بە پیلانی هێندێک لایەن و هێندێک پرسیار و ڕەخنەی دیکە لەو ڕاستایەدا.

پرسیارێک کە لەو پێوەندییەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئەم حیزبانە کە هەموویان لە خەباتی چەکداریی دژی ڕێژیم مێژوویەکیان هەیە، یان لانیکەم ڕەوابوونی خەباتی چەکدارییان لە دژی ڕێژیم ڕەد نەکردووەتەوە و تەنانەت لە ساڵانی ڕابردووشدا لە هێندێک دەرفەتدا تیمی پێشمەرگەیان ناردووەتەوە نێوخۆ، تووشی تێکهەڵچوون بوون و بەداخەوە زۆریش هەڵکەوتووە کە پێشمەرگەیان شەهید و بریندار بووە، لەو کاتانەدا بە شانازییەوە ئەم جەولانەیان باس کردووە و لە میدیاکانی خۆیاندا بڵاویان کردۆتەوە، چۆنە کاتێک حیزبی دێموکرات ئەم بەرنامەیە لە ڕەهەندێکی بەرفراوانتردا بەڕێوە دەبا، هەر ئەو حیزبانە کارەکەی دەخەنە بەر ڕەخنە و نیشانەی پرسیاری دەخەنە سەر، یان هەوڵ دەدەن لە گرینگی کارەکە کەم بکەنەوە؟

ئێمە بۆ خۆمان سەبارەت بە چۆنیەتیی جەولەی پێشمەرگە و هەڵسوکەوتیان هێندێک ڕەخنەمان هەیە، وەک ئەوەی ڕێنوێنییەکانیان بەباشی لەبەرچاو نەگرتووە، نهێنییەکانیان بەباشی نەپاراستووە و..هتد، کە ئەم شێوە ڕەخنانە کەم و زۆر لە هەر جەولەیەکدا لەوانەیە بێتە پێش، ئەگەر ڕەخنەی ئەم حیزبانەش لەم چەشنانە بوایە ڕەنگە بکەوتنایەتە خانەی دڵسۆزی بۆ حیزب و لەلای ئێمەش جێی پەسند بایەن، هەر وەکوو زۆر لەو چەشنە ڕەخنانە کە لە لایەن ئەندام و لایەنگر، یان دڵسۆزانی کورد لە نێوخۆی وڵات بەرەورووی حیزب بووەتەوە، کەوابوو ڕەخنەی ئەم حیزبانە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆی دیکە:

• هێندێک لەو حیزبانە لە ڕاستیدا بەرنامەکەی حیزب لایان پەسندە، ئاگاداریشن کە دەنگدانەوەی بەربڵاوی هەبووە و بووەتە هۆی ئەوەی خۆرهەڵات لە ڕێگای تێکۆشان و قوربانیدانی حیزبی دێموکرات لە پەراوێزدا نەمێنێ و بکەوێتە ڕۆژەڤەوە. ئەو حیزبانە زیاتر لەوەی دڵخۆش بن بە لەڕۆژەڤدا بوونی خەبات لە کوردستانی ئێران، دڵتەنگن بە لەڕۆژەڤدا بوونی حیزبی دێموکرات و ئەوە بە لەپەراوێزکەوتنی زیاتری خۆیان دەبینن، هەر بۆیەش دەیخەنە ژێر پرسیارەوە و بەم شێوەیە دەیانهەوێ لە گرینگیی کارەکە کەم بکەنەوە.

• بەشێکی دیکەش لەوانەیە لە توانایاندا بێ بۆ ماوەیەکی کورت تیمێک یان دوو تیمی پێشمەرگە بنێرنەوە، بەڵام دەزانن کە ئەگەر ئەوەش بکەن بەبەراورد لەگەڵ بەرنامەی بەرفراوانی حیزبی دێموکرات لە حزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات و ڕادە و چۆنیەتیی پێشوازیی گەرمی خەڵک، دەنگ و ڕەنگێکی نابێ، بۆیە ئەو بەشەش بەو هۆیانەی کە لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێکرد، دژکردەوەیان نیشاندا.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتە گرینگەدا، ئێمە لەو باوەڕەداین کە:

• ١. نەتەوەی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات لەباری دەستڕاگەیشتن بە ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهان، ئاستی بەرزی خوێندەوارییان و ڕادەی وشیاری و تێگەیشتنیان لە چەوسانەوە و ماف پێشێلکرانیان، ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەردا هاتووە، بۆیە ئەوان زیاتر لەوەی گوێ بگرن لەو دەنگانە، چاو لە کردەوەکان دەکەن بۆ ئەوەی بزانن تا چەند لە خزمەتی جووڵانەوەی کوردن، بۆیە بەپێچەوانەی ئامانجی ئەو حیزبانە، ئەو شێوە ئاخافتن و ڕەخنانەیان لە ڕاسان، نە دەسکەوتێکیان بۆ ئەوان بەرهەم هێنا نە لە بایەخی ڕاسانی کەم کردەوە.

• ٢. حیزب و لایەن و تاکە وشیارەکانی خۆرهەڵات ئەرکی نیشتمانییانە کە لە هەر دەرفەتێک کە هەڵکەوێ، بەدژی ڕێژیم و بە قازانجی خەڵک کەڵک وەربگرن و لەو ڕاستایەدا هەر دەسپێشخەری و ئێقدامێک لە لایەن هەر کەس و لایەنێکەوە بێ، پشتیوانیی لێ بکەن.

• ٣. ئەگەر باوەڕمان بەو ڕاستییە ماوە کە «حیزب ئامرازێکە بۆ خزمەت بە کۆمەڵگە»، دەبێ کێبڕکێ لەسەر چۆنیەتی و چەندایەتی خزمەتەکە بێ، نەک لەسەر بەرپەرچدانەوەی خزمەتێک یان، کەم کردنەوەی بەهای خزمەتەکە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئێمە بۆ خۆمان نەمانتوانیوە یان نەمانویستووە ئەو خزمەتە پێشکەش بە جووڵانەوە و خەڵک بکەین.

٤ سەرەڕای ئەو هەڵسوکەوتانەی کە ئەم حیزبانە سەبارەت بە ڕاسانی خۆرهەڵات کردوویانە و ئەو لێدوانانەی لە کۆڕ و کۆمەڵ یان لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا بڵاویان کردۆتەوە، حیزبی دێموکرات وێڕای ڕەخنەگرتن لەو هەڵوێستەی ئەو حیزبانە لە دانیشتنەکان لەگەڵیان، هەوڵی داوە بۆ دۆستایەتی زیاتر، لێک نیزیک بوونەوە و نەهێشتنی گومانەکان؛ چونکە جەوهەری خۆرهەڵاتی نوێ و ڕاسانی خۆرهەڵات ئەوە دەخوازێ.

هەر لەو ڕاستایەدا پێویستە جارێکی دیکە باوەڕی خۆمان لەپێوەندی لەگەڵ هەوڵدان بۆ کاری هاوبەش لە شکڵ و شێوەیەکدا کە خزمەت بە یەکڕیزی هێز و هیوابەخشین بە خەبات لە کوردستانی خۆرهەڵات بکات دەرببڕین، هەر لە چوارچێوەی ئەم بڕوایەشدا بووە کە لە ماوەی ۴- ۵ ساڵی ڕابردوودا، زۆرتر تێکۆشاوین بۆ لێک نزیک بوونەوە، لێک حاڵی بوون و کاری بەکۆمەڵ، چونکە کۆمەڵگەکەمان و سەردەم ئەوەمان لێ دەخوازێ. هەر ئەو بڕوا بە هاوکارییەش یارمەتیدەر بوو کە لە کۆنگرەی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» دەقێک پەسند بکرێ کە دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەرچی زیاتر ئاوەڵا بکا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە و نەهێشتنی بەربەست لەسەر ڕێگا، ئەمەش دەقی پەسندکراوەکە:

کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگە و ئەندامی حیزب لە بڕگەیەکی زەمانیدا خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیاکردەوە و خۆیان بە ناوی حیزبی دێموکرات ناساند. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەرچەند پێمان وایە کە ئەوان بە ناڕەوا لە ناو و مێژووی حیزب کەڵک وەردەگرن، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەو ڕاستییانەدا، هاوکاری و هاوپەیمانی نێوان هێزەکانی کوردی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا پێویستییەکی بەردەم یەکڕیزیی ئەو هێزانە و خواستی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران دەزانین کە حیزبی دێموکراتیش ئاڵاهەڵگری ئەو یەکڕیزی و کاری هاوبەشەیە. بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزب و هەروەها بۆ چارەسەری کێشەی کاری هاوبەش لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە و لایەنی دیکە، هاوکات لەگەڵ هەوڵی یەکگرتنەوەیەکی جێگای پەسەندی هەردوولا پێشنیار دەکەین:

« تا کاتی یەکگرتنەوە، کۆنگرە ڕێگا بدا بە ناوەندی سیاسی بۆ بەشداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لە هەر چەشنە هاوکاری و هاوپەیمانییەک بە بوونی هێزە سیاسییەکانی کورد، یان ئێرانی دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە بوونی ئەو هاوڕێیانەشەوە، ئەگەر لە چوارچێوەی هاوکاری و بە قازانجی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانێ، ناوی ئەوان نەبێتە کۆسپ لەسەر ڕێگای ئەو چەشنە هاوکارییانە».

چاوەڕوانیشمان لە باقی ڕێکخراو و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی دژبەری ڕێژیم لەو ئاستەدایە. با بەڕێزەوە بڕوانینە کار و چالاکیی یەکتر و ڕەخنەکانیشمان لە یەکتر بنیاتنەر بێت بە ئامانجی توانابەخشین بە خەبات لە ڕۆژهەڵات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی ئێران بە هاوئامانج و هاوچارەنووسی خۆی دەزانێ و بەمەبەستی دەوڵەمەندتر کردنی خەبات لە خۆرهەڵاتی کوردستان و گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانمان، بۆ هاوخەباتییان تێدەکۆشێ.

## داهاتووی ڕاسانی خۆرهەڵات

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە «ڕاسانی خۆرهەڵات» ئەوەندەی هەنگاوێکی بوێرانە، دەسپێشخەرییەکی شۆڕشگێڕانە و لە کاتی خۆیدا بوو، هەر لەو ئاستەشدا بەرنامەیەکی قورس، پڕ تێچوو و پڕ ئاستەنگە (هەر لە سەرەتاشەوە بەو لێکدانەوەیە بڕیاری لەسەر دراوە و دەستی پێ کراوە)، بەڵام ڕێگایەکی دیکە بۆ درێژەدانی خەباتێک کە لە ئەوڕۆی کۆماری ئیسلامیدا ئاکامی دڵخوازی هەبێ، بەدی ناکرێ و نابینرێ. کورد لە ماوەی ٣٩ ساڵی ڕابردوودا، زۆر شێوە لە خەباتی تاقی کردۆتەوە بۆ ئەوەی تەنانەت لانیکەمی مافەکانی دابین بکرێ، بەڵام بەداخەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو چەشنە ماف و ئازادییەک نامۆیە، بۆیە خەباتی کورد لە خۆرهەڵاتدا لە پێش هەموو شتێک پێویستە ببێ بە هێزێکی شوێندانەر بۆ ئەوەی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەدا حیسابی بۆ بکەن. ڕاسانی خۆرهەڵات ئەو نەخشەڕێگایەیە کە خۆرهەڵاتی نوێ دەکاتە ئەو هێزە، بۆیە پێویستە ڕاسان درێژەی هەبێ و لە هەمانکاتدا پشوومان لەسەرەخۆ بێ، ئاستەنگەکان ببینین و ڕێگای دروستی لابردنیان بدۆزینەوە و پێمان وانەبێ لە ماوەیەکی کورتدا ئەو نەخشەڕێگایە (ڕاسان) بە ئاکام دەگا. ئەوەندەی لە توانادایە تێبکۆشین بۆ درێژەدانی ئەو نەخشەڕێگایە و لە بیرمان نەچێ کە ئەگەر بەهۆی سەختیی ئەو ڕێگایە لەوانەیە بەرەوپێش چوونەکە لەسەرەخۆ بێت و هەوراز و نشێو ببینێ، بەڵام ڕاسان دەبێ هەر وەک ستراتێژی بمێنێتەوە و چاوی لێ بکرێ.

## کوردستانی باشوور

کوردستانی باشوور سەرەڕای ئەوەی لە باری پانتای جوغرافیایی و ڕێژەی حەشیمەتەوە، لە دوای باکوور و خۆرهەڵاتی کوردستان سێهەمین بەشی کورستان ئەژمار دەکرێت، لە باری سیاسییەوە، زیاتر لە هەموو بەشەکانی دیکە بۆتە ناوەندی گرینگی سیاسیی کورد، بەشێوەیەک کە لە دەرەوەی وڵات کاتێک باسی کوردستان دەکرێ زۆرتر ئەو بەشەی کوردستان مەبەستە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆی گرینگ:

- ١. دوای ڕووخانی حکوومەتی سەدام حسێن، ئەو بەشە وەک هەرێمێکی فیدراڵ لە عێراقدا، لە یاسای بنچینەیی عێراقی نوێدا بەفەرمی ناسرا و لە لایەن حکوومەتێکی خۆجێیی یەوە ئیدارە دەکرێ.

- ٢. ئەو هەرێمە، دەوڵەمەندە بە سەرچاوەیەکی بەرفراوانی ژێرزەوی لە نەوت و گاز و بەو هۆیەوە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بوو بە جێگای سەرنجی وڵاتانی خۆرئاوایی و ناوچەیی.

- ٣. هێرشی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام (داعش) لە ٢٠١٤دا و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی باشوور و بەرەنگاریی قارەمانانەی پێشمەرگەکان و هاوپەیمانان و پاشەکشە پێکردن بە داعش و کۆنترۆڵ کردنەوەی ئەو بەشە لە خاکی هەرێم کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا بوو و «بە ناوچە جێناکۆکەکان» ناسراوە.

ئەمانە و چەندین هۆی دیکەش، بەستێنێکی لەباریان لە هەموو بارێکەوە خولقاند بۆ ئەم بەشەی کوردستان و لە ئاکامدا ژمارەیەک لە کۆمپانیا هەرە بەناوبانگەکانی نەوت و گاز بە مەبەستی دەرهێنان، هەناردە و گەڕان بە دوای ئەو سەرچاوە ژێرزەوییانەدا ڕوویان کردە هەرێمەکە. تا ئێستا زیاتر لە ٣٠ کۆنسوڵگەری و نوێنەرایەتیی وڵاتان

و ناوەندەکانی سەر بە UN لە هەولێر کراونەتەوە کە ئەو دۆخە لەبارەی کە بۆ ئەو بەشە پێکهاتووە، سەنگ و قورساییەکی بەرچاوی سیاسی و دیپلۆماسی بەو بەشەی کوردستان بەخشیوە، تا ئەو جێگایەی کە پێشتر سەرۆکی هەرێم و لە ئێستادا سەرۆک وەزیرانی حکوومەتەکەی لە زۆر وڵاتدا وەک سەرکۆماری وڵاتێکی سەربەخۆ پێشوازییان لێکراوە و دەکرێ. لە لایەن دەوڵەتانی گرینگی دنیاش بە چەک، تەقەمەنی، ڕاهێنانی پێشمەرگە و گرووپگەلی ڕاوێژکاری و تەنانەت لە ڕووی دارایییەوە، لە شەڕ دژی داعش یارمەتی دەکرێت.

سەرەڕای ئەم دۆخە لەبارە، بەداخەوە حکوومەتی هەرێم تا ئێستا نەیتوانیوە لەم دەرفەتانە وەک پێویست کەڵک وەربگرێ و لە ئاکامدا، نەک هەر نەیتوانیوە لە ماوەی ئەو ٢٦ ساڵەدا لە باری ئابووری و خۆشبژیویی خەڵکەوە سەقامگیری پێکبێنێ و بەرەو بەدامەزراوەیی کردن بچێ، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپتر بوون چووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆی دەرەکی و نێوخۆیی:

گرینگترین هۆی دەرەکی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، کە لەسەرەتای پێکهاتنی ئەو هەرێمەوە بۆ کۆسپ دروست کردن، دووبەرەکی نانەوە و تێکدانی دۆخی هەرێم، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەردەوام خەریکی پیلانگێڕان بووە. لە گرینگترین ئەو پیلانانە دەکرێ ئاماژە بە بڕینی بوودجەی هەرێم لە لایەن حکوومەتی بەغداوە و بە پیلانی ڕێژیمی ئێران بکەین، کە بۆتە هۆی قەیرانێکی بەرینی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی نارەزایەتی دانیشتووانی ئەو هەرێمە، بەجۆرێک کە بەشێک لە کاروباری خزمەتگوزاری، ئاوەدان کردنەوە و چەندین بەشی دیکە ئیفلیج یان نیوە ئیفلیج بوون. ڕووکردنی داعش بۆ ناوچە کوردستانییەکان و داگیرکرنی بەشێکی زۆر لەو ناوچانە و لە ئاکامدا تێوەگلانی حکوومەتی هەرێم بە شەڕێکی نەخوازراو و درێژخایەن بە تێچووی زۆری گیانی و دارایی، یەکێکی دیکە لەم هۆکارانەیە. ئەوەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ نفووزی کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە نێو بەشێک لە دەسەڵات بە دەستان و فەرماندەکانی داعش، کە ئێمە لەکاتی خۆیدا بە درێژی لەسەر ئەو بابەتە نووسیومانە و قسەمان کردووە. بەشێک لەو کۆسپانەش کە حکوومەتی هەرێم ڕووبەڕووی بووەتەوە وەک هاتنی نزیک بە یەک میلیۆن و نیو ئاوارەی شەڕ بۆ هەرێم و زۆر گرفتی دیکەش، دەرهاویشتەی ئەم پیلانانەن. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە داهاتووشدا لە بەڕێوەبردنی ئەو پیلانانە دژی حکوومەتی هەرێم ڕاناوەستێ و زۆربەی ئەو پیلانانەش لە ڕێگەی بەغداوە جێبەجێ دەکات. حەشدی شەعبی کە لایەنێکی سەربازی و هێزێکی ئیدئۆلۆژیکی دەستپەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هاوتای حیزبوڵڵای لوبنانە، وێڕای سوپای قودس، ئامرازەکانی دەستی ڕێژیمن بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەت و پیلانەکانی لەم هەرێمە.

هەر ئەم سیاسەت و بیروباوەڕە ئیدئۆلۆژیکەش ڕێکخەری هێرشی سەربازیی بەغدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ بوو؛ بە بیانووی بەشداریی خەڵکی باشووری کوردستان لە گشتپرسیی ٢٥ی سێپتامبر بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. لەم هێرشەدا حەشدی شەعبی بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی دیکەی عێراق و بە ڕێنوێنی و پیلانی قاسم سلێمانی فەرماندەی سپای قودسی سەر بە سپای پاسدارانی ئێران، بە چەک و جبەخانەی قورس بەشدار بوون و توانییان کەرکووک و هەموو ناوچە کێشە لەسەرەکانی کوردستان کە پێشمەرگە دوای هێرشی داعش و کشانەوەی هێزەکانی عێراق لەو شوێنانە کۆنترۆڵی کردبوو، لەگەڵ بیرە نەوتییەکان جارێکی دیکە بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی بەغدا. بەم چەشنە ناوچەیەکی بەرفراوان (نزیک بە نیوەی) لە خاکی باشوور کە بە قارەمانەتیی کەم وێنەی پێشمەرگە و شەهیدبوونی سەدان و برینداربوونی هەزاران پێشمەرگە لەژێر دەستی داعش ڕزگار کرا و پارێزرا، لەدەست چوو. ئەو شکستە کە دەرهاویشتەی ئەو پاشاگەردانی و بێسەروبەرییەی حیزبە سیاسییەکانی هەرێم بوو، بێجگە لەوەی گورزێکی کاریگەری لە دەسەڵات و هەیمەنەی هەرێم وەشاند و زۆربەی دەسکەوتە سیاسی و ئابوورییەکانی زیاتر لە دوو دەیەی دەسەڵاتداریی هەرێمی باشووری کوردستانی وەشاندووە، دڵ و شعووری هەموو کوردێکی بریندار کرد، برینێک کە وەکوو زۆر لە برینەکانی دیکەی سەرجەستە و دڵی کوردستان قەت سارێژ نابێتەوە و لە مێژوودا تۆمار دەبێ.

بەم چەشنە هەرێمی کوردستانی باشوور کە بە هەموو کەموکوورییەکانیەوە هەموو کوردێک شانازیی پێوە دەکرد

و لــە چاوەڕوانیــی ئــەوەدا بــوون کــە ببێتــە دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی کوردســتان، بەشــێکی بەرچــاوی کەوتــە ژێــر دەســەڵاتی حەشــدی شــەعبی.

بەو هیوایەی کە حیزبە سیاسییەکانی باشوور ئــەو ئەزموونە تاڵــە بکــەن بــە دەرس و دەرفــەت بــۆ پێداچوونــەوە بەســەر سیاســەتەکانی پێشــوویان و خەسارناســییەکی لیبراوانــە بــە مەبەســتی دەســپێکردنی وەرزێکی نــوێ لــە پێوەندییەکانیان، لــە پێنــاو پاراســتنی دەسکەوتەکانی ئەو بەشــەی کوردســتان.

## هۆکارە نێوخۆییەکان

تۆوێــک کــە دەســەڵاتدارانی ئــەو هەرێمــە بــە درێژایــی چەندیــن دەیــە چاندوویانــە، ڕشــتنی کۆنە قیــن، تۆڵەکردنەوە و شــکاندنی یەکترە. ئەو شــێوازە لــە هەڵســووکەوت، کــە لــە مــاوەی چەنــد دەیــەی ڕابــردوودا لــە نێــو بەشــێکی بەرچــاو لــە حیزبەکانــی ئــەم بەشــەی کوردســتان پــەرەی گرتــووە و چەندیــن شــەڕی خوێناویــی لــێ کەوتووەتــەوە، ئــەم ململانــێ و ڕکابەرایەتییــە تــا ئێســتاش بەردەوامــە. هەرچەنــد لــەم چەنــد ســاڵەی دواییــدا تێکهەڵچوونــی چەکــداری لــە نێــوان لایەنــەکان بەفەرمــی ڕووی نــەداوە، بــەڵام لــە کــردەوەدا بابەتــی دژایەتــی کردنــی یەکتر و ململانێــکان، گۆڕانکارییەکی ئەوتــۆی بەخــۆوە نەبینــی و لە جێی خۆیەتــی. لە ژینگەیەکی ئەوتــۆدا هێڵــی ســوورێک نامێنــێ و هەمــوو شــتێک دەبێتــە قوربانیــی بەرژەوەندیــی حیزبــی و دوژمنانــی کورد دەســتیان ئــاوەڵا دەبــێ بــۆ دەســتێوەردان و تەڕاتێــن لــە هەرێــم. شــەفافیەت مانــای خــۆی لەدەســت دەدا، بــازار لــە لایــەن مافیــای حیزبــی قــۆرخ دەکــرێ و متمانەیەک لەنێوان خەڵک و دەســەڵاتدا نامێنــێ. لــە دۆخێکــی ئەوتــۆدا لایەنــەکان ئامــادەن ڕوو بکەنــە دوژمنانــی کــورد بــۆ شکســت پێهێنانــی یەکتر، بــەڵام ئامادە نیــن لەگەڵ یەکتر سازان بکــەن و هەر لایەنێــک تەنیا خەمــی خۆیەتــی. دەرهاویشــتەی ئــەم شــێوە دەســەڵاتدارێتییە بۆتــە هەرێمــی کوردســتانی ئەمــڕۆ کــە وەبیرهێنــەرەوەی ســەردەمی میرنشــینەکانە کە هەر کەســەو حاکمــی بەشــێکە؛ حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران بــۆ ئــەم دۆخــە شــێواوەی هەرێــم بــە پەرۆشــە، لەبــەر ئــەوەی:

• ١. بەشــێکی کوردســتان دوای ســاڵانێکی زۆر لــە قوربانیدان و وێرانــی، دەرفەتێکــی زێڕینــی بــۆ هەڵکــەوت کــە ببێتــە خــاوەن حکوومــەت و دەســەڵاتێکی خەڵکــی و ئەزموونێکــی ســەرکەوتووی کــوردی، بــەڵام دوای ٢٦ ســاڵ بەبــێ ئــەوەی ئەزموونێــک وەرگــرێ، بــەرەو ئــەوە دەچــێ کــە ببێتــە نموونەیەکــی شکســت خــواردوو لــە دەســەڵاتی کــوردی، ئەمــەش جێــگای دڵخۆشــیی دوژمنانــی کــوردە.

• ٢. لــەم دۆخــە ئاڵــۆزەدا، کــە ڕێژیمــی کۆمــاری ئیســلامی دوژمنــی ســەرەکیی هەمــوو کــورد بــە تایبــەت حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێرانــە، ڕۆژبــەڕۆژ زیاتــر دەســەڵات و نفــووزی خــۆی لــەو بەشــەدا پــەرە پێــدەدا، بــەم شــێوەیە ئەمنیەتــی ئێمــە کــە لــەو بەشــەدا نیشــتەجێین، زیاتــر دەکەوێتــە مەترســی و ڕۆژبــەڕۆژ دەکەوینــە بــەر هەڕەشــەی زیاتــری ئــەو ڕێژیمــە.

• ٣. ئاکامــی نەرێنیــی ئــەو هەلومەرجە نالەبــارە دەبێتە هۆی دانانــی شــوێندانەرییەکی وێرانکــەر لەســەر دەروونــی هەموو کوردێکــی خەباتــکار کــە لــە پێنــاو ئازادیــی وڵاتەکەیــدا، ئامــادەی هەمــوو چەشــنە گیانبازییەکــە.

بۆیــە ئــەم ئاڵوگۆڕانــە لــە هەرێــم دەخــوازێ کــە حیزبــی دێموکــرات، بــە پێــی ئیمــکان و توانــا ڕێوشــوێنی گونجاوتر بۆ پارێــزگاری و چالاکییەکانــی خــۆی ڕەچــاو بــکات، بــۆ ئــەوەی بتوانــێ لــە هەمــوو ئــەو ڕووداوانــەی کــە بــە هــۆی ئــەو دۆخــە نەخــوازراوەی باشــووری کوردســتان چاوەڕوان کــراون، خــۆی بپارێــزێ.

ســەرەڕای ئــەو بارگرژییانــەی باشــوور، ئێمــە هەوڵــمان داوە لــە هاوکێشــەکانی ئــەو ناوچەیــەدا نەبینــە لایەنێــک لــە کێشــەکان و ســەربەخۆیی حیزبەکەمــان بپارێزیــن و جەختیــش دەکەینــەوە کــە زمانــی خێــر و ئاشــتەوایی لــە نێــوان لایەنــەکان بیــن.

لــە هەمــان کاتــدا لــە کۆبوونەوەکانمــان لەگــەڵ لایەنــەکان، بۆچوونەکانــی خۆمــان ڕاشــکاوانە بــاس کــردووە. تەنانــەت ئەگــەر ڕەخنەگرانــەش بووبێــت. لــە لایەکــی دیکــەوە بەبــێ لەبەرچاوگرتنــی ئەوەیکــە کــێ دەســەڵاتی حکوومەتــی بەدەســتەوەیە، حورمەتــی خــاک و حکوومەتەکەمــان پاراســتووە.

ئــەو سیاســەتە یارمەتیــدەر بووە بــۆ ئــەوەی حورمەتی حیزب لــە هەمــوو لایەکــەوە پارێــزراو بــێ، بۆیــە پێویســتە ئــەم سیاســەتە لــە لایــەن ئێمــەوە بــەردەوام بــێ و بە تێگەیشتنی

ئەو هەلومەرجە دژوارەی کە حکوومەتی هەرێم پێیدا تێپەڕ دەبێ و هەروەها لەبەرچاوگرتنی زەخت و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەریان، چاوەڕوانییەکانمان لە ئاستێکی لۆژیکیدا بێ.

## کوردستانی باکوور

کۆمەڵگەی کورد لە کوردستانی باکوور، وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان ئایین، خێڵ و پێکهاتەی نەتەوەیی جیاواز لەخۆ دەگرێ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، لە مێژووی هاوچەرخ، دوای شەڕی جیهانیی یەکەم و دابەش بوونی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریی عوسمانی و بنیاتنانەوەی تورکیەی نوێ بەدەستی کەماڵ ئاتاتورک، سەرهەڵدانی کوردەکان بۆ ڕزگاری لە چنگی ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوەیان لە لایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکەوە بەردەوام بووە.

خەباتی کورد لەو بەشەدا ڕەوتێکی نوێی بەخۆیەوە بینیوە. خەباتی ئەم بەشە بۆ خۆی هەڵگری مێژوویەکی جیاواز لە خەباتی خەباتکارانی کوردی ئەم بەشەیە، چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا. لێرەدا مەبەستی ئێمە باس کردن لە مێژووی حیزبێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو تەنیا دەمانهەوێ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەم بەشەی کوردستان لە ماوەی ۴ ـ ۵ ساڵی ڕابردوودا بخەینە بەر باس و شرۆڤەی بکەین. گۆڕانکارییەک کە پەکەکە ڕۆڵ و کاریگەریی گرینگی بەسەریەوە هەبووە و هەیە. دوای ئەوەی کە pkk بەگشتی لە لایەن حکومەتی تورکیەوە بە «تیرۆریست» ناسرا، تێکۆشاوە لەژێر ناوگەلی جیاوازدا شێوەی خەباتی یاسایی خۆی لە چوارچێوەی تورکیەدا پەرە پێبدات.

پارتی دیموکراتی گەلان(هەدەپە) یەک لەو حیزبانە بووە کە پرس و مافەکانی گەلی کوردی لە باکوور وروووژاندووە. زۆرتر بەم هۆیەوە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلمانیی تورکیە لە مانگی ۶ی ساڵی ۲۰۱۵ توانی بۆ یەکەمجار بەربەستی هەڵبژاردن بشکێنێ و زیاتر لە ۸۰ کورسیی پارلمان بەدەست بێنێ. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە حیزبی دەسەڵاتدار، واتە ئاکەپە بەپێی ژمارەی کورسییەکانی پارلمان، نەیدەتوانی بەتەنیا حکوومەت پێکبێنێ، هەر بۆیە ناچار بوو لەگەڵ یەکێک لە حیزبە براوەکان، حکوومەتی هاوبەش دابمەزرێنێ، بۆ ئەو مەبەستەش بێجگە لە هەدەپە، حیزبێکی دیکە بۆ ئەو هاوبەشییە گونجاو نەبوو.

ئەم دەرفەتە هەلێکی زێڕین بوو کە پەکەکە لە ڕێگەی هەدەپەوە بتوانێ بۆ یەکەمجار ببێتە شەریکی دەسەڵات لەو وڵاتەدا. لایەنی دیکەی ئەم دەرفەتە ئەوە بوو کە پەکەکە دەیتوانی بە ڕێگای خەباتی پارلمانی و یاسایی، هەنگاو بە هەنگاو بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی گەلی کورد بەدەست بهێنێ، بەڵام بەداخەوە بە سەرکەوتنەکانی ئەم هەڵبژاردنە لەخۆبایی بوو و تووشی لێکدانەوەی هەڵە بوو کاتێک کە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕایگەیاند کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئاکەپە لای ئەوان هێڵی سوورە و لە بنەڕەتدا ئەم دەرفەتەیان ڕەت کردەوە.

ئەو ڕاستییەش لەبیر نەکەین کە لەو کاتەدا، لایەنی دیکەی ناوچەییش هەبوون کە هاندەر بوون لەوەیکە پەکەکە، تووشی ئەو هەڵە قەرەبوونەکراوە ببێ و دۆخی تورکیە بە قازانجی خۆیان بشێوێنن و کوردیش ئەم دەرفەتە زێڕینەی لە کیس بچێت.

لەو قۆناخەدا هەدەپە ۸۱ پارلەمانتار و زیاتر لە سەد شارەوانیی کوردستانی باکووریان بەدەستەوە بوو. بەکورتی کۆنترۆڵی ئەو بەشەی کوردستانیان بەدەستەوە بوو. دەوڵەت لە هیچ شوێنێک هێرشی بۆ نەدەبردن ئەگەر بە دڵیشی نەبووبێ بەڵام هەوڵی دەدا پرۆسەی ئاشتی درێژە پێبدا. لە ساڵی ۲۰۱۵ بە کوشتنی دوو پولیسی تورک لە لایەن «پەکەکە»وە، حکوومەت بیانووی کەوتەدەست بۆهێرشی ئەرتەش و پولیسی تورکیە بۆ سەر پەکەکە و باکووری کوردستان، لە ئەنجامدا شەڕ و پێکدادانی چەکداری بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی پێکرد و تورکیە زۆر بە چڕی لە ڕاگەیەنەکانی خۆیدا، کاری لە سەر ئەو شەڕە دەکرد. ستراتێژیی خەندەق کە شەڕی هێنایە نێو شارەکان، زەبرێکی تری لە بزاڤی سیاسیی کوردستانی باکوور وەشاند، کە تێیدا دەیان هەزار کەس ئاوارە بوون و بە هەزاران کەسیش دەسگیرکران و بە هەزارانیش گیانیان لەدەست دا.

بارودۆخی سیاسیی حکوومەتی تورکیە لەو سەروبەندەدا باش نەبوو؛ لەگەڵ ئامریکا و ئۆرووپا، پێوەندییەکی ساردوسڕی هەبوو. بە کردەوە دژایەتی سووریەی دەکرد،

ئەگەر نەڵێین لەشەڕدا بوو. لەگەڵ دەوڵەتی عێراقیش بەتەواوی ناکۆک بوو هەر بەم شێوەش لەگەڵ ئێران لە ململانێیەکی سەختدا بوو هاوکات پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیە بارگرژ و ئاڵۆز بوون.

پەکەکە پێیوابوو بە ستراتێژیی خەندەق دەتوانێ شارەکان بکاتە سەربازگە و سوود لە قەڵغانی مرۆیی ببینێ و جەنگی یەکلاکەرەوە لەنێو شارەکان بەرپا بکات. هەروەها پێیان وابوو بە یەک – دوو بانگەواز خەڵک لەنێو شارەکان ڕادەپەڕێن و کۆتایی بە دەسەڵاتی داگیرکاری دەهێنن، بەڵام ئەو ستراتێژییە کاتێک شانسی سەرکەوتنی هەیە کە بڕۆکراسیی دەوڵەت کۆتایی پێهاتبێ و هەموو ئامرازەکانی هێزی لەدەست چووبێت.

سەرکردایەتیی پەکەکە لە خوێندنەوەی پێگەی دەوڵەتی تورکیەدا تووشی هەڵەی ستراتێژی بوو و ئەوەی لێک نەدابوویەوە کە ئەردۆغان دەتوانێ لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە ناکۆکانە پێوەندییەکانی ئاسایی بکاتەوە. لەپێشدا لەگەڵ مەهەپە ڕێککەوت؛ ئەو ڕێککەوتنە تەنانەت ڕێککەوتنی سیستمی سەرۆکایەتی لەگەڵ ئەو حیزبەی لێکەوتەوە. هەر لە ماوەی یەک ڕۆژدا بنکەی سەربازیی ئینجێرلیک بەڕووی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئامریکادا کرایەوە، هاوکات ڕایگەیاند کە لە شەڕی دژی تیرۆر لە سووریە و عێراق، هاوکاریی ئامریکا دەکات.

ئەردۆغان هەوڵیدا لە ماوەی یەک-دوو مانگدا پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیە ئاسایی بکاتەوە و بیگەیەنێتە ئاستی دۆستایەتی و هاوکاریی دوو لایەنە، پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا بەشێوەیەک بردە پێش کە کودەتاکەی مانگی ژوئیەی٢٠١٦ نەیتوانی کاریگەریی بەسەریەوە بێت. تەنانەت لە کودەتاکە بە قازانجی خۆی کەڵکی وەرگرت و دەیان هەزار کەسی لە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی تورکیە بە تاوانی بەشداری کردنیان لە کودەتا وەلا نا و پەراوێزی خستن.

هەر چەند پەکەکە لە بواری لەشکری و نیزامییەوە، توانی هێندێ زەربە لە هێزەکانی تورکیە بدا، بەڵام لە سەرتاسەری باکووری کوردستان کەوتە بەر هێرشێکی بەربڵاو و توندوتیژ و لە ئاکامدا لە نێوخۆ و لە دەرەوەدا هێزی کارامە و کادری بە ئەزموونی سیاسی و نیزامیی زۆری لەدەست داوە.

بێجگە لەوە بەدەیان شار و گوندی وەک سوری ئامەد، جزیرە، فارقین، شرناخ، نسێبین، سلۆپی و گەوەر و...هتد، کەوتنە بەر تەوژمی کاولکاریی حکوومەت.

لە نێو شارە گەورەکانی تورکیە، هەرجارە ژمارەیەک کەسی مەدەنی دەکوژران، بەڵام ئەو شێوە کردەوانە، لە لای کورد، تورک و بیروڕای گشتی، لە دەرەوەی تورکیاش، کاریگەریی زۆر نێگەتیڤی لەسەر بزووتنەوەی کورد دانا و دەرفەت و بیانوویەکی ئەوتۆی دایە دەستی دەوڵەت کە ڕقی چەندین ساڵەی خۆی بە هێندێک شار و بەتایبەتی پەکەکە و هەدەپە و دەوروبەرەکانیان بڕێژێ؛ بۆیە زۆر بە خێرایی و توندوتیژانە، ئەو هەڵەی قۆستەوە و لە پێشدا لە ڕووی یاسایی هەم لەسەر شارەوانییەکان و هەم لەسەر پارلەمانتارەکان پەروەندەسازیی کرد.

ئەوانی دەسبەسەر کردن و بردنییە بەردەم دادگاکان، حکوومەت لای ڕای گشتی وای دەنواند کە ئەم کەس و لایەنانە ڕەفتاری توندوتیژ و ناپەسندی زۆریان ئەنجام داوە. ئەمەش خەسارێکی گەورە بوو و ئێستاش ژمارەیەکی زۆریان لە زیندانەکاندان. ئاکامی ئەو سیاسەت و کردەوانە، بوو بە هۆی ئەوەیکە بەپێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو، بیروڕای گشتیی کورد لە باکوور، دژکردەوەیەکی ئەوتۆیان لە دژی حکوومەت نیشان نەدا؛ بۆیە کار گەیشتە جێگایەک کە ژمارەیەک لە پارلمانتارانی بە ئەزموونی هەدەپە، لە تویتەکانیاندا، گلەییان لە خەڵک دەکرد کە بۆچی لە دژی دەوڵەت هەڵوێستێکیان نییە وخۆپیشاندان ناکەن؟ ئەم دۆخە لە نێو شارە گەورەکانی تورکیەشدا بە هەمان شێوە بەردەوام بوو.

دەوڵەتانی دەرەوە و بیروڕای گشتیی ئامریکا و ئۆرووپاش جگە لە بڕێک هەڵویستی نەرێنیی نەرم لە دژی حکوومەت، وەک مەحکووم کردنی سیاسی و ڕاگرتنی وتووێژی یەکیەتیی ئۆرووپا سەبارەت بە ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئۆرووپا، هەڵوێستی دیکەیان لە خۆیان نیشان نەدا، وەک بڵێی تورکیە پێشوەختە پێشبینی ئەو حەرەکەتانەی کردبێت، بۆیە بێ ترس هێرشی دەکرد و ئێستاشی لەگەڵدا بێ، هێرشەکانی ڕانەگرتووە. خاڵی جێی سەرنج ئەوە بوو کە ئەم هێرشانە لە پارچەکانی

دیکەی کوردستانیش، هیچ هاوسۆزی و هاودەردییەکی بۆ پەکەکە بەدواوە نەبووە.

لەو ڕووداوانەدا زیاتر لە سەد سەرۆک و هاوسەرۆکی شارەوانی لە باکووری کوردستاندا تا بەفرانباری٩٥ گیراون و هەر هەمووش لێپێچینەوە و حوکمی گرتنیان پشتڕاست کراوەتەوە و چاوەڕوانی دادگایین. لە جیاتی ئەو سەرۆک شارەوانییانە کەسانی دیکەی سەر بە حکوومەت وەک جێگرەوە بەناوی قەییم دانراون. تا ئێستا ١٢ پارلەمانتاری هەدەپە بە سەرۆک و هاوسەرۆکەوە گیراون و پێدەچێ پارلمانتاری دیکەش ڕەوانەی بەردەم دادگاکان بکرێن. سەرۆک و هاوسەرۆکی پارتی دیمۆکراتی گەلان و پارتی هەرێمە دێموکراتیکەکان کە بەشی زۆریان کوردن، نزیک بە تەواویان لە سەرتاسەری باکووری کوردستان گیراون. بێجگە لەوانە، بە قسەی بەرپرسەکانی هەدەپە بە هەزاران کادریان گیراون، بەکورتی زیندانەکانی تورکیە ئاخێندران.

ئەم ئاڵوگۆڕانە لە باکوور لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا شوێندانەریی لەسەر پێگەی پەکەکە لەنێو خەڵکیشدا هەبووە. بە پێی قسەی هێندێک لە چاودێرانی کورد لە باکوور، هەدەپە ترسی ئەوەی هەیە کە ئەم جارە نەتوانێ بەربەستی هەڵبژاردن تێپەڕێنێ بۆ ئەوەی نوێنەرەکانی بچنە پارلمان.

یەکێک لە هەڵەکانی دیکەی پەکەکە، داهێنانی هێندێک تیۆرییە کە دژی نەتەوەیی تووشی ئاڵۆزی کردووە. جەخت کردنەوە لە چەمکی ئایدیۆلۆژیی نەتەوەی دێموکراتی و ڕەتکردنەوەی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی، بووەتە هۆی ناتەبایی لە نێوان ڕەفتار و کرداری ئەم هێزە و ئەمەش خەڵکی باکووری کوردستانی لە سیاسەت و ستراتێژییەکانی پەکەکە دڕدۆنگ کردووە و جۆرێک لە کەلەبەری متمانەی لەنێوانیاندا دروست کردووە.

## کۆتایی

هەڵەی ئەمجارەی پەکەکە، پاساو و بەهانەیەکی قابیلی پەسندی(لە ڕووی بۆچوونی گشتیی تورکەکان)، دایە دەستی حکوومەتی تورکیە کە بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ هێڵێکی سوور و توندوتیژتر لە ڕابردوو، بە دەستێکی کراوە لە هەموو شوێن و کاتێک لە دژی پەکەکە بجووڵێتەوە. لە سووریە بە وەرچەرخانێک لە سیاسەتی خۆیدا، لەگەڵ ڕووسەکان و بەشار ئەسەد و عێراق، توانیویەتی جێگا بە هێزەکانی پەکەکە لێژ بکات. بۆیە ئێستاش ئەو نیگەرانییە هەیە کە نەک تەنیا لە تورکیە، بەڵکوو لە سووریەش، هەموو ئەو دەسکەوتە سیاسییانەی کە بە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی کورد بەدەستی هێنابوون، لەدەست بدات.
دووردیمەنی ئەم دۆخە ئاڵۆزەی نێوان دەوڵەتی تورکیە و پەکەکە نادیارە. چونکە دەوڵەتی تورکیە تا ئێستاش ئامادە نەبووە لەگەڵ پەکەکە بکەوێتە دانوستانەوە و کۆتایی بەم شەڕ و کوشتارە بێنێ و چیتر وەکوو جاران بەڕێز ئۆجالانیش وەک موخاتەبی پرسەکە قبوڵ ناکات و کۆتایی بە دیدارە ڕەسمییەکانیش هێناوە.
بەم چەشنە دەبینین کە سیاسەتی پەکەکە، بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە هەلومەرجێکی هەستیار و دەرفەتێکی دەگمەن لە بەردەم کورد لەبار ببا. لەحاڵێکدا ئەگەر بە وریایی و لەڕاستای بەرژەوەندیی کورد هەنگاوی هەڵێنابا، دەیتوانی لە ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناوچەکەدا بەڕێوەن، دەسکەوتی باشی سیاسی بۆ ئەو بەشە لە کوردستان و بە گشتیی بۆ کورد مسۆگەر بکات.
ئێمە هیواداریـن کە پەکەکە، بە ڕوانگەیەکی خەسارناسانە بە سیاسەت و بەرنامەکانی خۆیدا بچێتەوە، بۆ ئەوەی بە دەرس وەرگرتن لە هەموو سەرکەوتن و شکستەکانی، ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر کە باشتر بتوانێ لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی کورد لە باکوور و بەشەکانی دیکە لە دەرفەتەکان کەڵک وەربگرێت.

بەتایبەت خوازیارین کە بە پێوەندییەکانیدا لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کورد لە هەموو بەشەکاندا بچێتەوە و بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پێوەندی و لێک حاڵی بوون لەگەڵ ئەوان، بە ڕێگای هاوکاری و پێکەوە هەڵکردن هەنگاو بنێت.

لەو ڕاستایەدا پێمان خۆشە ڕابگەیەنین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو هێزێکی تێکۆشەر دەڕوانێتە پەکەکە و لەو باوەڕەدایە کە ئەو هێزە بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی دیکە لە پێوەندییەکانی دەتوانێ شوێندانەریی ئەرێنیی زیاتر لە بەرەوپێش بردنی خەباتی

کورد لە هەموو بەشەکاندا دابنێ و هێز و توانای خۆیشی زیاتر پەرە پێ بدا.

ئێمە سەرەڕای هێندێک ڕەخنەی بنیاتنەر لە پەکەکە وەکوو دڵسۆزییەک، هەموو کاتێک ئامادە بووین و ئامادەین بۆ بردنەسەری ئاستی پێوەندییەکانمان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی سیاسی و خەباتی هەردووک لا.

بێجگە لە پەکەکە و لایەنگرانی، ژمارەیەک حیزبی سیاسیی کورد لە تورکیە چالاکییان هەیە کە خەباتی چەکداری ناکەن و تەنیا بە شێوەی سیاسی و یاسایی بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتی، لەو بەشەی کوردستان تێدەکۆشن. ژمارەیەک لەو حیزبانە خاوەن مێژوویەکی پرشنگدار لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد لەو بەشەدان. ئەو حیزبانەش، وەکوو حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان تووشی پرش و بڵاوی بوونە، بۆیە لە ئێستادا هێزی پێویست و شوێندانەریان نییە. هەرچەند بۆ ماوەی ساڵێک دەبێ بە ئاراستەی لێک نزیک بوونەوە و تەنانەت یەکگرتنەوە هەنگاویان ناوە. ئەگەر ئەو ڕەوتە بگاتە ئەنجامێکی دڵخواز، دەتوانێ ببێتە هۆی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی ڕەوتێکی دیکەی سیاسی لەم بەشەی کوردستان، ڕەوتێک کە هەڵگری بیر و هزری نەتەوایەتی و دێموکراسی بێ و هاوکات دەتوانێ لە هاوکێشە سیاسییەکانی تورکیەدا قورسایی خۆی هەبێ. ئێمە هیواخوازین ڕەوتی لێک نزیک بوونەوە و کاری هاوبەش، بکەوێتە چوارچێوەی بەرنامەی کاری ئەو حیزبانەوە.

## کوردستانی خۆرئاوا

کوردستانی خۆرئاوا لە باری پانتایی خاک و دانیشتوان بچووکترین بەشی کوردستانە. لە سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعسی سووریە و حافز ئەسەددا، بۆ سازکردنی لەمپەڕ لە بەردەم خەباتی کوردەکان و لاوازکردنیان، سیاسەتی بە عەرەبکردن(تەعریب)ی ئەم بەشە دەستی پێکرد و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی سەر سنوور، ڕووبەڕووی کۆچی زۆرەملی بوونەوە و لە جێگای ئەوان عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانی دیکەی سوورییەوە هێنرانە کوردستان و نیشتەجێ کران. ئەوەی پێی دەگوترێ پشتوێنەی عەرەبی بەرهەمی ئەو سەردەمەیە. بەم شێوەیە دێموگرافیای خۆرئاوای کوردستان شێوێندرا و سنووری ئەم بەشە لەگەڵ تورکیە و عێراق بەکردەوە بوو بە شوێنی نیشتەجێ بوونی عەرەبەکان، ئامانج لەم سیاسەتەش ئەوە بوو کەپێوەندی خەڵکی کورد لەگەڵ هاونەتەوەکانیان لە تورکیە و عێراق دابڕێ، کە ئەوەش لە ئێستادا کێشەیەکی گەورەی لەو ناوچانە پێکهێناوە. تا پێش سەرهەڵدانە جەماوەرییەکانی خەڵکی سووریە لە (٢٦ی ژانویەی٢٠١١ /٦ ی ڕێبەندانی١٣٨٩) دژی حکوومەتی بەشار ئەسەد، چەند حیزبێکی کوردیی سووریە بۆ بەدەستهێنانی مافە پێشێلکراوەکانی کورد لەو بەشەدا، بە شێوەی سیاسی هاتبوونە نێو گۆڕەپانی خەباتەوە.

لە ڕابردوودا، سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان حکوومەتی سووریە و تورکیە، بەستێنێکی ئامادە کرد کە حکوومەتی سووریە ڕێگەی بە PKK دا کە بەشێک لە بنکە و بارەگاکانیان لە سووریە دامەزرێنن و لەوێڕا خەبات دژی تورکیە بەڕێوەبەرن.

لە هەمانکاتدا ژمارەیەکی زۆر لە لاوە کوردەکانی ئەم بەشەیان بۆ ڕیزەکانی خۆیان ڕاکێشا و ناردیانن بۆ خەبات لە دژی حکوومەتی تورکیە. حکوومەتی سووریەش بەم کارە ڕازی بوو و هیچ بەربەستێکی بۆ ئەو لاوانە و بنەماڵەکانیان پێک نەدەهێنا. تا سەرئەنجام لە دژی ئەم سیاسەتەی سووریە، دەوڵەتی تورکیە هێزەکانی لە سنووری سووریە جێگیر کرد و هەڕەشەی لە سووریە کرد کە ئەگەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی ئەو حیزبە ڕادەستی تورکیە نەکاتەوە و بنکە و بارەگاکانی پەکەکە کۆ نەکاتەوە، هێرشی سەربازی دەکاتە سەر ئەم وڵاتە و بۆ خۆی ئەم کارە بە ئەنجام دەگەیەنێ. لە ئاکامدا حکوومەتی سووریە ئۆجەلانی ناچار کرد شوێنی خۆی بەجێ بێڵێ و ڕێگای هەندەران بگرێتە بەر. هەر لەو ڕێگەیەشدا بوو کە بە پیلانی هێندێک حکوومەت، بەداخەوە ناوبراو دەستگیر کرا و هێنرایەوە تورکیە و تا ئێستاش بو ماوەی نزیک بە ١٩ساڵە لە زینداندایە.

دوای سەرهەڵدانی شۆڕش لە سووریە کە وەک بەشێک لە بەهاری عەرەبی هەژمار دەکرێ، جارێکی دیکە هێزەکانی پەکەکە لەژێر ناوی پارتی یەکیەتی دێموکراتیک (PYD)، لە خۆرئاوا دەستیان بە چالاکی کردەوە. وادەردەکەوێ

بەپێی سازانێک لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سووریە، بەشێک لە هێزەکانی ئەو وڵاتە لە کوردستان، گەڕانەوە پادگانەکان و بەشێکیشیان نێردران بۆ بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دژبەران و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیونی سووریە. ئەنجامەکەی بوو بەوە کە کوردستانی سووریە بە بێ شەڕ و تێکهەڵچوون ڕادەستی پەیەدە کرا و ئەویش ئەو بەشەی بە چەند یەکەی جوغرافیایی لە ژێر ناوی "کانتۆن" دابەش کردووە و بەرەبەرە بەرپرسانی بەڕێوەبەریی ئەم کانتۆنانەی لە کەسانی خۆی دیاری کرد، بەم شێوە بەڕێوەبەرییەکی بۆ دانا کە ئیزنی بەشداریی بە هیچکام لە حیزبەکانی دیکەی کوردی ئەو بەشە لەو بەڕێوەبەرییەدا نەداوە.

دواتریش ئەم کانتۆنانەی لە توێی یەکەیەکی سیاسی بەناوی فیدراڵیی باکووری سووریەدا ڕێکخستووەتەوە و دەیهەوێ وەکوو بەدیلی سەرەکیی ڕێژیم لە باکووری سووریە جۆرێک لە گوتار و سیاسەتی سووریەیی نمایش بکات. ئەم سیاسەت و گوتارە سووریەییە بەشێوەیەکی جیددی کۆتایی بە چەمکی کوردستانی و پرسی سەروەری نەتەوەیی هێناوە. ئەم هەڵگەڕانەوەیە بە ڕادەیەکە کەوا لای پەیەدە باسکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و چەمکی کوردستان وەکوو چەمکی کۆنەپەرستانە سەیر دەکرێت. ئەمەش شتێک نییە جگە لە قەیرانی ناسنامە و ئاڵۆزیی فیکری، کە زیانێکی زۆر بە دۆزی ڕزگاریی نەتەوەیی دەگەیەنێت.

لەو بەڕێوەبەرییەدا زۆرتر باسی یەپەگە و پەیەدە دێت، کە تورکیە وەک پەکەکە دەیانناسێ و لەدژیانە، بەڵام لە دوای لەیەک نزیک بوونەوەی تورکیە، ڕووسیە و ئێران، بارودۆخەکە تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و خەریکە بە زیانی گەلانی سووریە و بە تایبەت گەلی کورد دەشکێتەوە. هەر لە ئێستاوە سووریە داوای لە پەیەدە کردووە ئەو شوێنانەی کە تیایدا جێگیرە، ڕادەستی ئەرتەشی بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە گریمانە دەکرێ تورکیە و سووریە و ئێران لەسەر ئەوەی کە نابێ کورد لە ڕۆژئاوا ڕۆڵی هەبێت، ڕێککەوتبێتن.

هێرشی بەربڵاوی ئەم دواییانەی تورکیە بۆسەر عەفرین لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت؛ ئێمە زۆر بەداخین کە لەو هێرش و پەلامارەدا ژمارەیەکی بەرچاو خەڵکی بێ دیفاعی ئەم ناوچانە و شەڕڤانانی پەیەدە شەهید و بریندار بوون و وێرانییەکی زۆری ئەو ناوچەی کوردستانی لێکەوتۆتەوە، سەرەخۆشی دەکەین لە بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و هیوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ بریندارەکان دەخوازین، لە هەمانکاتدا ئەو هێرشە مەحکووم دەکەین و داوا دەکەین هەرچی زووتر ئەو هێرشە کۆتایی پێ بێ.

کورد لەم پارچەیەش نایەکگرتووە، لایەنی حاکم بەسەر ڕۆژئاوای کوردستان دژی مافی نەتەوەیی و دەسەڵاتێکی کوردییە کە هەڵگری شوناس و ناسنامەی کورد و کوردستانی بێت. دۆخی ئەم هەرێمە «کانتۆنییە» کە مۆرکی نەتەوەیی پێوە دیار نییە، شرۆڤەی زۆر هەڵدەگرێ. ڕوانگەی پەکەکە ئەوەیە کە خەبات بۆ مافی نەتەوایەتیی کورد، تا ئێستا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی تایفی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، هەر بەم هۆیەشە کە ئەم ناوچەیە ئارامی و سەقامگیری بە خۆیەوە نەدیوە و لەو بارەوە کورد تاوانبار دەکات، بەڵام لەم دواییانەدا باسی دەوڵەت - نەتەوەی تورک و عەرەبی وروژاندووە و جەخت دەکاتەوە کە ڕۆژئاوای کوردستان تەنیا بە باکووری سووریە ناو ببرێت، ئەوە بە کورتی بیر و هزری پەیەدە لە ڕۆژئاوایە.

لایەنێکی دیکەی سیاسیی کورد لە خۆرئاوا، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردە، کە لە لایەن پەکەکەوە بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ جۆرە چالاکییەکدا، ڕۆڵ و دەرفەتی پێ نەدراوە و ڕۆژانە گوشاری پەیەدەیان لەسەرە و بە داردەستی لایەنێکی دیکە ناویان دەبات. ئەو بەرەیە داوای بەدیهاتنی مافی کورد لە چوارچێوەی سووریەیەکی دێمۆکراتیکی فیدراڵ دەکات. ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە چەندین حیزب پێکهاتووە. لەو ماوەیەدا کەوتووەتە بەر هێرشی پەیەدە و تا ئێستا دەیان کەس لە ئەندامان و کادری ڕێبەرییەکەی گیراون و لە زینداندان. بە گوێرەی زانیارییەکان چەند کەسێکیشیان بێ سەروشوێنن. ئەم گرووپە تەنانەت لە لایەن پەیەدەوە ئیزنیان پێ نادرێ کۆنگرەی خۆشیان لەو وڵاتەدا بگرن.

بێجگە لە کادر، ئەندام و لایەنگرانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد کە لە زیندانەکاندان، گەنجەکان بە زۆرەملێ دەکرێن بە چەکداری یەپەگە و هەسەدە. لە لایەکی دیکەوە پەیەدە بە سووتاندنی ئاڵای کوردستان و هێرش بۆ سەر ڕێورەسمی بە خاک سپاردنی پێشمەرگە، ناکۆکییەکانیانی زیاتر کردووە. تا ئێستا هیچ ئۆمێدێک بۆ سازان و هاوکاری لەنێوان ئەم لایەنانەدا نییە، بۆیە ڕوون نییە کە لەو شەڕ و ئاڵۆزییەی ئێستای سووریەدا، ڕۆژئاوای کوردستان چی لێ دێت و چارەنووسی بەرەو کوێ دەچێت؟

## ژێدەر :


- یاسای بنچینەیی ئێران، سەرەتا، شێوەی حکوومەت لە ئێراندا.
- یاسای بنچینەیی ئێران، سەرەتا، ئەرتەشی مەکتەبی
- کۆماری ئیسلامی ئەو ناوە بۆ هێزە شەڕکەرەکانی سووریە بەکار دێنێ
- هەواڵنێریی ‹تسنیم› ٢ی سەرماوەز بەرانبەر بە ٢٢ی نوامبری ٢٠١٦
- بابەتێک لە نووسینی ماتیو فیلیپین و ژولیان لی
- سەرچاوە دۆیچەوله\\ ٢٠١٦/١١/٣٠
- یاسای بنچینەی کۆماری ئیسلامی/ شێوەی حکوومەت لە ئیسلامدا لاپەڕەی ١٦
- العربیە نێت ١٣ی سپتامبری ٢٠١٤
- گزارش ویژه (نسیم آنلاین) از کارنامه ضعیف حسن روحانی
- سەرچاوەی سەرەوە
- مەبەست لە دژبەر ئەو ڕێکخراو و تاقمانەن کە لایەنگری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بوون، بەڵام لە ئێستادا بەشێکی زۆریان گۆڕاون بە نەیاری ڕێژیم و بە دەگمەن تێیاندا هەڵدەکەوێ کە باس لە ڕووخانی ڕێژیم دەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

www.kurdistanMedia.com

**PDKI** Media © 10 March **2018**